# پوختەی

# خواستی هەندێك لە فەرموودەكانی پێغەمبەری خوا

(صلى الله عليه وسلم)

## لە بیروباوەڕ و شوێن كەوتندا

((مذكرة الحديث النبوي في العقيدة والإتباع))


نووسینی

زانای پایەبەرز شێخ ( ربيع بن هادي عمير المدخلي )

وەرگێڕانی

يحيى ستار شێخانی

پێداچوونەوەی

م. جمعه علي خورشيد

پێش نوێژ و وتار خوێنی ( مزگەوتی ئاشتی ) لە كەركوك



چاپی یەكەم

١٤٣٣ كۆچی

**لە بەرهەمی ماڵپەڕی ئاشتی/ کرکوك**

www.ashtyk.com

ناوی کتێب : پوختەی خواستی هەندێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە بیروباوەڕ و شوێن کەوتندا

ناوی نوسەر : شێخ (ربيع بن هادي عمير المدخلي)

وەرگێڕ : یحیی ستار شێخانی

شوێنی چاپ : سلێمانی ، چاپخانەی زانا.

نۆرەی چاپ : یەکەم

تیراژ : ١٠٠٠ دانە



مافی چاپکردن و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە



**بنکەی بڵاوکردنەوە**

**کتێبخانە سیما / چەمچەماڵ** (٠٧٧٠١٢٣٦٠٨٩)


---------------------------


**دیزاینی و کاری هونەری**

ماڵپەڕی بەهەشت

**www.ba8.org**

**گەر دەتەوێت نوسینەکەت بکەیت بە کتێب و چاپی بکەیت و بە شێوەیەکی جوان دیزاین بکرێت پەیوەندی بکە بە (ماڵپەڕی بەهەشت)ە وە**

**٠٧٧٠١٥١٧٣٧٨**

# پێشەكی وەرگێڕ

الحمدلله و الصلاة و السلام على النبي و على آله و صحبه و من تبعهم إلى يوم الدين:

خوشك و برای موسوڵمان، بێگومان پێش هەموو شتێك موسڵمان پێویستی بەوە هەیە، كە بیروباوەڕێكی پاك و بێگەردی هەبێت، تاوەكو كردەوەكانی لای خوای گەورە قەبووڵ بێت، چونكە ئەگەر هەر موسوڵمانێك بیروباوەڕێكی ڕاست و تەواوی نەبێت، ئەوە بەڕاستی ئەو كەسە سەرفراز نابێت نە لە دونیا و نە لە قیامەتیشدا، چونكە خوای گەورە لە چەندەها شوێنی جیاجیادا باسی لەوە كردووە كە دەبێت موسڵمان بیروباوەڕێكی وای هەبێت دووربێت لە هاوبەش دانان بۆ خوای گەورە، پیغەمبەری (ﷺ) لە چەندەها فەرموودەدا باسی لەوە كردوە كە موسوڵمان بیروباوەڕی ڕاست بێت و دوربێت لە هاوبەش دانان بۆ خوای گەورە، وەك لە فەرموودەیەكی صەحیحدا هاتووە، كە دەفەرموێت: ((مَنْ لَقِيَ اللهَ لا يُشرِكُ بِهِ شَيئاً دَخَلَ الْجَنَّةَ ، وَمَنْ لَقِيَهُ يُشْرِكُ بِهِ شَيئا دَخَلَ النَّارَ)).

**واتە**: هەر كەسێك بگاتە خزمەتی خوای گەورەو بە هیچ شێوەیەك هاوبەشی بۆ ئەنجام نەدابێت ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە، هەركەسێكیش بگاتە خزمەتی خوای گەورەو هاوبەشی بۆ ئەنجام بدات بە هەر شێوازێك بێت، ئەوە دەچێتە دۆزەخەوە.

بەڵکو هەموو پێغەمبەران سەرەتای دەست پێ کردنی بانگەوازیان بۆ یەکخواپەرستی خوای گەورە بووە، چونکە هاوبەش دانان بۆ خوای گەورە تائێستاش بلاوە لە ناوخەڵکیدا وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِٱللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾ ﴾ (يوسف: ١٠٦).

**واتە:** زۆربەی خەڵکی هەر چەندە بڕوایان هەیە، کە خوای گەورە دروست کەرو ڕزق و ڕۆزی دەرە، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا هاوبەش بڕیار دەدەن بۆ خوای گەورە، لە هەمان کاتدا خەڵکێکی زۆریش هەیە کە ڕێگا ڕاستەکە نازانن لە کوێوەیە، چونکە ئەمەش هاوپشتە لەگەڵ یەکخواپەرستیدا، ئەم نامیلکەیەش، کە زانای پایە بەرز شێخ (ربيع بن هادي المدخلي) نووسیوێتی خوای گەورە پاداشتی بە خێری بداتەوەو تەمەن درێژی بکات بۆ دژایەتی بیدعە و سەرکەوتنی سوننەت، کە چەند فەرموودەیەکی صەحیحی هێناوەتەوە و ڕاڤەیەکی کورت و پوختەشی بۆ کردووە، کە باس لە بیروباوەڕ و بانگەوازی موسوڵمانان دەکات، بۆیە بە پێویستم زانی کە وەری بگێڕمە سەر زمانی کوردی، تاوەکو موسوڵمانان بە گشتی سوودمەند بن لێی بە تایبەتتیش ئەوانەی کە زمانی عەرەبی قورس و گرانە بەلایانەوە، لە کاتی وەرگێڕانم بۆ ئەم کتێبە چەند جێگایەك پێویستی بەوە هەبوو، کە دەستکاری بکەم، چونکە بە ڕاستی ئەو کتێبانەی، کە بتەوێت لە زمانی عەرەبیەوە بیگۆڕیت بۆ زمانی کوردی پێویستە دەستکاری بکەیت، ئەگەر وەرگێرانێکی دەقا و دەق بکرێت واتایەکی تەواو نادات بە دەستەوە و ڕستە و وشەکان تێك دەچێت و ئاڵۆز دەبێت، وە هەڵبژاردنی

ئەم ناوەی كە لێم ناوە (**پوختەی خواستی هەندێك لە فەرموودەكانی پێغەمبەری خوا**(ﷺ)) لە فەرهەنگی دەریا هەڵمبژاردووە [١].

لە خوای گەورە داواكارم كە لێمی قەبووڵ بكات و ببێتە مایەی ئەوەی، كە موسوڵمانان دووربن لە هاوبەش دانان بۆ خوای گەورە، هەروەها ئەو ڕێگا ڕاستەش بگرنە بەر كە سەلەفی صالح لە سەری بوونە(ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێبێت)

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين .

**یحیى ستار شێخانی**

**١٢ /جمادى دووەم/١٤٣٢ك**

**١٥/ ٥ / ٢٠١١ ز ، یەك شەممە/كەركوك**

---

(١) بەرگی (دووەم/ ل:١٢٢٦)

## پێشەکی مامۆستا جمعە علي خورشيد

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا ، من يهده الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له ، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمداً عبده ورسوله.

لەپاشان :

پەروەردگار ئینسانی دروست کردووە هەر ئاوەها بەرەڵایانی نەکردوون بۆ ئەوەی کە بە ئارەزووی خۆیان هەڵس و کەوت بکەن، ئازاد بن لە بیرو باوەڕدا، بەڵکو پێغەمبەرانی ڕەوانە کردووە بۆ ئەوەی ڕێنمایی خەڵکی بکەن و ڕزگاریان بکەن لە تاریکایەکانەوە ڕزگاریان بکەن بۆ ڕوناکی، کۆتا پێغەمبەران (درودی خوایان لە سەر) بە هەمان شێوە ئاگاداریکار و مزگێنی دەر و ڕێپیشاندەر لە تاریکایەکانی شیرکەوە بۆ ڕوناکی یەکخواپەرستی، لە تاریکایەکانی کوفرەوە بۆ ڕوناکی ئیمان، لە تاریکایەکانی نیفاق و ڕیابازییەوە بۆ ڕوناکی ئیخلاص و نیاز پاکی، لە تاریکایەکانی بیدعەوە بۆ ڕوناکی سوننەت، لە تاریکایەکانی تاوان و سەرپێچی بۆ ڕوناکی تاعەت و گوێڕایەڵی، لە تاریکایەکانی بەدڕەوشتییەوە بۆ ڕوناکی ڕەوشتە جوانەکان، پەیامی خۆی گەیاند و بە هیچ شێوەیەك درێغی نەکرد.

### خوێنەری بەڕێز:

ئەم کتێبە کە لە بەردەستدایە چەپکێك لە گوڵ، چەپکێك لە فەرموودەکانی پێشەوای مرۆڤایەتییە کە خوای گەورە لە حەقیدا

ئەفـــــــــەرموێت: ﴿لَقَدْ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِالْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢٨﴾﴾[التوبة: ١٢٨].

ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) چەند دڵسۆز و خەمخۆری ئەوە بووە كە هەموو نەوەكانی ئادەم ڕێگای سەرفرازی و ڕزگاربوون بگرنەبەر، ڕێگی بەهەشت.

**بـەڕێزان:** هەڵبـژاردنی (بیسـت و یـەك) فـەرموودە كـە بـاس لـە گـرنگترین مەسەلەكان ئەكەن لـە پاشـان ڕاڤـەكردنیان لـە لایـەن زانایـەكی پایەبـەرز و تێكۆشـەر كـە ژیـانی خـۆی ترخـان كـردووە بـۆ بـەرگری كـردن لـە ڕێبـازی پێغەمبەر (ﷺ) و ڕێبازی پێشینی چاكان لە سەحابە و شوێن كەوتوانیان، لە خوای بە توانا داواكارم بیپارێزێ لە هەموو تەنگك و چـەڵەمەیەك لـە دونیـا و دوا ڕۆژدا.

هەروەها وەرگێڕانی ئەم پەرتووكە بە نرخە بۆ زمانی كوردی لـە لایـەن مامۆستا: (یحیی شێخانی) یـەوە –خـوای گـەورە جـەزای خێـری بداتـەوە– بەشدارییەكە لە خزمەتكردنی سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ).

لە خوای گەورە داواكارم سوود وەربگیرێت لەم وەرگێـڕاوە چـۆن سـوود وەرگـیراوە لـە ئەصـلەكەی، نییـەتمان پـاك بكاتـەوە، پاداشـتی نووسـەر و وەرگێڕ و خوێنەر بداتەوە، لە گوناه و كەم و كوڕی هەموو لایەك خۆش بێت.

إنه سميع مجيب، وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

جمعه علي خورشيد

١٧ی ڕەبیعی یەكەم ١٤٣٣ك

# پێشەکی نووسەر

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا ، من يهده الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له ، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمداً عبده ورسوله صلى الله عليه وآله وصحبه وسلم.

## لە پاشان :

ئەم فەرموودە پیرۆزانە چەند بابەتێکی گرنگن لەفەرموودەکانی ((مَنْ أُوتي جَوامِعَ الكَلِم))دا هەڵمبژاردووە ئەویش کە قسە ناکات لەخۆیەوە ئەگەر (وەحی) نەبێت، فەرموودەی وای تێدایە، کە باس لە تاك و تەنهایی خوای گەورە ئەکات و بە تەنها زانینی لە پەرستندا و دڵسۆزی و نییەت پاکی لەپەرستنیدا و فەرموودەی واش هەیە، کە هەڕەشەیە لە هاوبەش دانان و بیدعە و تاوانە گەورەکان ئەکات و هەشیانە باس لە خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەکەی و ئیمانداران ئەکات ، هەروەها هەشیانە باس لە دەستگرتن بە قوئان و سونەت و دواکەوتنی ئەو خەلیفە ڕابەرانە و پێشەوایانی ڕێنماییکراوان ئەکات ، هەڵمبژارد بۆ قوتابییانی خولی فێرکردنی زمانی عەرەبی وئایینی بۆ ئاستی بەرز و زانکۆیی ، کە زانکۆی ئاینی (الجَامِعةُ الإسلامِية) هەڵدەستێت پێی ، کە هەستانە بە بنیادنانی مەبەستی ئایینی گەورە ، لەوانە هەوڵدان بۆ چاکسازی و بارودۆخی موسوڵمانان لە ڕووی ئایینی و ڕەوشت بەرزی و کۆمەڵایەتییەوە و هەوڵدان و گەڕانەوە بۆ دەستگرتن بە قورئان وسوننەتەوە، و ئەوەی لە توانایاندا بوو کۆیان

کـــردەوە بـــۆ بـــە دەســـتهێنانی ئـــەو مەبەســـت و پلـــەو پایـــە بەرزانـــە.

و لەو بەرنامە چاکسازیانە: کردنـەوەی چـەندەها خـولی فێرکـردن لـە وڵاتـە ئیسلامیەکان بۆ مامۆستای زمانی عـەرەبیو زانسـتی ئـایینی لـە قوتابخانـە ئاییینەکانــدا، و ئــەم فــەرموودە پیرۆزانــەم شــیکردەوە کــە هیــوام وایــە شــیکردنەوەیەکی گونجــاو بێــت و لـــەجێی خۆیــدا بێــت و مەبەســت و ئامانجـەکان ڕوون بکاتـەوە، هـەروەها وشـەکانم ڕاڤـەکرد بـە کـورتی ڕوونم کـردەوە و باســە گرنگـەکانم هەڵبـژارد ، پاشـان پرسـیارم لەسـەری دانـا و فێرکردنێکــی پــەروەردەیی کــە قوتابیــان ڕابهێــنن بــۆ بــە دەســتهێنانی بابەتەکان، هەروەها بەدەستهێنانی بەهرەی نوسینی داڕشتن و گەشەدان بە توانـایی قوتـابی و دروسـتکردنی ووت و وێـژ بـە زمـانی عـەرەبی پـاراو، لـە هـەمان کاتیشـدا جێگیرکردنـی بـیرو بـاوەڕی ڕاسـت و خۆشەویسـتی خـوا و پێغەمبەر (ﷺ) و شوێنکەوتنی قورئان و فەرموودە وە داوام وایە لـە خـوای گەورە کە خەڵکانێکی زۆر لێی سوودمەندبن لـە نـەوەی ئـەم موسـڵمانان ، هەروەها داواکاریشم لێی کـە ئـەم هـەوڵ و کۆششـە کەمـەم لێ وەربگرێـت و تەنها بۆخوای گەورەبێت . إنه سميع الدعاء.

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

**الفقير إلى مغفرة الله ورضوانه**

**ربيع بن هادي عمير المدخلي**

١٦/٤/١٤٠٦هـ.

## كورته باسێك له ژياننامەی

## زانای پایەبەرز شێخ (ربيع بن هادي المدخلي)

**ناوی:** شـێخ (ربيع بن هادي بن محمد عمير المدخلي) يـه، لـه هـۆزی (مداخلة) يه كه بـه ناوبانگـه لـه ناوچـەی (جـازان)ی باشـوری عەرەبسـتانی سعوديه، ئەويش يەكێكه له هۆزی (بني شبيل) له گوندی (الجرادية) له دايـك بووه، ئەويش گوندێكی بچووكه، كه دەكەوێته خۆرهـەڵاتی شـاری (صامطة) به نزيكەی (٣كم)، له كۆتای ساڵی (١٣٥١ك) له پاش له دايك بـونی بـه سـاڵ و نيوێـك بـاوكی وەفـات ئـەكات، پاشـان لای دايكـی ئەمێنێتـەوه و بەخێوی ئەكات، خوای گەوره ڕەحم بەدايكی بكات كـه هەسـتا بـه باشـترين پـەروەردەی، و فێـری ڕەوشـتێكی جـوان و ڕاسـتگۆی و ئەمانـەتی كـرد، هەروەها فێری نوێژی كرد.

## سەرەتای دەست پێكردنی خوێندەواری

كاتێك كه (**شێخ**) گەيشته تەمەنی هەشت ساڵی خـۆی گەيانـده بازنـەی فێربوون (حلق التعليم) لەو دێيه فێری نووسين و خوێندنەوه بوو.

لـەو شـێخانەی كـه فێـری نوسـين بـوو لـه ژێـر دەسـتی شـێخ: (شيبان العريشي) هـەروەها (القاضي احمد بن محمد جابر المدخلي)، هـەروەها لـه ژێـر دەسـتی شـێخی سـێيەم (محمد بن حسين مكي) لـه شـاری (صبياء)، هـەروەها قورئـانی خوێنـد لـه سـەر دەسـتی شـێخ: (محمد بن محمد جابر

المدخلي)، هەروەها (توحيد و تجويد) يشی خوێند لای، پاشان لە قوتابخانەی (السلفي) وانەی خوێند لەشاری (صامطة)

لەوانەی كە وانەی لايان خوێند (الشيخ العالم الفقية : ناصرخلوفة طياش مباركي)(رەحمەتی خوای لێ بێت) زانای بە ناوبانگ و گەورەی قوتابی شێخ: (القرعاوي) بووە (رەحمەتی خوای لێ بێت) هەروەها وانەی (بلوغ المرام) و (نزهة النضر) ی (ابن حجر) ی لای خوێند، پاشان خۆی گەياند بە پەيمانگای زانستی (المعهد العلمي) لە (صامطة)، و وانەی لای چەند شێخێك خوێند لەوانە شێخ: (حافظ بن احمد الحكمي) زانای بەناوبانگ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، هەروەها وانەی خوێند لای براكەی شيخ: (محمد بن احمد الحكمي)، هەروەها وانەی خوێند لە ژێر دەستی شيخ: (العلامة المحدث أحمد بن يحيى النجمي) (خوای گەورە بيپارێزێت)، هەروەها وانەی عەقيدەی خوێند لای الشيخ العلامة الدكتور:( محمد أمان بن علي الجامي) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، هەروەها وانەی (فقهي – زاد المستنقع) ی خوێند لای الشيخ الفقية: ( محمد صغير خميسي)، هەروەها لای چەند شێخێكی تر وانەی (زمانیعربي و أدب و بلاعة و عروض) ی خوێند، وە لە كۆتايی ساڵی (١٣٨٠ك) پەيمانگای زانستی (المعهد العلمي) لە شاری (صامطة) تەواو كرد و لە ساڵی (١٣٨١ك) خۆی گەياند بە كۆلێژی شەريعە لە (رياض) و چەند مانگێك بەردەوام بوو، پاشان زانكۆی ئيسلامی كرايەوە لە (مدينة) و خۆی گەياند پێی و چوار ساڵ خوێندی و پاشان لە ساڵی (١٣٨٤) تەواوی كرد بە ڕێژەی ناياب (بتقدير ممتاز) .

# ئەو کەسانەی کە وانەی لایان خوێند لە زانکۆی ئیسلامی

١- موفتی عەرەبستانی سعودیە زانای پایە بەرز (عبدالعزيز بن عبدالله بن باز) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) وانەی (العقيدة الطحاوية) ی لای خوێند.

٢- زانای پایە بەرز و فەرموودە ناس شێخ: (محمد ناصر الدين الألباني) ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ لە فەرموودە و سەنەد.

٣- زانای پایە بەرز شێخ (عبد المحسن العباد) وانەی فیقهی بۆ ماوەی (سێ) ساڵ لای خوێند.

٤- زانای پایە بەرز (الشيخ العلامة الحافظ المفسر المحدث الأصولي النحوي اللغوي الفقيه البارع محمد الأمين الشنقيطي) خاوەنی کتێبی ( أضواء البيان ) هەروەها وانەی تەفسیر و (أصول الفقه)ی بۆ ماوەی چوار ساڵ لای خوێند.

٥- شێخ (صالح العراقي) وانەی عەقیدەی لای خوێند.

٦- زانای پایە بەرز و فەرموودە ناس شێخ (عبد الغفار حسن الهندي) لە ( علم الحديث والمصطلح)، هەروەها چەندین زانای پایە بەرزی تریش.

پاش دەرچوونی بە مامۆستایی لە پەیمانگای زانکۆی ئیسلامی دەستی کرد بە کار کردن بۆ ماوەیەك، پاشان خۆی گەیاند بە (دراسات العليا )، و بڕوانامەی ماستەر (الماجستير)ی بە دەست هێنا لە (حديث) لە زانکۆی (الملك عبدالعزيز) ساڵی (١٣٩٧ك) بە نامە بەناوبانگەکەی لە نێوان (مسلم و بخاري و داره قطني) دا ، هەروەها لە ساڵی (١٤٠٠ك) بڕوانامەی (دکتۆرای) بە دەست هێنا لە زانکۆی (الملك عبدالعزيز) بە پلەی نایاب بە

تەحقیقی كتێبی (النكت على كتاب ابن الصلاح " للحافظ ابن حجر)، پاشان گەڕایەوە بۆ زانكۆ و بە مامۆستایی لە كۆلێژی (الحدیث الشریف) وانەی وتۆتەوە و وانەی فەرموودەی ئەوتەوە بە هەموو جۆرەكانی و چەند جارێكیش بۆتە سەرۆكی بەشی سوننە لە (الدراسات العلیا)، و ئەو ئێستا پلەی (استاذ كرسي) هەیە خوای گەورە لەش ساغی پێ ببەخشێت.

## خو ڕەوشتی

شێخ خوای گەورە بیپارێزێت ناسراوە بەوەی كە زۆر سادەیە (متواضع)ە لەگەڵ برا و قوتابی و میوانەكانی، هەروەها لەماڵەوەش و لە جل و بەرگ و ئۆتۆمبێلەكەی، و كەس لە قسەكانی بێزارو نابێت هەر چەندە قسەبكات، هەروەها قوتابی فێرخوازی خۆش دەوێت و ڕێزیان لێ دەگرێت، وە چاكەیان لە گەڵدا دەكات و كەم و كورتیەكانیان بۆ پڕ دەكاتەوە بە گوێرەی توانای، وە بە بەردەوامی ماڵی كراوەیە بۆ قوتابیانی فێرخواز، هەتا ئەوەی ڕۆژێك نیە بە تەنها نانی بەیانی یان نانی نیوەڕۆ یان نانی ئێوارە بخوات دەبێت یەكێك لە قوتابیەكانی لە گەڵیدا بێت .

هەروەها یەكێكە لە بانگخوازان كە زۆر پابەندە و سوورە لە بایەخدا بە قورئان و سوننەت و عەقیدەی سەلەف و كەم كەسیش هەیە لەم سەدەیەدا وەكو ئەو پابەند بێت بە بەرنامەی عەقیدەی سەلەفەوە، و ئەو یەكێكە لەوانەی كە بەرگری دەكات لە بەرنامەی سەلەفی صالح بە شەو و بە ڕۆژ و بە ئاشكرا و بە نهێنی بە بێ كە ئەوەی لە لۆمەی لۆمەكاران بترسێت.

# هەندێك لە كتێبەكانى شێخ

دانراوەكانى زۆرە بە تايبەتى دەربارەى وەڵامدانەوەى بيدعە و شوێنكەوتوانى لەم زەمانەدا كەوا خراپەكاران زۆر بوونەوە و چاكە كاران كەم بوونە، ئەمەش دانراوەكانێتى:

١- بين الإمامين مسلم والدار قطني " مجلد كبير وهو رسالة الماجستير.
٢- النكت على كتاب ابن الصلاح " مطبوع في جزئين وهو رسالة الدكتوراه
٣- تحقيق كتاب المدخل إلى الصحيح " للحاكم طبع الجزء الأول منه.
٤- تحقيق كتاب التوسل والوسيلة " للإمام ابن تيمية - مجلد.
٥- منهج الأنبياء في الدعوة إلى الله فيه الحكمة والعقل.
٦- منهج أهل السنة في نقد الرجال و الكتب و الطوائف.
٧- تقسيم الحديث إلى صحيح وحسن وضعيف بين واقع المحدثين ومغالطات المتعصبين " رد على عبد الفتاح أبو غُدة ومحمد عوامه.
٨- كشف موقف الغزالي من السنة وأهلها.
٩- صد عدوان الملحدين وحكم الاستعانة بغير المسلمين.
١٠- مكانة أهل الحديث.
١١- منهج الإمام مسلم في ترتيب صحيحه.
١٢- أهل الحديث هم الطائفة المنصورة الناجية (حوار مع سلمان العودة)
١٣- مذكرة في الحديث النبوي.
١٤- أضواء إسلامية على عقيدة سيد قطب وفكره.
١٥- مطاعن سيد قطب في أصحاب رسول الله صلى الله عليه وسلم.
١٦- العواصم مما في كتب سيد قطب من القواصم.

١٧- الحد الفاصل بين الحق والباطل " حوار مع بكر أبو زيد.

١٨- مجازفات الحداد.

١٩- المحجة البيضاء في حماية السنة الغراء.

٢٠- جماعة واحدة لا جماعات و صراط واحد لا عشرات " حوار مع عبد الرحمن عبد الخالق.

٢١- النصر العزيز على الرد الوجيز.

٢٢- التعصب الذميم وآثاره . عني به سالم العجمي.

٢٣- بيان فساد المعيار ، حوار مع حزبي متستر.

٢٤- التنكيل بما في توضيح المليباري من الأباطيل.

٢٥- دحض أباطيل موسى الدويش.

٢٦- إزهاق أباطيل عبداللطيف باشميل.

٢٧- انقضاض الشهب السلفية على أوكار عدنان الخلفية.

٢٨- النصيحة هي المسؤولية المشتركة في العمل الدعوي . ( طبع ضمن مجلة التوعية الإسلامية).

٢٩- الكتاب والسنة أثرهما ومكانتهما والضرورة إليهما في إقامة التعليم في مدارسنا . ( ضمن مجلة الجامعة الإسلامية العدد السادس عشر).

٣٠- حكم الإسلام في من سبَّ رسول الله أو طعن في شمول رسالته . (مقال نشر في جريدة القبس الكويتية ) العدد ( ٨٥٧٦ ) بتاريخ ( ٩/٥/ ١٩٩٧.

داوا لە خوای گەورە دەکەین کەوا بەردەوام بێت لە سەر بەدیهێنانی کاری چاکە، و خوای گەورە سەرکەوتوی بکات بۆ کاری چاکە و ئەوەی کە پێی خۆشە. إنه ولي ذلك والقادر عليه.

## فەرموودەی یەکەم

## بەرنامە و ڕێبازی بانگەوازی کردن بۆ لای خوای گەورە
## (منهج الدعوة إلى الله)

**عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَمَّا بَعَثَ مُعَاذًا إِلَى الْيَمَن قَالَ له :**

**« إِنَّكَ تأتي قَوما من أَهْل الكِتَابِ فَلْيَكُنْ أَوَّلَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ شهادة أن لا إله إلا الله . وفي رواية إلى أن يوحدوا الله . فإن هم أطاعوك لذلك فأعلمهم أَنَّ اللَّهَ افتَرَضَ عَلَيْهِمْ خَمْسَ صَلَوَاتٍ فِي كل يَوْمٍ وَلَيْلَة فإن هم أطاعوك لذلك فأعلمهم أَنَّ اللَّهَ افتَرَضَ عَلَيْهِمْ صدقة تُؤْخَذُ مِنْ أَغْنِيَائِهِمْ فَتُرَدُّ عَلَى فُقَرَائِهِمْ فإن هم أَطَاعُوك لذلك فإياك وكرائم أَمْوَالِهِمْ، واتق دعوة المظلوم فإنه ليس بينها وبين الله حجاب».**

( أخرج الحديث البخاري[٢] ومسلم[٣] والنسائي[٤] وابن ماجه[٥] والدارمي[٦] وأحمد[٧] ).

---

(٢) كتاب الزكاة : حديث رقم (١٣٩٥) ، (١٤٥٨).

(٣) كتاب الإيمان : حديث رقم (٣١).

(٤) كتاب الزكاة : (٥/٣).

(٥) كتاب الزكاة : حديث رقم (١٧٨٣) ، (١/٥٦٨).

(٦) كتاب الزكاة : حديث رقم (١٦٦٢) ، (١/٣١٨).

(٧) (١/٢٢٣).

**واته:** عەبدوڵلای كوڕی عـەباس (ڕەزای خـوا لـە خـۆی و بـاوكی بێـت) دەیگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خـواوە (ﷺ) ئـەو كاتـەی كـە (**معاذ**)ی نـارد بـۆ (یەمەن) فەرمووی: تۆ دەچیت بۆ لای خـەڵكانێك كـە خـاوەن كتـێبن، واتـە: ئـەو كەسـانە دەگرێتـەوە، كـە كتێبـی ئاسمانیـان بـۆ هـاتووە وەك(گـاور و جولەكە)، یەكەم شتیش كە بانگیان دەكەیت بۆی شایەتی دانـە بـەوەی كـە هـیچ خوایـەك نییـە كـە بـە حـەق بیپەرسـتی تـەنها (الله) نـەبێت.... وە لـە ڕیوایەتێكی تردا هاتووە: هەتا وەكو خوای گـەورە بـە تـاك دادەنـێن ئەگـەر گوێ ڕایەڵیتیان كرد، فێریـان بكـە كـە خـوای گـەورە (پێـنج) نوێـژی فـەرز كردووە لە سەریان لە هەموو شەوو ڕۆژێكدا، ئەگەر گوێڕایەڵیتیان كرد فێری ئەوەیان بكە كە خوای گەورە زەكاتی فەرز كردووە لە سـەریان لـە دەسـتی دەوڵەمەندەكان دەسەنرێت و دەدرێت بە هەژارەكان ، ئەگەر گوێڕایـەڵیتیان كرد وریا بە ماڵە باشەكانیان لێ وەرنەگریت ، واتـە: ئـەو ماڵـەی بـۆ زەكـاتی دەر دەكەن هەڵی مەبژێرە خۆتیش بپـارێزە لـە دۆعـا و پاڕانـەوەی سـتەم لێكراو، چونكە لە نێوان ئەوو خوای گەورەدا پەردە نییە.

## گێڕەرەوەی فەرموودەكە:

نـاوی عەبـدوڵلای كـوڕی عەباسـی كـوڕی (**عبـد المطلـب**)ی **هاشمییـە**، ئامۆزای پێغەمبەری خوایە (ﷺ) دەریـا بـووە لـە بـڵاو بوونـەوەی زانسـتیدا، واتـە: زانایـەكی زۆر گـەورەی صـەحابە بـوو، یەكێكـە لـەو هاوەڵانـەی كـە فـەرموودەیان زۆر لـە پێغەمبـەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتـەوە و یەكێكیشـە لـە شـارەزایانی (العَبادِلة) مەبەسـتیش لـە (العَبادِلة) ئـەم چـوار هاوەڵەیـە:

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و عەبدوڵڵای کوڕی عەباس و عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود و عەبدوڵڵای کوڕی (عەمر) (ڕەزای خوایان لێبێت)، ساڵی ٦٨ك وەفاتی کردووە.

**وشەکان:**

**بعث:** ناردی

**أهل الكتاب:** واتە:گاورو جوولەکە(اليهود و النصارى) .

**شهادة أن لا إله إلا الله:** دان پێدان بەوەی کە **هیچ** پەرستراوێك نییە کە بە حەق بپەرستی تەنها (الله) نەبێت پەرستنیش بێجگە لە خوا ناڕەوایە و هاوتا پەیدا کردنە بۆ خوای گەورە.

**يوحدوا:** بە تاك دانانی خوای گەورە لە پەرستندا، واتە: بەتەنها **هەر** ئەو بپەرسترێت.

**إفترض:** فەرزی کردووە

**صدقة:** واتە: زەکات

**أطاعوك:** گوێڕایەڵیتیان کرد، بە قسەیان کردیت.

**كرائم:** باشترین ماڵ و سەروەت و بەنرخترینیان

**بابەتی فەرموودەکە:** ڕوونکردنەوەی بەرنامە و ڕێبازی بانگەوازی کردن بۆ لای خوای گەورە.

## واتای فەرموودەكە بە كورتی:

ئەم فەرموودەیە چەند هەنگاوێك ڕوون دەكاتەوە، كە پێویستە بانگخواز بیگرێتە بەر بۆ لای خوای گەورە، یەكەم شت كە دەست پێ دەكات بریتییە لە بانگەواز كردنی خەڵك بۆ یەكخواپەرستی و بە تاك دانانی خوای گەورە لە پەرستندا، هەروەها دوور كەوتنەوە لە هاوبەش پەیداكردنی گەورە و بچووك (الشرك الاصغر والاكبر) ئەویش بە:شایەتی دان بەوەی كە هیچ خوایەك نییە بە حەق بپەرستی تەنها خوای گەورە نەبێت و محمدیش (ﷺ) نێردراوی خوایە.

هەروەها مەبەست لەم شایەتییە:پەرستنەكان بە هەموو شێوەكانیەوە شایستەن و تەنها بۆ خوای گەورەیە كەس بۆی نییە جگە لە خوا شایستەی ئەو پەرستنە بێت، نە فریشتەیەكی نزیك و نە پێغەمبەرێكی نێردراو، وە نە پیاوێكی چاك و نە بەردێك و نە دارێك و نە خۆر و نە مانگیش.

كەواتە پاڕانەوە و دووعا تەنها لە خوای گەورە دەكرێت و نابێت داوای فریاكەوتن بكەیت تەنها لەو نەبێت، وە داوای یارمەتی كردنت تەنها لە خودا بێت و پشت بەستنت تەنها بە خوا بێت، وە ترس و بە هیوا بوونی ڕەحمەتی خوا تەنها بۆ خودا بێت.

هەركەسێكیش یەكێك لەم پەرستنانەی پێشوو یان بێجگە لەوانە بۆ غەیری خوای گەورە ئەنجام بدات ئەوە هاوبەشی بۆ خوای گەورە ئەنجام

داوه خــواى گــەوره دەفــەرموێت: ﴿ إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ ﴾ (المائدة: ٧٢).

**واتــه:** هـەر کەسێك هاوبـەش بـۆ خـواى گـەوره ئـەنجام بـدات ئـەوه بەهەشتى لێ حەرامە و جێگـەى دۆزەخـە و سـتەم کـاران سـەرخەریان نییـه واته: (هاوبەش بڕیاردەران) ڕزگاریان نابێت.

وه مەبەست لە وشەى (لا إله إلا الله) تەنها ئەوە نییە بە زمان بیلێییـت، بــەڵکو پێویســتە واتاکــەى بزانیــت و کردەوەشــى پــێ بکــەیت، هــەروەها پێویستە مەرجەکانى تەواو بکەیت.

**مەرجەکانى قبووڵ بوونى( لاإله إلاالله ) حەوتن:**

**یەکەم:** العلم المنافي للجهل: زانیارییەك، کە نەزانى نەهێڵێت.

**دووەم:** اليقين المنافي للشك: دڵنیاییەك، کە گومان نەهێڵێت.

**سێیەم:** القبول المنافي للرد: وەرگرتنێك، کە ڕەتکردنەوە نەهێڵێت.

**چوارەم:** الإنقياد المنافي للترك: ملکەچ بوونێك، کە واز لێهێنان نەهێڵێت.

**پێنجەم:** الإخلاص المنافي للشرك: نییەت پاکییەك، کە هاوبەش بۆ خوادانـان نەهێڵێت.

**شەشەم:** الصدق المنافي للكذب: ڕاستگۆییەك، کە درۆ نەهێڵێت.

**حەوتەم:** المحبة المنافية لضدها: خۆشەویستییەك، کـە ڕق و حەزلێنـەکردن نەهێڵێت.

وە مەبەست لە شایەتی دان، كە (محمد) (ﷺ) نێردراوی خوایە: واتاكەی بزانیت و كردەوەشی پێ بكەیت، هەروەها تەنها مەبەست ئەوە نییە بە زمان بیڵێیت، بەڵكو ئەو ڕاگەیاندوینەی پێی هەواڵە بە ڕاستی بزانیت ئەوەی فەرمانی پێ كردوین بە گوێی بكەیت و ئەوەشی قەدەغە كردووە دوور كەویتەوە لێی، هەروەها عیبادەتی خوای گەورە بكەیت بەو شێوەیەی كە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی نەك بە هەواو و ئارەزووی خۆمان لێی زیاد و كەم كەین و بیدعە پەیدا كەین.

بۆیە پێویستە لە سەر هەموو موسڵمانێك واتای (دوو) شایەتێكە بزانێت بە تەواوی و كاریشی پێ بكات، ئەویش بە ڕاست زانینێتی و باوەڕهێنانەی پێی و كردە و پێكردنیشە لە گەڵیدا، كە بەو شێوەیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێناوێتی لە قورئان و سوننەتدا، هەروەها ئەوەی پێوەستە بە بیرو باوەڕ و پەرستن و یاسادانان لە هەموو بوارەكانی ژیاندا.

## ئەو سوودانەی لەم فەرموودەیەدا وەردەگیرێت:

١- بە تاك دانانی خوای گەورە پەرستنی بە تەنها بنچینەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە.

٢- گرنگترین پایە لە پاش بە تاك دانانی خوای گەورە نوێژ كردنە.

٣- فەرزترین شتی پایەكانی ئیسلام لە پاش نوێژ: زەكاتە ئەویش حەقی ماڵە.

٤- پێشەوا (الإمام) خۆی هەڵدەسێت بە وەرگرتنی زەكات و دانانی بە خەڵكی.

٥- ئەم فەرمودە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە زەکات لە یەك جۆر دەر دەکرێت.

٦- بەڵگەیە لە سەر ئەوەی، کە نابێت بدرێت بە دەوڵەمەند.

٧- بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە نابێت ماڵە باشە کانیان هەڵبژێردرێت.

٨- بەڵگەیە بۆ وریا بوونەوە لە هەموو جۆرەکانی ستەم.

٩- بەڵگەیە بۆ وەرگرتنی یەك هەواڵی دادپەروەر (خبر الواحد العدل) لە بیرو باوەڕدا و کارکردن پێی.

١٠-هەروەها بانگخواز لە شتی زۆر گرنگترەوە بۆ گرنگتر دەست پێ دەکات.

## فەرموودەی دووەم

## فەزڵی بیرو باوەڕی بەتاك دانانی خوای گەورە
## فضل عقيدة التوحيد

**عن عُبادَةَ بن الصامت رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم قَالَ:**
**« مَنْ شَهِدَ أَنْ لا إِلهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، وَأَنَّ عِيسَى عَبْدُ اللهِ وَرَسُولُهُ وَكَلِمَتُهُ أَلْقاها إِلى مَرْيَمَ وَرُوحٌ مِنْهُ، وَالْجَنَّةُ حَقٌّ، وَالنَّارُ حَقٌّ، أَدْخَلَهُ اللهُ الْجَنَّةَ عَلى مَا كَانَ مِنَ الْعَمَلِ»**
(رواه البخاري[٨] ومسلم[٩] وأحمد[١٠] ).

**واتە:** عوبادەی کوڕی صامت (ڕەزای خوای لێ بێت) دەیگێڕێتەوە لە پیغەمبەری خواوە (ﷺ) فەرموویەتی: هەرکەسێك شایەتی بدات بەوەی، کە هیچ پەرستراوێك نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لەخودا و تەنهایە و هاوبەشی نییە، موحەممەدیش (ﷺ) بەندەی خوایە و نێردراوی ئەوە و عیساش (عليه السلام) بەندەی خوایە و نێردراوی ئەوە، وە ئەو وشەیەی کە بە (مەریەم)ی وت و ڕوحی خستە بەری، هەروەها بەهەشت حەقە و ئاگری دۆزەخیش حەقە، خوای گەورە دەیخاتە بەهەشتەوە بە گوێرەی ئەو کردەوەیەی کە کردوویەتی.

---

(٨) كتاب الأنبياء : حديث رقم (٣٤٣٥).
(٩) كتاب الإيمان : حديث رقم (٤٦) ، (٤٧).
(١٠) (٣١٤/٥).

## گێڕەرەوەی فەرموودەکە:

(عوبادەی کوڕی صامتی ئەنصاری) یەکێك بوو لەوانەی کە بەشداری بەیعەی یەکەم و دووەمی کردبوو (پەیماندان) لە گەڵ پێغەمبەری خوادا(ﷺ)، هەروەها بەشداری جەمنگەکانی تریشی کردووە و مامۆستای فێرکاری قورئان بوو لە شاری مەدینە پاشان لە (شام)، لە ساڵی (٣٢ك) لە(بيت المقدس) وەفاتی کردووە (ڕەزای خوای گەورەی لێ بێت).

## شیکردنەوەی وشەکان:

**شهادة أن لا إله إلا الله:** بە زمانی بیلێت و دڵیشی باوەڕی پێ بهێنێت و کردەوەشی پێ بکات بە ئەندامەکانی.

**وحده:** واتە: تاك و تەنهایە.

**عيسى:** کوڕی (مەریەم) ی پاك و بێگەردە (سەلامی خوایان لە سەر بێت).

**كلمته:** واتە: دروستبوونی بە وشەیە کە پێی وترا.

**كُن:** واتە ببە، بۆیە عیسا (عليه السلام)بە توانا و حیکمەتی خوای کەورە دروست بوو، بۆیە ناوی لێنرا (كلمة) واتە: وشە بە فەرموودەکەی خوای گەورە (كُنْ) .

**روح منه:** واتە عیسا (عليه السلام) ڕوحێکە لەو ڕوحانەی کە خوای گەورە دروستیانی کردووە.

**الجنة حق والنار حق:** واتە هەر دووکیان جێگیرن و بە بێ ئەوەی گومانت هەبێت لە بوونیان .

## واتای فەرموودەكە بە كورتی :

ئەم فەرموودەیە (پێنج) شت لە خۆ دەگرێت جا هەر كەسێك باوەڕی پێ پهێنێت و كردەوەی پێ بكات بە ئاشكرا و بە نهێنی دڵدا ئەوە دەچێتە بە هەشتەوە.

**یەكەمیان:** وتەی پیغەمبەر (ﷺ) (من شهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له).

**واتە:** باوەڕ هێنان بە خوای گەورە بە ڕاستگۆیی و دڵنیایەوە و دان پێدان بە تەنهایی خوای گەورە ، وە پەرستن بۆ غەیری خوا نەبێت ، هەروەها كردەوەی پێ بكات بە شایەتی دان بەوەی كە هیچ پەرستراوێك نییە شایەنی پەرستن بێت بێجگە لە خودا لە دواكەوتنی فەرمانەكانی و دووركەوتنەوە لە قەدەغەكراوەكانی بە وتەو كردەوە.

**دووەمیان :** (شهادة أن محمداً رسول الله)

**واتە:** باوەڕی بەتین و بێگومانت هەبێت، كە محمد (ﷺ) نێردراوی خوایە بۆ مرۆڤ و جنۆكە بە نامەیەكی تەواو گشت گیر و كۆتا پێغەمبەرە و نامەكەشی كۆتا نامەیە، باوەڕداربیت كە پێغەمبەر (ﷺ) بەندەیەكە لە بەندەكانی خوای گەورە بۆ جیهان، هەواڵكانی بە ڕاست بزانیت فەرمانەكانی بەرجەستە و جێبە جێ بكەیت و دوور كەویتەوە لە قەدەغەكراوەكانی.

**سێیەمیان:** باوەڕت هەبێت بەوەی، كە **عیسا** (عليه السلام) بەندەیەكە لە بەندەكانی خودا و نێردراوێكە لە نێرداروەكانی و (كوڕی زینا) نییە وەكو

جووله‌كه‌كان ده‌ڵێن، هه‌روه‌ها خودا نییه و كوڕی خوداش نییه و نه خوای سێهه‌مینه له سێ دانه خواكه، واته: دابه‌شكراوه له نێوان (خوا و عیسا و مه‌ریه‌مدا) وه‌كو گاوره‌كان گومانیان وایه، به‌ڵكو ئه‌و به‌نده‌یه‌كه له به‌نده‌كانی خودا، وه خودای گه‌وره ناردوویه‌تی بۆ (بَني إسرائيل) و بانگه‌وازیان ده‌كات بۆ په‌رستنی خودای گه‌وره‌ی تاك و ته‌نها.

خوای گه‌وره ڕوحی خسته به‌ر (**عیسی**) (عليه السلام) به‌و وشه‌ی (كُنْ) واته: ببه ، ئه‌مه‌ش به‌ڵگه‌یه له سه‌ر دروست بوونی ، وه ڕوحێكه وه‌كو ڕوحه‌كانی تر، كه خوای گه‌وره دروستیانی كردووه ﴿ إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَۖ خَلَقَهُۥ مِن تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٥٩﴾ ﴾ (آل عمران: ٥٩)

**واته:** نموونه‌ی درووستبونی عیسا لای خوای گه‌وره وه‌كو نموونه‌ی ئاده‌م وایه، كه خوای گه‌وره له گڵ دروستی كرد پاشان پێی فه‌رموو ببه ئه‌ویش بوو.

**چواره‌میان:** (أن الجنة حق) واته: بیرو باوه‌ڕی وابێت، كه ئه‌و به‌هه‌شته‌ی خوای گه‌وره ئاماده‌ی كردووه بۆ ئه‌و به‌ندانه‌ی، كه گوێڕایه‌ڵیان كردووه ئێستا جێگیر و ئاماده‌یه و حه‌قیقه‌تێكه و گومانی تێدا نییه و جێنشینی كۆتاییه ، ئیمانداران به هه‌تا هه‌تایی تێیدا ده‌مێننه‌وه و بۆ ئه‌وانه‌ی دواكه‌وتووی پێغه‌مبه‌رانن (سه‌لامی خوایان له سه‌ربێت).

**پێنجه‌میان:** (أن النار حق) واته: بیرو باوه‌ڕی وابێت ئه‌و ئاگره‌ی، كه خوای گه‌وره په‌یمانی داوه بۆ بێ باوه‌ڕان و دووڕوه كان حه‌ق وڕه‌وایه

وجێگیرە وگومانیشی تێدا نییە خوای گەورە ئامادەی كردووە بۆ ئەوانەی، كە لە فەرمانی دەرچوونە و سەر پێچیان كردووە.

ئەم پێنج شتەی، كە باس كرا هەر كەسێك بە ڕاستی بزانێت و باوەڕی پێ بهێنێت و كردەوەی پێ بكات، ئەوە خوای گەورە دەیخاتە بەهەشتەوە هەرچەندە كەم تەرخەمی هەبێت لە كردەوەكانی و تاوانیشی هەبێت ، ئەویش بە هۆی ئەوەوە، كە خوای گەورەی بە تاك و تەنها داناوە و نییەت و كردەوەكانی تەنها بۆ خوای گەورە بووە.

## ئەو سوودانەی لەم فەرموودەیەدا وەردەگیرێت:

١- فەزڵی بە تاك دانانی خوای گەورە، هەروەها خوای گەورەش لە تاوانەكانیشی خۆش دەبێت.

٢- فراوانی فەزڵی خوای گەورە و بەزەیی بە بەندەكانی.

٣- مافی پێغەمبەرانی تێدایە بە تایبەتی مافی پێغەمبەر (محمد) (ﷺ) لە سەر بەندەكان بێ زیادڕەوی و كورت ڕەوی.

٤- تاوانباری یەكتا پەرست بە هەتا هەتایی لە دۆزەخدا نامێننەوە.

٥- فەرز بوونی ئیمان و باوەڕ هێنان بە بەهەشت و دۆزەخ .

## فەرموودەی سێیەم

# حەقی خوای گەورە لە سەر بەندەکانی

## حق الله على العباد

عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ – رضي الله عنه – قال كُنْتُ رَدِيفَ النَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) على حمار ، فقال لي :

« أتَدْرِي ما حَقّ اللَّهِ عَلَى العِبَاد ، وَمَا حَقُّ العِبَادِ عَلَى اللَّهِ قُلْتُ : اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ . قَالَ : « حَقَّ اللَّهِ عَلَى العِبَادِ أَنْ يَعْبُدُوهُ ، وَلاَ يُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا ، وَحَقَّ العِبَادِ عَلَى اللَّهِ أَنْ لاَ يُعَذِّبَ مَنْ لاَ يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا قُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ أَفَلاَ أُبَشِّرُ بِهِ النَّاسَ؟ قَالَ : لاَ تُبَشِّرْهُمْ ، فَيَتَّكِلُوا».

(أخرجه البخاري(١١) ومسلم(١٢) والترمذي(١٣) وابن ماجه(١٤) وأحمد(١٥)).

**واتە:** موعازی کوڕی جەبەل (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمووی: لە دوای پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بووم لە سەر گوێ درێژێك، پێی فەرمووم: ((ئایا دەزانیت مافی خوای گەورە بە سەر بەندەکانەوە چییە و مافی بەندەکانیش بە سەر خوای گەورە چییە؟ منیش لە وەڵامدا وتم: خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) باشتر دەزانن، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: مافی خوای گەورە بە سەر بەندەکانیەوە: ئەوەیە کە بیپەرستن و هاوبەشی بۆ

---

(١١) كتاب اللباس : حديث رقم (٥٩٦٧).

(١٢) كتاب الإيمان : حديث رقم (٤٨–٥١) ، (٥٣).

(١٣) كتاب الإيمان : حديث رقم (٢٦٤٣) ، (٥/٢٦).

(١٤) كتاب الزهد : حديث رقم (٤٢٦٩) ، (١٢/١٤٣٥).

(١٥) (٣/٢٦٠–٢٦١).

ئەنجام نەدەن بە هیچ شێوەیەك، هەروەها مافی بەندەكانیش لە سەر خوای گەورە ئەوەیە كە سزای ئەو كەسانە نەدات، كە هاوبەشی بۆ بڕیار نادەن، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا موژدە بدەم بە خەڵكی؟ پێغەمبەری خواش(ﷺ) فەرمووی: موژدەیان مەدەرێ، چونكە سست دەبنەوە و عیبادەت ئەنجام نادەن بە باشی.

**گێڕەرەوەی فەرموودەكە:**

موعازی كوڕی جەبەلی كوڕی (عەمر)ی كوڕی ئەوس (الانصاري الخزرجي) یە باوكی (عبدالرحمن)ـە، بە ناوبانگك و ناودار بووە لە ناو هاوەڵاندا، بەشداری جەنگی (بەدر) و دوای (بەدر)یشی كردووە، یەكێك بووە لەوانەی، كەزۆر شارەزا بووە لە زانست و ئەحكامی قورئان، ساڵی هەژدە لە وڵاتی شام نزیك (عمواس) بە نەخۆشی (تاعون) كۆچی دوای كردووە.

**شیكردنەوەی وشەكان:**

**ردیف:** بریتییە لە سواربوونی پشتی وڵاخ لە پشت كەسێكەوە.

**حق الله على العباد:** مافی خوای گەورە لە بەندایەتی و ملكەچی و گوێڕایەڵیدا.

**حق العباد على الله:** مافی ڕێزلێنان و خۆشگوزەری بەندەیە ب سەر خوای گەورەوە، خۆی ئەمەی پێویست كردووە لە سەر خۆی بۆ ڕێزگرتن و چاكە كاری لە گەڵ بەندە یەكتا پەرست و دڵسۆزەكانی، چونكە هیچ بەندەیەك مافی نیە بە سەر خواوە پێویست بێت وەكو موعتەزیلەكان دەڵێن.

**أفلا أبشرالناس:** ئایا مژدەیان بدەمێ.

**یتكلوا:** پشت دەدەنەوە و سارد دەبنەوە .

## واتای فەرموودەکە بە کورتی:

پێغەمبەری خوا لەم فەرموودەیەدا ڕوونی ئەکاتەوە کەمەبەستی خوای گەورە لەدروست کردنی بەندەکانی ئەوەیە :بەتاك دانانی خوای گەورە لە پەرستن و بە دڵسۆزی و ئیخلاصی بۆ خوای گەورە، چونکە ئەم حەقە گەورەیە تەنها بۆ خوای دروست کاری گەورەیە کە فەزڵ و نیعمەتی هەیە بە سەرمانەوە.

وەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕوونی کردووە کە چ پاداشت و مافێك هەیە بۆ بەندە یەکتاپەرست و ملکەچەکانی، کە ڕزگار کردنیانە ئەکات لە سزای ئاگری دۆزەخ شاد کردنیانبە بەهەشتە.

ئەمەش دڵخۆشکەرە بۆ باوەڕداران، بۆیە (معاذ) : وتی ـ ڕوخسەت و مۆڵەت لە پێغەمبەر (ﷺ) وەردەگرێت (افلا ابشرالناس) ئایا دڵیان خۆش کەم و موژدەیان بدەمێ؟ بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگەی بە (معاذ) نەدا بۆ ئەو شتە لە بەر بەرژەوەندی و خۆشەویستی بۆ ئوممەتەکەی تاوەکو زیاتر کاری چاکە بکەن و بۆ ئەوەی لە خوای گەورە نزیك ببنەوە و پێشبڕکێ بکەن بۆی تاوەکو بەم هەوڵ وتێکۆشان وپێشبرکێیە پلەی بەرز بەدەست بهێنن لای خوای گەورە، بە پێچەوانەوە، گەر سستی و تەمبەڵ بنوێنن لە کارەکەیاندا بە پشت بەستن بە ڕواڵەتی ئەم پەیمانەی، کە پێیاندرا ئەو کاتە خێر و چاکەیەکی زۆر و پاداشتێکی زۆریان لە کیس دەچێت.

## ئەو سوودانەی لەم فەرموودەیەدا وەردەگیرێت:

١ – حیكمەت و دانایی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە فێركردندا ئەویش ئەوە بوو كە فێركردنەكەی بە پرسیار دەست پێكرد تاكو لە دەرووندا زیاتر جێی بێتەوە و بچەسپێت و كاریگەری زیاتر بێت لە دەروونی فێركاردا.

٢– بێ فیزی و خۆ بەكەم زانین و ڕەوشت جوانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش ئەوەیە، كە سواری گوێ درێژ دەبێت و هاوڕێتی هاوەڵەكەی دەكات.

٣– گەورەترین فەرمانی خوای گەورە لە سەر بەندەكانی: ئەویش بە تاك دانانی خوای گەورە وبەتەنها زانینێتی لەپەرستندا.

٤– فەزڵی خوای گەورە بە سەر بەندەكانی بەجوانترین پاداشت لەبەر بەجێهێنانی ئەو فەرمانە.

٥–تێیدایە كە سوننەتە خۆش مژدەیی بۆ موسڵمانان.

٦– ترس لە پشت بەستن لەسەر فراوانی بەخشندەیی خوای گەورە، چونكە ئەم پشت بەستنە زۆر زەرەرمەندە بۆ نەزانەكان .

## فەرموودەی چوارەم

## حەرام بوونی بە پیرۆز دانانی دار و هاوشێوەکانی
## تحريم التبرك بالأشجار ونحوها

عَنْ أَبِي وَاقِدٍ اللَّيْثِيّ رضي الله عنه ، قَالَ: خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وآلِهِ وَسَلَّمَ إِلَى حُنَيْنٍ -وَنَحْنُ حُدَثَاءُ عَهْدٍ بِكُفْرٍ-، ولِلْمُشْرِكِينَ سِدْرَةٌ يَعْكُفُونَ عِنْدَهَا، ويَنُوطُونَ بِهَا أَسْلِحَتَهُمْ يُقَالُ لَهَا: ذَاتُ أَنْوَاطٍ، قَالَ: فَمَرَرْنَا بِالسِّدْرَةِ، فَقُلْنَا: يَا رَسُولَ اللهِ، اجْعَلْ لَنَا ذَاتَ أَنْوَاطٍ كَمَا لَهُمْ ذَاتُ أَنْوَاطٍ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وآله وَسَلَّمَ:

« اللهُ أَكْبَرُ، إِنَّهَا السُّنَنُ، قُلْتُمْ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ كَمَا قَالَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ: ﴿اجْعَلْ لَنَا إِلَهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ﴾[الأعراف: ١٣٨]، لَتَرْكَبُنَّ سَنَنَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ»

( أخرجه أحمد[١٦] والترمذي[١٧] وصححه ، وعبد الرزاق[١٨] وابن جرير[١٩] وابن المنذر[٢٠] وابن أبي حاتم[٥] والطبراني[٢١] بنحوه ).

---

(١٦) (٥/٢٢٨).

(١٧) كتاب الفتن : حديث رقم (٢١٨٠) ، (٤/٤٧٥).

(١٨) (١١/٣٦٩) حديث رقم (٢٠٧٦٣).

(١٩) (٩/٤٥-٤٦).

(٢٠) انظر الدر المنثور (٣/٥٣٣).

(٢١) (٣/٢٧٥) حديث رقم (٣٢٩٠-٣٢٩٤).

**واتە:** (أبي واقد الليثي) (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرموویەتی :( لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دەرچووین بۆ غەزای (حونەین) ئێمە تازە موسڵمان ببووین و هاوبەش بڕیاردەرەكان دارێكیان هەبوو تیرو شمشێرەكانیان هەڵدەواسی بە قەدیا پێی دەوترا ((ذات أنواط)) ئێمەش بە تەنیشت دارەكەدا تێپەڕین، وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆش دارێكی وامان بۆ دابنێ وەك چۆن ئەوان (دارێكی وایان) هەیە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : الله أكبر، ئەمە ڕێبازە، شتێكتان وت سوێند بەوەی كە نەفسی منی بەدەستە وەكو چۆن (بنو ئیسرائیل) بە (موسا) یان وت: بتێكمان بۆ دابنێ وەكو چۆن ئەوان بتیان لە شێوەی مانگا دروست كردبوو دەیان پەرست ، دوای فەرمووی بە ڕاستی ئێوە نەفام و نەزانن و شوێن ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆتان دەكەون.

## گێڕەرەوەی فەرموودەكە :

باوكی (واقیدی لیثي)، چونكە لە خزمایەتیدا دەگەڕێتەوە بۆ (لیث)ی كوڕی (عبد مناف)، وتراوە: ناوی (حارث)ی كوڕی (مالك)ە. وە وتراوە: كوڕی (عوف)ە. وە لە (بخاري) و (مسلم)دا دوو فەرموودەی هەیە، هەروەها وتراوە: بەشداری جەنگی (بدر)ی كردووە، وە وتراوە لە موسڵمانی (فتح)ی مەككەیە، ساڵی (٦٨)ك كۆچی دوایی كردووە دوای ئەوەی كە تەمەنی (٨٥) ساڵ بووە(ڕەزای خوای لێ بێت).

## شیکردنەوەی وشەکان:

**حُنين** :جێگایەکە لە نزیك مەککە.

**حُدثاء عهد بكفر:** واتە: کاتەکەیان نزیك بوو لە بێ باوەڕی، واتە تازە ببوونە موسڵمان.

**سدرة:** جۆرێکە لە دار .

**يعكفون عندها:** مانەوە: لەسەر شتێك لەو جێگایە .

**ينوطون:** شمشێر و کەوانەکانیان پیاهەڵدەواسی بۆ پیرۆزی و بەرەکەت.

**السنن:** ڕێگا و ڕێباز .

## واتای فەرموودەکە بەکورتی :

لە سوپای پێغەمبەری خوادا (ﷺ) لە غەزای (حنين )دا چەند کەسانێکی تازە موسڵمانێکی تێدابوو بە تەواوی بیرو باوەڕی ئیسلام دانەمەزرا بوو لە ناخیاندا نەزان بوون بە بیرو باوەڕەکەی، چونکە نەفامی لە ناخیاندا هێشتا نەسڕابووەوە و نزیك بوون لە نەفامی و هاوەڵدانانەوە، ئەوانیش بە لای خەڵکانێکی بێ باوەڕدا تێپەڕین کە لە دەور و پشتی دارێك بوون بە پیرۆز و گەورەیان ئەزانی هەر ئەوەندەیان زانی بەو کارەی کەبێ باوەڕان ئەنجامی ئەدەن داوایان لە پێغەمبەری خوا کرد(ﷺ) کە دارێکیان بۆ ئامادە بکات تاوەکو شمشێر و تیرەکانیان بە قەدیا هەڵواسن لە پیرۆزیدا نەك بۆ عیبادەت و خوا پەرستی، وا گومانیان برد، کە ئایینی ئیسلام ڕازییە بەم جۆرە کارە و بەم شێوازەش سەر دەکەون بە سەر دوژمنەکانیاندا.

پێغەمبــەری خــواش(ﷺ) ســەری ســوڕما لــەم داوا كاریــە ســەیر و سـەمەرەیە بۆیـە وشـەیەكی گـەورەی فـەرموو پێویسـتە ببێتـە دەرس و ئامۆژگاری بۆ ئوممەتەكەی تاكو ڕۆژی قیامەت.

چـەند جوانـە كـە موسـڵمانان تێبگـەن لـەم دەرس و ئامۆژگارییـە، بەتایبـەتی زانایـان بانگـەواز بكـەن بۆئـەم وشـە بـەهێزە، بەسـەر خـەڵكانی گشتیدا ئەوانەی، كە (تەبەڕوك) دەكەن بـە زینـدو و مـردو و دار و بـەردەوە واتیٚ دەگەن، كە ئەمە لە ئایینی ئیسلامە، بۆ ئەوانەی جوان دەكەن، كە لـە خوای گەورە ناترسن و نایانەوێت بە هیوای ڕەحمەتی خوای گـەورە و ڕۆژی دوایـی بـن لەپەرسـتراوی مـاڵ، وە سـۆزی خـەڵكانی نـەزان و خـۆش بـڕوا ڕائەكێشـن تـاوەكو دایانمـەزرێنن لەسـەر نـاڕەوایی، وە پاڵیـان ئەنـەن بـۆ دژایەتی حەق و بەتاك دانانی خوای گەورە.

## ئەو سوودانەی لەم فەرموودەیەدا وەردەگیرێت :

١- قەدەغە كردنی خۆشوبهاندن بە كەسانی نەزان و جاهیل.

٢- پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) داواكاریەكــەی ئــەوانی شــوبهاند بــە داواكاریەكەی (بني إسرائيل) .

٣-ئەو كردارەی كە (بني اسرئيل)ی زەم پیٚ ئـەكرێت بـە هـەمان شێوە زەم ئەم ئوممەتەیشی لە سەر ئەكرێت ئەگەر ئەنجامی بدەن.

٤- لەم فەرموودەیەدا باس لە وریاكردنەوە ئەكات كە لەسـەر بنچینەی داخستنی ئەو ڕێگایانەی كە بەلای خراپەدا ڕائەكێشێت .

٥- وه نیشانەیەك لە نیشانەكانی پێغەمبەری تێدایە ، چونكە ڕوویداوە وەكو پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەواڵی پێداوە.

٦- ترس بوون لە هاوبەشدانانی خوای گەورە ، وە مرۆڤ كاری وا ئەنجام ئەدات كە خۆی بەباش ئەزانێت وا گومان ئەبات كە لە خوای گەورە نزیكی ئەكاتەوە بەڵام نازانێت كە زۆر خراپ دوور ئەخرێتەوە لە ڕەحمەتی خوا، وە نزیكی ئەكاتەوە لەسزای خوای گەورە.

## فەرموودەی پێنجەم وشەشەم

# ترسناكی پاڕانەوە لە غەیری خوای گەورە

## خطورة دعاء غير الله تعالى

عن ابن مسعود – رضي الله عنه – أن رسول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قال : « مَنْ مَاتَ وَهْوَ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللَّهِ نِدًّا دَخَلَ النَّارَ ». (رواه البخاري[٢٢]).

وعن جابر – رضي الله عنه – : « مَنْ لَقِيَ اللَّهَ لا يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا دَخَلَ الْجَنَّةَ ، وَمَنْ لَقِيَهُ يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا دَخَلَ النَّارَ». (رواه مسلم[٢٣]).

**واته:** (عەبدوڵڵای كوڕی مەسعود) دەیگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) فەرموویەتی: (هەر كەسێك بمرێت و بە هەر شێوازێك بپاڕێتەوە لە غەیری خوای گەورە، ئەوە دەچێتە دۆزەخەوە.

هەروەها جابر (ڕەزای خوای لێ بێت) دەیگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (هەركەسێك بگاتە لای خوای گەورە و بە هیچ شێوەیەك هاوبەشی بۆ ئەنجام نەدابێت ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە، وە هەركەسێكیش بگاتە لای خوای گەورە و هاوبەشی بۆ ئەنجام بدات ئەوە دەچێتە دۆزەخە.

(٢٢) كتاب التفسير : حديث رقم (٤٤٩٧).

(٢٣) كتاب الإيمان : حديث رقم (١٥١-١٥٢).

## هاوەڵانی فەرموودەگێڕ :

١-عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودی کوڕی غافیلی کوڕی (حەبیب) ی هوزەیلییە، باوکی (عبد الرحمن) لەیەکەمەکان و پێشووی هاوەڵان و گەورەی زانایان بووە لە صەحابە ، چاکەی زۆرە ، ئیمامی (عومەر) (ڕزای خوای لێ بێت)کردی بە ئەمیری شاری کوفە، لەساڵی (٣٢ك) لەشاری مەدینە کۆچی دوایی کردووە.

٢-جابری کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی (عەمر)ی کوڕی (حرام)ی ئەنصاری، پاشان (السُلمي)یە صەحابەی کوڕی صەحابەیە، لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (١٩) غەزای ئەنجام داوە، لە شاری مەدینە کۆچی دوایی کردووە پاش ئەوەی تەمەنی لە(٧٠) ساڵ تێپەڕی .

## شیکردنەوەی وشەکان :

**الدعاء:** داوا کردن و پاڕانەوە.

**الند:** هاوشێوە و هاووێنە.

**الشرك:** ئەوەیە، کە شتێك بشوبهێنیت بە خوای گەورەوە و داوای یارمەتی لێ بکەیت وەکو چۆن داوای یارمەتی لە خوای گەورە دەکات یان لێی ئەترسێت یان بە هیوای دەبێت یان خۆشی دەوێت وەکو چۆن خوای گەورەی خۆش دەوێت یان جۆرێك لە جۆرەکانی پەرستن سەرف کات بۆ غەیری خوای گەورە، ئەو کەسەی ئەو کارانەی پێشوو بکات هاوەڵی بۆ خوای گەورە داناوە و لە یەکتاپەرستی دەرچووە و پێوەی نەماوە .

**واتای فەرموودەكەی ( ابن مسعود ) بە كورتی :**

ئەم فەرموودەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە، كە پارانەوە پلەیەكی بڵندی هەیە و گەورەترین پەرستنە و گەورەترین حەقی خوای گەورەیە، هەركەسێكیش بۆ غەیری خوا ئەنجامی بدات ئەوە دەبێت بەهاوبەش دانەر، هەروەها هاوشێوە و هاوێنەی بۆ خوای گەورە ئەنجام داوە لە خوایەتید و لە حەقی پەرستندا .

ئەوەی باسمان كرد یاخی بوونە لە خوای گەورە و ڕكە بەرایەتییە و بەر پەرچدانەوە و بە درۆزانینی پێغەمبەرەكانی، چونكە ئەوان بانگەشە و نامەكانیان بە گشتی كۆكن لە سەر واجیب و پێویست بوونی تایبەت كردنی هەموو جۆرە بەندایەتیەك بۆ خوای گەورە لە پاڕانەوە چونكە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((الدعاء هو العبادة)) واتە: پاڕانەوە پەرستنە، خوای گەورەش دەفەرموێت:﴿ ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ تَضَرُّعٗا وَخُفۡيَةًۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ٥٥ ﴾ (الأعراف: ٥٥).

**واتە:** لە پەروەردگارتان بلاڵێنەوە بە سەركزیی و بە پەنامەكی بە ڕاستی خوای گەورە دەسدرێژكاران و لە سنوور دەرچوانی خۆش ناوێت.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ ﴾ (غافر: ٦٠) **واتە:** پەروەردگارتان فەرمووی: داوا لە من بكەن و لە من بپاڕێنەوە، منیش وەڵامتان دەدەمەوە، بە ڕاستی خودا لە سنوور دەرچووانی خۆش ناوێت

هەروەها خوای گەورە پاڕانەوەی قەدەغە کردووە لە غەیری خۆی و دەفەرمویت: ﴿ وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ ۖ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠٦﴾ ﴾ (يونس: ١٠٦)

**واتە:** مەپاڕێرەوە جگە لە خوای گەورە لەوانەی کە نە سوود و نە زیانیان بۆت هەیە، ئەگەر ئەنجامتدا و پاڕایتەوە ئەوە ئەبیت بە یەکێك لە هاوبەش پەیدا کەران ستەمکارانە.

هەروەها خوای گەورە دەفەرمویت: ﴿ فَلَا تَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَكُونَ مِنَ ٱلْمُعَذَّبِينَ ﴿٢١٣﴾ ﴾ (الشعراء: ٢١٣).

واتە: هیچ کەسێکی تر بانگ مەکە و لێی مەپاڕێرەوە لە گەڵ خودادا، دەنا لە ڕیزی سزاداران دەبیت.

وە پاڕانەوە لە غەیری خوای گەورە بە خودانانی ئەو کەسەیە....

هەروەها خوای گەورە لۆمەی ئەوانە دەکات، کە هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار دەدەن ﴿ ذَٰلِكُم بِأَنَّهُۥٓ إِذَا دُعِىَ ٱللَّهُ وَحْدَهُۥ كَفَرْتُمْ ۖ وَإِن يُشْرَكْ بِهِۦ تُؤْمِنُوا۟ ۚ فَٱلْحُكْمُ لِلَّهِ ٱلْعَلِىِّ ٱلْكَبِيرِ ﴿١٢﴾ هُوَ ٱلَّذِى يُرِيكُمْ ءَايَٰتِهِۦ وَيُنَزِّلُ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ رِزْقًا ۚ وَمَا يَتَذَكَّرُ إِلَّا مَن يُنِيبُ ﴿١٣﴾ فَٱدْعُوا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١٤﴾ ﴾ (غافر: ١٢ – ١٤).

**واتە:** كاتێك بانگ بكرایەن بۆ بڕوا هێنان و پەرستنی خوای تاك و تەنها ، كافر دەبوون و باوەڕتان نەدەهێنا، خۆ ئەگەر هاوبەشی بۆ بڕیار بدرایە ئەوە بڕواتان دەهێنا، جا بڕیار و دادوەری كردن تەنها بۆ خوای بالاَ دەستی گەورەیە. ئەو خوایەیە نیشانەكانی گەورەیی و تاك و تەنیایی خۆی نیشانتان ئەدات ، هەروەها لە ئاسمانەوە ڕزق و ڕۆزی و بارانتان بۆ دەبارێنێ، هەموو كەسێك پەند وەرناگرێ، تەنها ئەو كەسە نەبێت بگەڕێتەوە لە شیرك و گوێڕایەڵ بێت بۆ خودا.

جا ئێوەش تەنها هاوار لە خودا بكەن و بە پوختی بیپەرستن ، ئەگەر چی خوا نەناسان و بێ بڕوایان پێیان ناخۆش بێت.

هەروەها خوای گەورە بە گومڕا و ڕەنجەڕۆ ناوی ئەو كەسە دەبات لە سەر ئەو كەسەی كە لە غەیری خوای گەورە ئەپاڕێتەوە. ﴿ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ غَٰفِلُونَ ﴿٥﴾ وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُواْ لَهُمْ أَعْدَآءً وَكَانُواْ بِعِبَادَتِهِمْ كَٰفِرِينَ ﴿٦﴾ ﴾ (الأحقاف: ٥ — ٦).

**واتە:** كێ لەو كەسە گومڕاترە، كە لە غەیری خوای گەورە دەپاڕێتەوە لە كاتێكدا، كە تا ڕۆژی قیامەت بە دەنگیەوە نایە و وەلاَمی دۆعا و پاڕانەوەكانیشی ناداتەوە، چونكە ئەوانە لە پەرستن و هاوارەكەش بێ ئاگا و غافلن.

کاتێك كە خەڵكی کۆکرانەوە بۆ حیساب بتەکان دەبن بە دوژمنی بتپەرستەکان، جگە لەوەش حاشا لە بتپەرستەکەیان دەکەن.

وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ ٱلْمُلْكُ ۚ وَٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ ﴿١٣﴾ إِن تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا۟ دُعَآءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا۟ مَا ٱسْتَجَابُوا۟ لَكُمْ ۖ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ ۚ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ ﴿١٤﴾ ﴾(فاطر: ١٣ – ١٤).

**واتە:** ئەوە پەروەردگاری ئێوەیە دەسەڵات و پادشایش هەر بۆ ئەوە و هەر لەویش ئەو کارانە دەوەشێتەوە ئەو شتانەش بێجگە لە (خوا) ئێوە (ئەی کافرانی قورەیش!) ئەیانپەرستن ، تەنانەت بە ئەندازەی قڵیشی نێو دەنکە خورمایەکیش، یاخود بە ئەندازەی توێژێکی سپی ناسك، کە لە دەوری ناوکەکەدایە، شك نابەن و دەسەڵاتیان نییە، ئەگەر بانگیشیان لێ بکەن گوێبیستان نابن، وە ئەگەر ببیستن وەڵامتان نادەنەوە، وە ڕۆژی قیامەتیش نکۆڵی شیرك و پەرستنەکەتان ئەکەن بۆ خۆیان، وە هیچ کەسێکیش وەك خودا، کە ئاگاداری هەموو شتێکە ناتوانێت لەو کارانە ئاگادارت بکات.

لەم دەقی قورئان و فەرموودانە دەردەکەوێت گرنگی و شوێنەواری پاڕانەوە لە خوای گەورە و ترسناکی خراپی لە غەیری ئەو بۆ ئەو کەسانەی چاوکراوە و دڵ ڕوناکن بە پەیامە پاکە کە، نەك دڵ بۆگەن و سەرلێ شێواوەکان و گۆڕپەرستەکان.

وە هەر لە بەر گرنگی پاڕانەوەیە لە بیرو باوەڕی ئیسلامیدا خوای گەورە هەڕەشە لەو كەسانە دەكات، كە پاڕانەوەیان لە غەیری خودایە یان خۆبەزل زانن و لە خوا ناپاڕێنەوە بە شادبونیان بە دۆزەخ و سەر شۆڕبونیان تێیدا.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ٦٠﴾ (غافر: ٦٠).

**واتە:** بێگومان ئەوانەی خۆ بە گەورە دەزانن لە پەرستنمدا بە سەر شۆڕی و بە بچووكی دەچنە ناو دۆزەخەوە.

هەروەها پەیمانیشی داوە بە چوونە ناو ئاگری دۆزەخ بۆ هەر كەسێك جگە لە خوای گەورە بپاڕێتەوە وەكو لەم فەرموودەیەدا هاتووە: ((مَنْ مَاتَ وَهْوَ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللَّهِ نِدًّا دَخَلَ النَّارَ)). **واتە:** هەر كەسێك بمرێت و بەهەر شێوازێك بپاڕێتەوە لە غەیری خوای گەورە ئەوە دەچێتە دۆزەخەوە.

**ئەو سوودانەی لەم فەرموودەیەدا وەردەگیرێت :**

١- شوێن و پایەی پاڕانەوە كە ئەویش گەورەترین پەرستنە لای خوای گەورە.

٢- پاڕانەوە بێجگە لە خوای گەورە هاوبەش بڕیار دانە و ستەمێكی گەورەیە.

٣- هەر كەسێك لە غەیری خوای گەورە بپاڕێتەوە، ئەوە پاداشتی نییە تەنها دۆزەخ نەبێت، ئەگەر لە سەر ئەو شێوازە بمرێت و تەوبە نەكات.

## فەرموودەی حەوتەم و هەشتەم

**فەرمان كردن هەمووی بۆ خوای گەورەیە بە تاك و تەنها هیچ شتێك بەشداری ناكات لە گەڵی نە پێغەمبەرێك و نە فریشتەیەك و نە غەیری ئەوانیش**

**الأمر كله لله وحده لا يشاركه فيه نبي ولا ملك ولاغيرهما**

**عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه قال: شُجَّ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَوْمَ أُحُدٍ وَكَسَرُت رَبَاعِيَتَهُ ، فقال :**

**«كَيْفَ يُفْلِحُ قَوْمٌ شَجُّوا نَبِيَّهُمْ،فنزلت الآية﴿لَيْسَ لَكَ مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ﴾**

( رواه البخاري[٢٤] ومسلم[٢٥] والترمذي[٢٦] وابن ماجه[٢٧] وأحمد[٢٨] ).

**وعن ابن عمر – رضي الله عنهما أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يقول إِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ مِنَ الرُّكُوعِ فِي الرَّكْعَةِ الآخِرَةِ مِنَ الْفَجْرِ : " اللَّهُمَّ الْعَنْ فُلانًا وَفُلانًا ، بَعْدَ مَا يَقُولُ : سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ , رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى : ﴿لَيْسَ لَكَ مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ ﴾ الآية**

**وفي رواية يَدْعُو عَلَى صَفْوَانَ بْنِ أُمَيَّةَ وَسُهَيْلِ بْنِ عَمْرٍو وَالْحَارِثِ بْنِ هِشَامٍ. فنزلت الآية ﴿لَيْسَ لَكَ مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ ﴾** سورة آل عمران آية ١٢٨.

(رواه البخاري[٢٩] والنسائي[٣٠] وأحمد[٣١] والترمذي[٣٢]).

---

(٢٤) كتاب المغازي : باب (٢١).

(٢٥) كتاب الجهاد والسير : حديث رقم (١٠١-١٠٤).

(٢٦) كتاب التفسير : حديث رقم (٣٠٠٢-٣٠٠٣) ، (٥/٢٢٦-٢٢٧).

(٢٧) كتاب الفتن : حديث رقم (٤٠٢٧) ، (٢/١٣٣٦).

(٢٨) (٣/٩٩،١٧٩).

**واتە:** ئەنەس (ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرموێت: سەری پێغەمبەر (ﷺ) شكێندرا لە شەڕی (أُحد)دا، هەروەها ددانێكی پێشەوەیان شكاند، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: چۆن خەڵكێك سەركەوتوو ئەبن كە سەری پێغەمبەرەكەیان شكاند؟ پاشان ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿ لَيۡسَ لَكَ مِنَ ٱلۡأَمۡرِ شَيۡءٌ ﴾(آل عمران: ١٢٨). **واتە:** تۆ هیچ كارێكت بە كاری ئەوانەوە نییە.

هەروەها عەبدوڵلای كوڕی عومەر (ڕەزای خوای گەورە لە خۆی و باوكی بێت) دەیگێڕێتەوە، كە گوێی لە پێغەمبەری خوا بووە (ﷺ) كاتێك كە سەری بەرز بكردایەتەوە لە چەمانەوە(الركوع) بۆ ڕكاتی كۆتاییدا لە نوێژی بەیانی: دەیفەرموو: خوایە نەفرین كەیت لە فلان كەس و فلان كەس پاش ئەوەی كە ئەیفەرموو: (سمع الله لمن حمد ربنا ولك الحمد).

**واتە:** خوای گەورە گوێبیستی ئەو كەسە بوو كە حەمد و سوپاسی كرد ، خوایە سوپاس و ستایش بۆ تۆ. پاشان خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿ لَيۡسَ لَكَ مِنَ ٱلۡأَمۡرِ شَيۡءٌ ﴾ الآية

هەروەها لە ڕیوایەتێكی تردا هاتووە، كە دەفەرموێت: (( دۆعای لە صەفوانی كوڕی ئومەیە و سەهلی كوڕی عەمری (حارثي) كوڕی هیشام دەكرد، ئەم ئایەتە پیرۆزە دابەزی: ﴿ لَيۡسَ لَكَ مِنَ ٱلۡأَمۡرِ شَيۡءٌ ﴾)).

---

(٢٩) كتاب المغازي : (٤٠٦٩،٤٠٧٠).

(٣٠) كتاب التطبيق : (١٦٠/٢).

(٣١) (١٤٧،٩٣/٢).

(٣٢) كتاب التفسير : حديث رقم (٣٠٠٤).

## هاوەڵانی فەرمووده گێڕ:

١- (ئەنەس)ی کوڕی مالکی ئەنصاری (خەزرەجی)، هاوڕێ و خزمەت کاری پێغەمبەری (ﷺ) خوا، (دە) ساڵ خزمەتی پێغەمبەری خوای کردووە (ﷺ) و(١٢٨٦ ) فەرموودەی گێڕاوەتەوە لەشاری (بەسرە) کۆچی دوایی کردووە و پاش ئەوەی تەمەنی لە(سەد) ساڵ تێپەڕی .

٢- عەبدڵڵای کوڕی عومەری قوڕەیشی (عەدەوی) لەکۆنەوە لەگەڵ باوکیدا موسڵمان بووە لە مەککە هیجرەتی کرد کاتێك، کە تەمەنی تەنها (١٠) ساڵ بووە، ئامادەی جەنگی (خەندەق ) ودوای ئەوەش بووە، یەکێك بووە لە گەورە و بەڕێزانی صەحابە، یەکێك بووە لە وانەی کە دەستی گرتووە بە سونەتەوە و هەڵهاتووە لە بیدعە و ئامۆژگار بووە بۆ ئومەتەکەی ، ساڵی (٧٤) ی کۆچی دوایی کردووە .

## شیکردنەوەی وشەکان :

**الشج:** لە بنەڕەتدا بۆ شکاندنی سەر بەکاردێت، ئەوەیە، کە بەشتێك لێی دەیت وبرینداری کەیت پاشان بۆ ئەندامەکانی تر بەکار هات .

**الرباعية:** ئەو چوار ددانەیە، کە بە تەنیشتی دوو ددانەکەی پێشەوەن.

**الفلاح:** بە دەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە .

**اللعن:** دەرکردن و دوور خستنەوە لە ڕەحمەتی خوای گەورە و لە ناو خەڵکیشدا بە واتای: جوێن و پاڕانەوەش دێت.

## واتای فەرموودەكە بە كورتی :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە شەڕی (أحد)دا جەنگی ئەنجامدا بەرامبەر دوژمنانی خوای گەورە لە هاوبەش بڕیاردەران، ئەوە بوو لە سەرەتای جەنگەكەدا بێ باوەڕان تێكشكێندران، پاشان بەهۆی ئەوەی موسڵمانان بڕیاری پێغەمبەریان (ﷺ) شكاند بە هۆی حیكمەتێكەوە بوو، كە خوای گەورە ویستی لێ بوو، موسڵمانان ئەملا و ئەولایان لێگیرا ئەوە بوو هەندێك لە هاوەڵان كوژران و پێغەمبەری خواش (ﷺ) بریندار كرا، پاشان پێغەمبەری (ﷺ) خوا فەرمووی بە دوور خستنەوەی سەركەوتنی ئەو هاوبەش بڕیاردەرانەوە هاتنە ژوورەوەیان بۆ ناو ئایینی ئیسلام تاوەكو گەیشتە ئەو ڕادەیە، كە لە سەر ئەو بێ عەقڵی و بەرهەڵستی و یاخی بوونەیان، تاوەكو ئەم سنووره :

چۆن خەڵكێك سەركەوتوو دەبن كە پێغەمبەرەكەیان (ﷺ) بریندار كرد، پاشان دۆعای كرد لە كۆمەڵێك لە سەركردەكانیان، پاشان چ ڕوویدا ؟

خوای گەورە زانا و خاوەن تەصەروفە، كە دروستكردن و فەرمانكردن و كوكم لە دونیا و دوا ڕۆژدا بۆ ئەوە ئایەتی ناردە خوارەوە لە سەر ئەم ڕوداوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لَيْسَ لَكَ مِنَ ٱلْأَمْرِ شَيْءٌ أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ أَوْ يُعَذِّبَهُمْ فَإِنَّهُمْ ظَٰلِمُونَ ﴿١٢٨﴾ ﴾ (آل عمران: ١٢٨).

**واتە:** تۆ هیچ كارێكت بە كاری ئەوانەوە نییە، چونكە یا تۆبەیان لێ وەردەگرێت و موسڵمان دەبن، یاخود ئازار و سزایان دەدات، ئەگەر

بەردەوام بن لـە سـەر بـێ بـاوەڕیی، چـونکە بەڕاسـتی ئەوانـە سـتەمکارن و شایەنی سزان.

پاشان ویستی خوای گـەورە وا بـوو، کـە هیدایـەتیان بـدات، ئـەوە بـوو خوای گەورە هیدایەتیانی دا بۆ ئیسلام و ئـەوان لـە باشـترین و دڵسـۆزترین سەربازی بوون و خـوای گـەورە لـە ژێـر دەسـتی ئەوانـدا چـەند ئوممـەتێکی هیدایەت دا، ئایا لە کەسانێکی ژیر ئەشێتەوە کە بـاوەڕێکی وای هـەبێت لـە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و غەیری ئەویش، کە غەیب دەزانێت یان بە ئارەزووی خۆی دەستکاری ئەم گەردوونە دەکات؟

ئایا ئەو کەسە ژیر و دانایە، کە بگەڕێتەوە بۆ لای غەیری خوای گـەورە لە ناخۆشییەکاندا و چاوەڕوانی فریاکەوتن و لابردنی ماتەمینی و خەمـەکان بێت؟

بـە ڕاسـتی چـاوەکان کـوێر نـابن، بـەڵام دڵـەکان کـوێر دەبـن، کـە لـە نـاو سینگەکانن.

## ئەو سوودانەی لەم (دوو) فەرموودەیەوە وەردەگیرێت :

١- بەڵگەیـە لـە سـەر ئـەوەی، کـە پێغەمبـەران(ڕزای خوایـان لێبێـت) توشـی ناخۆشـی و بـەڵاو نەخۆشـی دەبـن، چـونکە ئـەوان مـرۆڤن و توشـی ناخۆشی دونیا دەبن و لاشەشیان وەك لاشەی مرۆڤەکانی تر وایە بۆ ئـەوەی دڵنیا بین، کە ئەوانیش بەندە و دروست کراوی خوای گەورەن.

هەروەها بۆ ئەوەی موسڵمانان توشی سەر لێ شێوان و فیتنـە نـەبن بـە هـۆی ئـەو موعجیزانـەی، کـە لـە سـەر دەسـتیان دەردەکـەوێت و شـەیتان

هەڵیان نەخەڵەتێنێت وەك چۆن گاورەكانی هەڵخەڵەتان و گومڕای كردن، ئەمەش و وتەی ئیمامی(قرطبي)یە(ڕەحمەتی خوای لێبێت).

٢- لەم فەرموودەیەدا جائیز و ڕێگە پێدراوە، كە (قنوت) بكرێت لە كاتی شەڕ و ناخۆشیدا (النوازل).

٣- هەروەها جائیزە دۆعا بكەی لە (هاوبەش بڕیاردەران) و ناوی ئەو بێ باوەڕەش دیاری كەیت لە ناو نوێژدا و كاریگەریش ناكات لە نوێژەكە.

٤- هەموو فەرمان و گشت موڵكێك بۆ خوای گەورەیە، بە دڵنیایەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دۆعای كرد لە هاوبەش بڕیاردەرەكان و گەورە و بەڕێزانی هاوەڵان لە دوای پێغەمبەری خواوە (ﷺ) (آمین) یان دەكرد، وە خوای گەورەش وەڵامیانی نەدایەوە، پاشان خوای گەورە هیدایەتیانی دا بۆ باوەڕهێنان بەم دینە.

## فەرموودەی نۆیـــەم

## ڕاست گۆیی بـاوەڕ
## صدق الإيمان

عن أنس – رضي الله عنه – أن رسول الله ﷺ قال :

« لا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَلَدِهِ وَوَالِدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ»

( أخرجه البخاري(٣٣) ومسلم(٣٤) ).

**واتە:** ئەنەس (ڕەزای خوای لێ بێت) دەیگێڕێتەوە، کە پێغەمبەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتی: کەستان بـاوەڕداری تـەواو نـیین هـەتا وەکـو مـن لـە لای خۆشەویست تر نەبم لە منداڵەکەی و باوکی و هەموو خەڵکیش.

### گێڕەرەوەی فەرموودەکە :

لە فەرموودەی حەوتەمدا باس لە ژیانی کرا.

### واتـای فەرموودەکە بە کورتـی :

ئەگەر خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) زیاتر بوو لەو کەسەی، کە هۆکـاری دروست بوون و پەروەردەکردنی ئەمە لـە دایـك و بـاوك و بـاپیر و نـەنك، وە زیـاتر بـوو لـە خۆشەویسـتی منـداڵ و جگـەر گۆشـەی خـۆی و خێـزان و عەشیرەت و غـەیری ئـەوانی تـریش، کـە پـەیوەنـدی کۆمەڵایـەتی و ڕامیـاری

(٣٣)کتاب الإيمان: حديث رقم (١٥).

(٣٤) کتاب الإيمان: حديث رقم (٤٤).

(سیاسی) و بازرگانی دەیانبەستێتەوە، یان هەر پەیوەندی و بەرژەوەندیەك بێت، ئەگەر حاڵی بەم جۆرە بێت، ئەوكاتە دەبێتە بڕوادارێكی ڕاستەقینە.

**نیشانەی ئەوەش**: ئەوەیە،كە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر (ﷺ) بخەیتە پـێش گوێڕایـەڵی غـەیری ئەوانـەوە، ئـەوەی خـوا و پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) خۆشیان دەوێت لـە سـەروی خۆشەویسـتی گشـت خەڵكیـەوە بێـت، نزیـك و دووریان، ئەگەر هەموو خەڵكانیش تووڕە ببن و پێیان ناخۆش بێت.

ئەو كەسە خۆشی باوەڕ ناچێژێت تا وەكو ئەم سێ ڕەوشت و ڕەفتارەی تێدا كۆدەبێتەوە وەكو لە فەرموودەدا هاتووە (ئەنەس) دەیگێڕێتەوە، كە ئیمامی (بخاري و مسلم) ڕیوایەتیان كردووە، كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (ثَلاَثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ بِهِنَّ حَلاَوَةَ الإِيمَانِ : أَنْ يَكُونَ اللَّه، وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا ، وأَنْ يُحب المرء لا يُحبُّهُ إلا لله ، وَأَنْ يَكْرَهُ أَنْ يَعُودَ فِي الْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنْقَذَهُ اللَّهُ مِنْهُ كَمَا يَكْرَهُ أَنْ يقذف فِي النَّارِ).

**واتە:** هەر كەسێك ئەم (سێ) شتەی تێدا بێت ئەوە تام و چێژی باوەڕ دەكـات و خۆشەویسـتی خـوا و پێغەمبەرەكـەی (ﷺ) لـە هـەموو شـتێك خۆشەویسـت تـر بێـت لای، هەركەسـێكی خـۆش ویسـت تـەنها لـە بـەر ڕەزامەنـدی خـوای گـەورە بێـت، وە پێـی نـاخۆش بێـت بگەڕێتـەوە بـۆ بـێ باوەڕی پاش ئەوەی، كە خوای گەورە ڕزگاری كرد لێی ، هەروەك چۆن پێی ناخۆشە، كە فڕێ بدرێتەوە ناو ئاگرەوە.

ئەگەر ئەم (سێ) شتەت بە کردار بینی لە خۆتا ئەوە تام و چێژی باوەڕ دەکەیت و ناترسیت لە لۆمەی لۆمە کاران و نەفس و ماڵی خۆی بە کەم ئەزانێت لە ڕێی ڕەزامەندی خوای گەورەدا.

خاوەنی کتێبی (القول السدید) لە لاپەڕەی(١١٢) دا فەرموویەتی: بزانە خۆشەویستی (سێ) جۆرە:

**یەکەم:** خۆشەویستی خوای گەورە کەوا بنچینەی باوەڕ و بە تاك دانانی خوای گەورەیە.

**دووەم:** خۆشەویستی لە پێناو خوای گەورەدا: ئەویش خۆشەویستی پێغەمبەرانی خوای گەورە و نێردراوان و دواکەوتوانێتی، هەروەها خۆشەویستی بۆ ئەو شتانەی، کە خوای گەورە خۆشی دەوێت و لە کردەوە و کات و شوێن و غەیری ئەوانەش، وە ئەمانە پەیوەستن بە خۆشەویستی خوای گەورە و تەواوکەری خۆشەویستنە بۆ خوای گەورە.

**سێیەم:** خۆشەویستی لە گەڵ خوای گەورەدا ئەویش خۆشەویستی هاوبەش پەیداکەرانە بۆبت و خواکانیان و ئەوانەی هاواریان تێدەکەن لە دار و بەرد و مرۆڤ و مەلائیکە و بێجگە لە مانەش، کە ئەمانەش بنچینە و بناغەی بێ بڕوای و هاوبەش دانانە.

**ئەو سوودانەی لەم فەرموودەیەدا وەردەگیرێت :**

١- ئیمانداری تەواو ئەوەیە کە خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) دەخاتە پێش خۆشەویستی خەڵکیەوە.

٢- پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەم فەرموودەیەدا منداڵ و باوكی تایبەتمەند كرد ، چونكە مرۆڤ زیاتر پەیوەستە پێیانەوە لە خەڵكانی تر لە خۆشەویستی و غەیری خۆشەویستیشدا .

٣- لەم فەرموودەیەدا ئاماژەكردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ)ی تێدایە، كە یەكەم شت ئەوەیە پابەندبین بە ڕێبازەكەیەوە و فەرمانەكانی بەرجەستە بكەین و دوركەوینەوە لە قەدەغەكراوەكانی و هەموو هەواڵ و وانەكانی بە ڕاست بزانیین و پێش هەموو كەسێكی تر، ئەمەیە كە پێویستە لە سەر هەموو باوەڕدارێك.

## فەرموودەی دەیەم

# دەستگرتن بە قورئان و سوننەت و ڕەفتاری خەلیفە ڕابەرەکان
## التمسك بالكتاب والسنة وسنة الخلفاء الراشدين

**عَنْ أَبي نَجِيحِ العِرْباضِ بنِ سَاريةَ رَضِي اللهُ عَنْهُ قالَ: وَعَظَنا رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَوْعِظَةً وَجِلَتْ مِنْها القُلوبُ، وَذَرَفَتْ مِنْها العُيُونُ ، فَقُلْنا: يا رسولَ اللهِ!! كَأَنَّها مَوْعِظَةُ مُودِّعٍ فَأَوْصِنا. قالَ :**

**((أُوصِيكُمْ بِتَقْوى اللهِ عَزَّ وَجَلَّ، وَالسَّمْعِ وَالطَّاعَةِ، وَإِنْ تَأَمَّرَ عَلَيْكُمْ عَبْدٌ ، فَإِنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ فَسَيَرَى اخْتِلافًا كَثِيرًا، فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ مِن بَعْدي، عَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ، وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الأُمُورِ؛ فَإِنَّ كُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ)) .**

(رواه أبو داود[٣٥] والترمذي[٣٦] وقال : حديث حسن صحيح ورواه أحمد[٣٧] وابن ماجه[٣٨] والدارمي[٣٩]).

---

(٣٥) كتاب السنة : حديث رقم (٤٦٠٧) ، (١٣/٥).

(٣٦) كتاب العلم : باب (١٦). حديث رقم (٢٦٧٦) ، (٤٤/٥).

(٣٧) (١٢٧،١٢٦/٤).

(٣٨) المقدمة ٦ : باب اتباع سنة الخلفاء الراشدين المهديين ، حديث رقم (٤٣،٤٢).

(٣٩)مقدمة : حديث رقم (٩٦) ، (٤٣/١).

**واتە:** لە (ابي نجيح) عیربازی كوڕی ساریەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئامۆژگاریەكی ڕەوانبێژی كردین، كە دڵەكان هاتنە لەرزین و چاوەكان هاتنە گریان ، وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەمە وەكو ئامۆژگاری ماڵئاوایی وایە وەسێتمان بۆ بكە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((وەسێتان بۆ دەكەم بە تەقوا و عیبادەتی خوای گەورە، واتە: (جێبەجێ كردنی فەرمانەكان و دوركەوتنەوە لە قەدەغەكراوەكان) و بە گوێگرتن و ملكەچ بوون، ئەگەر هاتوو پێشەواكەشتان بەندەیەك بوو بە دڵنیایەوە، ئەگەر هەر كەسێك لە ئێوە بژێت ئەوا جیاوازی و ناكۆكیەكی زۆر دەبینێت، فەرمانتان پێ دەكەم، كە پابەند بن بە سوننەتی من و خەلیفە ڕابەرە ڕێنمووی كەرەكانی دوای من، بە كاكیلەكانتان قەپی پیا بگرن واتە: (بە توندی جێبەجێی بكەن)، وە دەتان ترسێنم لە بیدعە و داهێنراوەكان، بە دڵنیایەوە هەموو بیدعەیەك گومڕاییە.

**گێڕەڕەوی فەرموودەكە :**

عیربازی كوڕی ساریەی سولەمی ، باوكی نەجیح .

**شیكردنەوەی وشەكان :**

**الموعظة:** ئامۆژكاری كردن بۆ خوای گەورە و ترساندن لە توڕەیی و سزاكەی .

**بليغة :** واتە: كاریگەری بێت لە سەر دڵ و گوێكان بە باشترین وشە و بە چێژترینی .

**وجلت القلوب:** ترسا .

**ذرفت العيون:** چاوەكان فرمێسكی پێدا هاتە خوارەوە .

**فأوصنا :** وەسێت، فەرمانێكە بە دڵنیایەوە دەكرێت.

**التقوى:** واتە: بەر بەستێك لە نێوان خۆت و ئەو شتەی، كە لێی دەترسیت بە شێوەیەك بتپارێزێت لە زیانی.

**السنة:** ڕێگاو ڕێباز ئەویش بریتیە لە پابەندبوون بەوەی، كە پێغەمبەری خوا وخەلیفە ڕابەرەكانی لە سەری بوونە لە بیرو باوەڕ و وتە و كرداردا.

**البدعة:** داهێنراوی كردارێكە لە دیندا، نە لە سەر دەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ)، هەروەها نە لەسەردەمی صەحابەدا كرابێت.

**الراشدون:** لە (الرشد)ەوە هاتووە واتە: پێچەوانەی گێلی و گەوجییە.

**المهديون:** ئەو سەركەوانەی گەیشتون بە ڕاستی واتە: ئیسلام و شوێنكەوتوی بە كردار.

**الضلال:** دووركەوتنەوە لە ڕاستی ئەویش پێچەوانەی هیدایەتە .

**واتای فەرموودەكە بە كورتی :**

ئەم فەرموودەیە بنچینەیەكی گەورەیە و چەند ڕێنمایەكی گشتی و گەورەی تێدایە، بە دڵنیاییەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم ئامۆژگارییە گەورە و وەسێتە جوانەی گەیاندە ئوممەتەكەی، هەروەها ڕێنمایان دەكات بۆ چەند شتێكی گرنگ، كە بونی دین و دونیایان پەیوەستە بە بەرجەستە

كردنی و شوێنكەوتنیانەوە و كێشەكانیان چارەسەر نابێت ئیلا بە جێبەجی كردنی بە وردی نەبێت.

١- دین و ئاین نییە، ئەگەر بە تەقوای خوای گەورە نەبێت ، ئەویش بە ملكەچ بوونی خوای گەورە و بە بەرجەستەكردنی فەرمانەكانی و دوور كەوتنەوە لە قەدەغە كراوەكانی دەبێت.

٢- دین و دونیاكەیان بە تەواوی نابێت تەنها بە پێشەوایەكی دادپەروەری چاكە كار نەبێت، كە سەركردایەتیان بكات بە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ)، ئاینی خوایان پێ ئەنجام دەدات و ڕیزەكانیان ڕێك بخات و و ئالآی تێكۆشانیان بۆ بەرز دەكاتەوە بۆ بەرز بوونەوە و ڕاگرتنی (لا اله إله الله)، بەرامبەر بەمەش پێویستە لە سەر موسڵمانان ملكەچی فەرمانەكانی بن بۆ ئەوەی پێی خۆشە و پێی ناخۆشە، تا ئەو كاتەی، كە بەردەوام دەبێت لە جێبە جێكردنی فەرمانەكانی خوای گەوردا.

بۆ بەرژەوەندی ئایینی ئیسلام و موسڵمانان و پاراستنی یەكێتیان و دووركەوتنەوە لە خوێنڕشتن، ئایینی ئیسلام گوێڕایەڵی بەرپرسانی پێویست كردووە لە سەر موسڵمانان، ئەگەر گوناهباریش بن بە مەرجێك تاوانەكەی نەچێتە سەر بێ باوەڕی.

٣- وەسێتەكەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) باس لە بارودۆخی ئوممەت دەكات لەدوو بەرەكی و سەر پێچكەرانی لە سەر حەق، ڕێنمایان دەكات بۆ دەستگرتن بەحەق و گەڕانەوە بۆ ڕێبازی ڕاست: ڕێبازی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ڕێبازی خەلیفە ڕابەرەكان (ڕەزای خوایان لێ بێت ) سوننەت و

بەرنامە و ڕێبازەکەیان تەنها بۆ قورئانەکەی خوای گەورەیە کە ﴿ لَّا يَأْتِيهِ ٱلْبَٰطِلُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِۦ ﴾ (فصلت: ٤٢) .

**واتە:** هەرگیز ڕەفتار و گوفتاری هیچ و پووچی تێ نایەت ، نە لە پێش خۆی و نە لە پاش خۆی .

سوننەتە پاکەکەی پێغەمبەری خواش (ﷺ)، ئالەم دووانەدا (قورئان و سوننەت ) ڕزگاری و سەرفرازی تێدایە، هەروەها شیکردنەوە و یەکلا کەرەوەیەکی ڕاستە بۆ ئەو دووبەرەکیەی، کە ڕوویداوە لە نێوان گروپە ئیسلامێکاندا و کۆتایی هێنەرە لە سەر ئەوەی، کە ڕەزامەندی خوای گەورەی تێدا بێت و قسەی موسڵمانان یەك بگرێت لە سەر حەق و هەموو ئەو شیکردنەوانەی باسکرا، کە لە سەر ئەم شێوازە نەبووە هەڵەیە و کۆتاییەکەی ڕووخاو و سەر نەکەوتووە .

٤- هەروەها ئامۆژگارییەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) باس لە وریا بوونەوە لە بیدعە و فەرمانە تازە داهێنراوەکان و چەندین جار پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئوممەتەکەی وریا دەکردەوە لە زیانی بیدعە و خراپەکانی لە گەڵ ڕوونکردنەوەیەکی ڕووناك و ڕۆشن کە گومڕاییە و بۆ ناو ئاگرە، چ شتێك هەیە کەوا لە موسڵمانان بکات و تێی بکەون و دەستە بەرداری نەبن.

خوای گەورە قورئانێکی پێیان بەخشیوە کە لە هیچ لایەکەوە پڕو پووچی بۆ نایەت نە لە پێش خۆی و نە لە پاش خۆی، ئایینێکی ئەوپەڕی تەواوکەرە و کەم و کوڕی تێدا نییە، ﴿ ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِى وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا ﴾ (المائدة : ٣).

**واتە:** ئەمڕۆ دینەكەم بۆتان تەواو كرد و نیعمەتم ڕژاندە سەرتانا و لە ڕاستیدا زۆر جێگەی داخەكە زۆربەی خەڵكی دەبینیت لە ئوممەی ئیسلامی كەپشت نابەستن نە بەقورئان و نە بەسوننتە وە لە بیرو باوەڕە كاندا ، وە بیدعە زاڵ بۆتە سەر سوننەتەكاندا لە پەرستن و شوێنكەوتنە كانیدا، پێغەمبەری خواش ڕاستی فەرمووە: ((لَتَتَّبِعُنَّ سَنَنَ مَنْ كان قَبْلَكُمْ شِبْرًا بِشِبْرٍ وَذِرَاعًا بِذِرَاعٍ حَتَّى لَوْ دَخَلُوا جُحْرَ ضَبٍّ لَدَخَلْتُمُوه )).

**واتە:** دەكەونە شوێن ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆتان، بست بە بست، گەز بە گەز هەتا ئەگەر ئەوان بچنە كونی بزن مژەكەوە ئێوەش بەدوایاندا دەچنە ژوورەوە .

## ئەو سوودانەی لەم فەرموودەیەدا وەردەگیرێت :

١- ڕێگە پێدانی ئامۆژگاری بۆ موسڵمانان وەكو لە فەرموودەكەی (ابن مسعود) دا هاتووە.

٢- فەرمان بە تەقوای خوای گەورە لە ئامۆژگاریدا.

٣- لەم فەرموودەدا نیشانەیەك لە نیشانەكانی پێغەمبەری (ﷺ) تێدایە كە ئەویش كە دووبەرەكی كەوتۆتە ناو ئوممەتەوە، وەكو چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی پێداوە.

٤- هەروەها لەم فەرموودەیەدا ئاماژە بە قەدەغەكردنی دووبەرەكی دەدات لە بناغەی ئایین و بەشەكانیدا.

٥- گەڕانەوە بۆ ڕێبازی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و خەلیفە ڕاشیدییەكان .

٦- قەدەغەكردن لە بیدعە و وریا بوونەوە لێی.

٧- هەموو بیدعەیەك گومڕاییە و بیدعەش چاكەی تێدا نییە.

## فەرموودەی یازدەیەم

## ڕەزامەندی خوا گەورە لە سێ شتدایە و یاخیبوونیشی لە سێ شتدایە
## رضا الله في ثلاث وسخطه في ثلاث

عَنْ أَبِي هُرَيْرَة أَنَّ رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ :

«إِنَّ اللَّه يَرْضَى لَكُمْ ثَلَاثًا وَيَسْخَط لَكُمْ ثَلَاثًا : يَرْضَى لَكُمْ أَنْ تَعْبُدُوهُ ، وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا ، وَأَنْ تَعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّه جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا ، وَأَنْ تَنَاصَحُوا مَنْ وَلَّاهُ اللَّه أَمْرَكُمْ، - وَيَسْخَط لَكُمْ ثَلَاثًا- : قِيلَ وَقَالَ ،وَكَثْرَة السُّؤَال ، وَإِضَاعَة الْمَال » ( رواه مسلم[٤٠] ومالك[٤١] وأحمد[٤٢] ).

**واتــە:** ئـەبو هـورەیرە دەیگێڕێتـەوە لـە پێغەمبـەری خـواوە (ﷺ) فەرموویەتی: بەدڵنیایەوە خوای گەورە لـە سـێ شـتدا لێتـان ڕازی دەبێت، هەروەها لە سێ شتیشدا لێتان ناڕازی دەبێت، لێتـان ڕازی دەبێـت: بـەوەی کـە بیپەرسـتن و بـە هـیچ شـێوەیەك شـەریکی بـۆ بڕیـار نـەدەن، هـەروەها دەست بگرن بە دینەکەی خوای گـەورەوە و دووبـەرەکی دروسـت مەکـەن و ئەگەر خوای گەورە پێشەوایەکی بۆتان نارد ئەوا ئامۆژگاری بکەن، بەڵام لە سێ شتدا لیتان ناڕازییە: وت و وات، زۆر پرسیار کردن ، ماڵ بە فیڕۆدان .

(٤٠) ٣ -كتاب الأقضية : ٥ - باب النهي عن كثرة المسائل. حديث (١٧١٥) ، (٣/١٣٤٠).
(٤١) الموطأ ٥٦- كتاب الكلام ، ٨ - باب ما جاء في إضاعة المال ، حديث (٢٠) ، (٢/٩٩٠).
(٤٢) (٢/٣٦٧).

## گێڕەرەوەی فەرموودەكە :

(أبو هريرة) (دەوسی) هاوەڵێكیزۆر بەڕێز و لە هەموو هاوەڵان زیاتر فەرموودەی گێڕاوەتەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) چەند جیاوازییەك هەیە لە ناوەكەیدا، وتراوە: (عبد الرحمن بن صخر) ، هەروەها تراوە: (ابن غنم ) و هەندێك ناوی تریش وتراوە لە بارەیەوە، زۆربەیان ناوی یەكەمیان هەڵبژاردووە، لە ساڵی (٥٩ك) كۆچی دوایی كردووە .

## واتای وشەكان :

**الرضا والسخط:** دوو سیفەتی خوای گەورەن و ناشوبهێت بەسیفاتی خەڵكییەوە .

**العبادة:** لە زمانەوانیدا: ملكەچی و زەلیلی لەگەڵ خۆشەویستیدا ئەویش فەرمانێكی گشتی و كۆكەرەوەییە بۆ هەر شتێك، كە خوای گەورە پێی خۆشە و پێی ڕازییە لە قسە و كردەوەی ئاشكرا و شاراوە، هەر فەرمانێك كە خوای گەورە داوێتی فەرمانێكی فەرزە یان موستەحەبە ئەوە پەرستنە، گەر بۆ غەیری خوای گەورە ئەنجامی بدەیت هاوبەش بڕیاردانە.

**الشرك:** ئەوەیە، كە شتێك بكەیت بە هاو وێنەی خوای گەورەوە لە پەرستندا، كە ئەوە جۆرێكە لە جۆرەكانی پەرستن وئەنجامدان بۆ غەیری خوای گەورە، وە هەموو بیرو باوەڕێك یان وتەیەك یان كردەوەیەك، كە جێگیر بووە كە فەرمانێكە لە خوای گەورە وە ئەنجامدانی تەنها بۆ خوای تاك و تەنهایە: بە یەك دانانی خوای گەورە و باوەڕ و نییەت و سەرفكردنی بۆ غەیری خوای گەورە هاوبەش بڕیاردانە.

**الاعتصام بحبل الله:** دەستگرتن بەوەی، کە پێغەمبەری خوا هێناویەتی ئەویش قورئان و سوننەتە .

**قيل و قال:** ڕۆچوون لە ناڕەوایی و ئەوەی، کە پەیوەندی بەتۆوە نییە.

**كثرة السؤال:** زۆر پرسیار کردن لە خەڵکی .

**إضاعة المال:** گوێ پێ نەدان و زێدەڕۆیی تێدا و بەفیڕۆ دانی .

**واتای فەرموودەکە بە کورتی :**

لەم فەرموودەیەدا چەند نیشانەیەکی گەورەی پێغەمبەری (ﷺ)تێدایە:

**یەکەمیان:** هاندان بۆ بە تاك دانانی خوای گەورە بە پوختی و هەستان بەگەورەترین حەقی خوای گەورە و گەورەترین واجیباتی ئیسلام، کە ئەویش بە تاك دانانی خوای گەورەیە و بە تاك و تەنها لە پەرستندا، کە لە بەر ئەوە جنۆکە ومرۆڤی دروست کردووە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾ (الذاريات: ٥٦).

**واتە:** من جنۆکە و مرۆڤم دروست نەکردووە تەنها بۆ پەرستن نەبێت ، واتە بە تاك دانانی خوای گەورە .

دوور کەوتنەوە لە هاوبەش بڕیاردان لە پەرستنیدا و بەندە هاوبەش بڕیار نادات بە هیچ جۆرێك بۆ خوای گەورە هیچ کەسێك لە بەندەکانی تاوەکو بیکاتە هاوشێوەی خوای گەورە نە لە پاڕانەوە و نە لە فریاکەوتن و نە لە سەربڕین و نە لە نەزر و نە لە تکا کردن و نە لە ترس و نە لە پشت

بەستنیشدا، چونكە ئەمانە تایبەتن بە خوای گەورەوە ڕازی نابێت كە بەشداری بكرێت لە گەڵیدا نە فریشتەیەكی نزیك و نە پێغەمبەرێكی نێردراو.

**دووەمیان:** دەستگرتن بە دینی خوای گەورەوە بریتییە لەوەی، كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێناویەتی لە قورئان و سوننەتدا و بڵابونەوەی فێركردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بیرو باوەڕ و پەرستن و ڕەوشت و مامەڵەكردندا ، هیچ موسڵمانێك هەوڵ نادات نە تاكێك لە موسڵمانان و نە تایفەیەك لە تایفەكان و نە كۆمەڵگایەك لە كۆمەڵگا ئیسلامیێكان(المجتمعات الاسلامية) و نە پێشەوایەك و نە هاووڵاتییەك بۆیان نییە دەرچن لە بنچینەكانی ئیسلام یان لە لقەكانی ، بەڵكو پێویستە لە سەر هەموان باوەڕ و پابەندبوونێكی تەواویان هەبێت بە هەموو ئەو شتانەی، كە كۆتا پێغەمبەر و گەورەی پێغەمبەران (ﷺ) هێناویەتی و بیخەیتە پێش هەموو قسە و ڕێنماییەكەوە.

فەرمان بردن بەوەی، كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێناویەتی لە هەموو شتێكدا و پاككردن وتاككردنەوە و گوێڕایەڵی و دواكەوتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە شتی گەورە و بچووكی دیندا و دووركەوتنەوە لە هەموو بیدعە و بۆچونێكی خۆت و تاوانێك، چونكە بە غەیری ئەمانە موسڵمانان نابنە یەك دەنگ و كۆ نابنەوە، ئەو یەككگرتنەوەی، كە ئاواتە دەستەبەر ئەبێ، هەروەها بە ڕاستیان ئەزانن كە هەموویان دەستیان گرتووە بە دینەكەی خوای گەورەوە، وە ئەمە واقیعێكە، كە خوای گەورە ئەیەوێت و ئومەتی ئیسلامی ڕاسپاردووە نەك ڕامیاری یەككگرتن لە گەڵ جیاوازی بیرو باوەڕ و

ڕێگایەی و سەرچاوە و ئاڕاستە گەری(الاتجاهات) چونکە، ئەگەر یەکیش بگرن بەم شێوازە—ئەوە دوورە— و ئەم ئایەتەی لە سەری دەچەسپێت :

﴿ تَحۡسَبُهُمۡ جَمِيعٗا وَقُلُوبُهُمۡ شَتَّىٰۚ ﴾ (الحشر: ١٤).

**واتە:** ئەوکاتەی کە دەیانبینی وادەزانیت کۆبونەتەوە، بەڵام دڵەکانیان جیاوازن و یەك ناگرن.

**سێیەمیان:** ئامۆژگاری پێشەوای موسڵمانان ئەویش بە یارمەتی دانیان لە سەر حەق و گوێڕایەڵی کردنیان و ئاگادارکردنەوە و یادکردنەوەیان بە نەرم و نیانی و ئاگادارکردنەوەیان بە ئەوەی کە لێی بێ ئاگا بوونە بە وەی کە حەقی موسڵمانانیان نەداوە و وازهێنان لە دەرچوون لە دژیان و نوێژ کردن لە پشتیانەوە و تێکۆشان لە گەڵیاندا، خێر و سەدەقەیان پێ بدرێت و دەرنەچیت بە شمشێر لە دژیان ئەگەر ستەمێکیان لێ بینرا یان مامەڵە کردنێکی خراپ و دۆعایان بۆ بکەیت کە باش بن و بە درۆ پێیاندا هەڵنەدەیت.

**چوارەمیان:** قەدەغەکردن لە وت و وات: ئەویش ڕۆچوونە لە نارەوایی و بڵاوبونەوەی خراپەکاری و واتە وات و هەواڵی درۆ و بەسە مرۆڤ درۆزن بێت کە هەر هەواڵێك ببیستێت و بیگێڕێتەوە بە بێ ئەوەی بزانێت ڕاستە یان درۆیە، هەروەها کارێ وا نەکەیت کە زۆر پرسیار بکەیت و پەیوەندی بە تۆوە نەبێت، هەروەها وەڵامدانەوەشی پێش ئەوەی کە بکرێت چونکە ئەمە موسڵمانان لە خوێندنەوەی قورئان و سوننەت دوور ئەخاتەوە و سەرقاڵیان ئەکات لە لەبەرکردنی و تێگەیشتنی.

**پێنجەمیان:** قەدەغەكردن لە زۆر پرسیار كردن: ئەویش سواڵ كردن دەگرێتەوە ئەوەی كە لە ناو دەستیانە لە ماڵ و پارە و پول و غەیری ئەوانەش و ئەم كارە جوان نییە بۆ موسڵمان كە خوای گەورە دەیەوێت بەهێز و خۆشەویست و مەزنیان كات و سواڵ كردن لە ئەسڵدا حەرامە و نابێت تەنها لە كاتی پێویستدا نەبێت.

سواڵ كردنی خەڵكیش بە بێ پێویست (سێ)خراپەی لێ دەبێتەوە:

١-خراپی هەژاری بۆ لای غەیری خوای گەورە ئەمەش جۆرێكە لە شیرك.

٢-خراپی ئازاردانی خەڵكی بە سواڵ كردن، ئەمەش جۆرێكی ستەمە لە خەڵكی.

٣-خراپی زەلیلی بۆ غەیری خوای گەورە ئەمەش ستەمە بۆ دەروون.

ئەمە ئەگەر پرسیار لێكراو زیندوو بێت توانای هەبێت بۆ جێبەجێ كردنی كارەكە، ئەبێت پرسیار كردنی مردوو و نادیار چۆن بێت، كە كەس توانای نییە تەنها خوای گەورە نەبێت؟

ئەوە بە ڕاستی شیركێكی ڕوون و ئاشكرایە.

هەروەها ئەمە قەدەغە كردنی زۆر پرسیار كردنی زانستیش دەگرێتەوە بە تایبەتی ئەگەر مەبەستی سەرلێتێكدان و خرۆشاندن و ناكۆكی و مشت و مڕ و ناڕەوایی بێت، هەروەها زۆر كردن و فەرزكردنی پرسیار، كە ڕووی نەداوە و داوای وەڵام كردنی.

**شەشەمیان:** قەدەغەکردن لە بە فیڕۆدانی پارە و پوول، چونکە بە ڕاستی ماڵ و پارە و پوول نیعمەتێکە لە خوای گەورەوە وە یارمەتیەکە بۆ گوێڕایەڵی خوای گەورە و تێکۆشان لە پێناوی دا ، وە بۆ یارمەتی ئەوانەی کە شیاون لە موسڵمانانی هەژار و خزم و غەیری ئەوانیش، بۆیە پێویستە موسڵمان شوکر و سوپاسی خوای گەورە بکات، کە ئەم نیعمەتەی پێ بەخشیوە و پارێزگاری لێ بکات لەوەی، کە بە فیڕۆ و بزری نەکات و وازی لێ بهێنێت و خێری لێ نەکات تەنها بۆ ئەو ڕێگایە نەبێت، کە خوای گەورە شەرعی داناوە و ڕێی پێداوە و بۆی نییە لە ڕێگەی شەیتان و تاوان کردندا سەرف بکات ، هەروەها بۆی نییە ئەم نیعمەتە پشتگوێ بخات و بە فیڕۆی بدات.

## ئەو سوودانەی لەم فەرموودەیەدا وەردەگیرێت :

١- پێویستە عیبادەتی خوای گەورە بکرێت بەو شێوەی کە داوا کراوە.

٢- پێویستە دوور کەویتەوە لە هەموو جۆرە شیرکێکی گەورە و بچووك.

٣- پێویستی دەستگرتن بە دینی خوای گەورەوە ئەویش ئایینی ئیسلامە، کە پێغەمبەری خوا موحەممەد (ﷺ) هێناویەتی (قورئان و سوننەت) لە هەموو بوارێکدا.

٤- حەرامێتی دووبەرەکی و پێویستی یەکگرتنی موسڵمانان لە سەر حەق و ڕاستی.

٥- پێویستی ئامۆژگاری كردنی پێشەوایانی موسڵمانان و یارمەتیدانیان لە سەر حەق و كاری چاكە.

٦- حەرامێتی وت و وات.

٧- حەرامێتی سواڵ كردن لە خەڵكی تەنها لە كاری پێویستدا نەبێت و باشتریش وایە كە پشت بە خوای گەورە ببەستیت و ئارام بگریت.

٨- حەرامێتی بە فیڕۆدانی ماڵ و پارە و پوول.

## فەرموودەی دوانزدەیەم

## تێکۆشان لە گەڵ ئەوانەی کە لایانداوە لە ڕێگای پێغەمبەران
## جهاد المنحرفين عن هدي الأنبياء

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم قَالَ :

« مَا مِنْ نَبِيٍّ بَعَثَهُ اللَّهُ فِى أُمَّةٍ قَبْلِى إِلاَّ كَانَ لَهُ مِنْ أُمَّتِهِ حَوَارِيُّونَ وَأَصْحَابٌ يَأْخُذُونَ بِسُنَّتِهِ وَيَقْتَدُونَ بِأَمْرِهِ ثُمَّ إِنَّهَا تَخْلُفُ مِنْ بَعْدِهِمْ خُلُوفٌ يَقُولُونَ مَا لاَ يَفْعَلُونَ وَيَفْعَلُونَ مَا لاَ يُؤْمَرُونَ فَمَنْ جَاهَدَهُمْ بِيَدِهِ فَهُوَ مُؤْمِنٌ وَمَنْ جَاهَدَهُمْ بِلِسَانِهِ فَهُوَ مُؤْمِنٌ وَمَنْ جَاهَدَهُمْ بِقَلْبِهِ فَهُوَ مُؤْمِنٌ وَلَيْسَ وَرَاءَ ذَلِكَ مِنَ الإِيمَانِ حَبَّةُ خَرْدَلٍ » .( أخرجه مسلم[٤٣] وأحمد[٤٤] ).

**واتە:** عەبدوڵلای کوڕی مەسعود(ڕەزای خوای لێ بێت) دەیگێڕێتەوە، کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: خوای گەورە هیچ ئوممەتێکی نە ناردووە لە پێش منەوە ئیلا لە قەومەکەی خۆی کۆمەڵێك پشتیوانان و یاریدەدەر و هاوڕێی هەبووە دەستیان گرتووە بە سوننەتەکەی و گوێڕایەڵیان کردووە، پاشان لە دوای ئەوان کۆمەڵێك جێماون کە قسەیان دەکرد بەڵام کردەوەیان پێ نەدەکرد ، وە کردەوەیەکیان دەکرد کە فەرمانیان پێ نەکراوە جا هەر کەسێك بە دەستی تێکۆشانیان لە گەڵدا بکات ئەوە ئیماندارە و هەر کەسێکیش بە زمان تێکۆشانیان لە گەڵدا بکات ئەوە ئیماندارە و هەرکەسێکیش بە دڵیشی پێی ناخۆش بێت ئەوە

---

(٤٣)كتاب الإيمان : حديث رقم (٨٠) ، (١/٦٩،٧٠).

(٤٤) (١/٤٥٨،٤٦١).

ئیمانداره، پاشان ئەگەر بە دڵیشی پێی ناخۆش نەبێت و بەرگریان لێ نەکات ئەوە بە قەد تووی گوڵە زەردەیەك ئیمانی نییە.

## گێڕەرەوەی فەرموودەکە :

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود لە ڕاڤەی فەرموودەی پێشوو{ژمارە (٥)} باس لە ژیاننامەی کرا.

## وشەکان :

**الحواريون**: هاوەڵە هەڵبژاردە و دڵسۆزەکانی پێغەمبەرانە(عليهم الصلاة والسلام).

**تخلف** : نەوەیەك بە دوایاندا دێت.

**الخُلوف** : کۆی خَلْف – ئەوەی لە دوادا دێت بە خراپەکاری.

## واتای فەرموودە کە بە کورتی :

ئەم فەرموودەیە باس لە گوزەرانی پێغەمبەران و ئوممەتەکانیان دەکات و باس لە هاوەڵ و پشتیوانیان دەکات ئەوانەی کە گەش بوونەتەوە بە نووری پێغەمبەرەکانیان، هەروەها (وحي) یان بینی کە دابەزی لە سەریان و بە وەفادارییەکی پاك و بێگەرد دەمێننەوە بۆ خواکانیان و دەست دەگرن بە ڕێنموویی پێغەمبەرەکانیانەوە بە ئاشکرا و نهێنی و وتەکانیان وەکو کردەوەکانیانە، پاشان نەوەیەك دێت لە دوایانەوە شەیتان لایان دەبات لە بەرنامەی پێغەمبەران بە قسەکانیان وای دەسەلمێنن کە لە سەر بەرنامەی پێغەمبەرانن (عليهم السلام) جا بیدعە و بەرنامەی ناڕەوا

دادەهێنن و تاوان و خراپە ئەنجام دەدەن وایان لێ دەکات کە دوورتربن لە خەڵکی لە ئایینی پێغەمبەرەکانیان، هەروەها لە ژیانێکدا دەژین کە قسەکانیان لە گەڵ کردەوەکانیان جیاوازن.

لە هەموو ئوممەتێکدا زانایانی دڵسۆز ئەمێنن بە وەفان بۆ دینەکەیان تێ دەکۆشن و بەرگری دەکەن لە سەر ڕێنمایی پێغەمبەرەکانیان، هەروەها هەموو کەسێك بە گوێرەی توانا و پلەکەیەتی لە ئیماندا، تێکۆشان بە زمان و تێکۆشان بە دەست و تێکۆشان بە دڵ دەکەن - بۆیە ئەمە لاوازترین ئیمانە و بە نەمانی ئەمەش بێ بڕوا دەبێت.

ئوممەتی پێغەمبەری خواش (ﷺ) ئەو بەسەرهاتانەی بە سەردا هات وەکو چۆن بە سەر ئوممەتانی پێشوودا هات و پاش ئەو سەدە پیرۆزانەی ڕابردوو کە جێما ڕێگەکانیان دووبەرەکی تێکەوت و کەوتنە دوای ئارەزوەکانیان و پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕاستی فەرمووە: (( لتتعبن سنن من كان قبلكم حذوة القذة بالقذة حتى لو دخلوا جحر ضب لدخلتموه )). واتە: دەکەونە شوێن ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆتان، بست بەبست، گەز بە گەز، هەتا وەکو ئەگەر ئەوان بچنە کونی بزن مژەگەوە ئێوەش بەدوایدا دەچنە ژوورەوە . (( ستفترق هذه الأمة إلى ثلاث وسبعين فرقة كلها في النار إلا واحدة )).

**واتە:** ئوممەتەکەم دەبێتە حەفتا و سێ بەشەوە هەمووی بۆ ناو ئاگرە تەنها بەشێکی نەبێت.

لەم ئوممەتە كۆمەڵێك سەركەوتوو ماونەتەوە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی پێداوین ((لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي ظَاهِرِينَ عَلَى الْحَقِّ لَا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَذَلَهُمْ ولا مَنْ خالَفَهُم حَتَّى تَقُومَ السَّاعَةُ))[٤٥].

**واتە:** بەردەوام تایەفە و هۆزێك لە ئوممەتەكەم سەركەوتوون لە سەر حەقن زیانیان پێ ناگەیەنێت ئەوانەی ئەیانەوێت هاوكاریان نەكەن ، وە ئەوانەش كەوا پێچەوانەیان دەكەن تاوەكو قیامەت هەڵدەستێت.

ئەم تایەفەیە ماوە و ئەمێنێتیش - وەكو چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی پێداوە-بانگەوازی دەكەن بۆ حەق و فەرمانیش بە چاكە دەكەن و قەدەغە دەكەن لە خراپە و بیدعە و شوبهە گومڕایەكان بە درۆ دەخاتەوە بە بەڵگە و سەلماندن و تێكۆشانی نارەوایی دەكات - بە گوێرەی توانای خۆی- بە دەست و زمان و دڵ و لە سەر ئیماندار ئەوەیە، كە جێگیر بێت لە سەر ئەوەی، كە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتبێت لە بیرو باوەڕ و پەرستن و ڕەوشتەكەی و پێویستە دەست بگیردرێت بە سوننەتی پێغەمبەرەوە (ﷺ) و دواكەوتنی فەرمانەكانی بكرێت و دوور كەوتنەوە و خۆ پاراستن لە ئارەزوو و تاوان و بیدعە، پاشان بانگەواز كردن بۆ حەق وە هەوڵدان بە گوێرەی توانا بۆ سەر خستنی دینەكەی .

---

(٤٥) أخرجه مسلم ٣٣-كتاب الإمارة حديث (١٧٠-١٧٦). من حديث ثوبان والمغيرة بن شعبة وجابر بن سمرة وجابر بن عبد الله ومعاوية وعقبة بن عامر وهو حديث متواتر رواه ستة عشر من أصحاب رسول الله ﷺ.

**ئەو سوودانەی لەم فەرموودەیەدا وەردەگیرێت :**

١- باس لەوە دەکات، کە پێغەمبەران دەستوەر و یاساو سوننەتیان هێناوە بۆ ڕێنموویی خەڵکی.

٢- باس لە فەزڵ و تایبەتمەندی هاوەڵانی پێغەمبەران دەکات و بە دواکەوتنی سوننەتی پێغەمبەرانیان (سەلامی خوایان لێ بێت).

٣- باس لە لۆمەکردنی ئەوانەی سەرپێچی ڕێبازەکەیان دەکەن، کە بە خراپە لە دوای باوکەکانیانەوە بەجێ ماون، ئەوانیش خراپەن تەنها لەبەر ئەوەیە، کە سەرپێچی پێغەمبەرانیان کردووە.

٤- زەم و لۆمەکردنی ئەو کەسە دەکات کە وتەکانیان پێچەوانەی کردەوەکانیانە ﴿ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفْعَلُونَ ﴿٣﴾ ﴾ (الصف: ٣) .

**واتە:** خوا لە لای سەختە، کە شتێ بڵێن و کاری پێ نەکەن.

٥- زەمی بیدعەی تێدایە، کە کردەوەیەکە خوای گەورە فەرمانی پێ نەکردووە لە سەر زمانی پێغەمبەرانی(سەلامی خوایان لێ بێت).

٦- مەدح و ستایش کردنی شوێنکەوتوانی تێدایە بۆ پێغەمبەرانی لە سەر سوننەت و دەستگرتن و شوێنکەوتنیان.

٧- مەدح و ستایش کردنی ئەوانەی تێدایە کە دوایان کەوتوونە بە ئارام گرتنیان و تێکۆشانیان لە سەر ئەوانەی کە سەرپێچی بەرنامەی پێغەمبەرانیان کردووە.

٨- باس لە ڕونكردنەوەی قۆناغـەكانی تێكۆشـان و فـەرمان بـە چـاكە و قەدەغەكردن لە خراپە ئەكات و بە گوێرەی توانای جۆرەكـانی تێكۆشـەرانە : ئەگەر ئەو كەسە ئـەتوانێت  تێبكۆشـێت و بـە دەسـتی خراپەكـە لابـەرێت ئەوە با هەستێت بەم كارە و ئەو كەسەی توانای ئەم پلەیەی نییـە و تـوانی بە قسەكردن هەستێت ئەوە قسەی حەق بڵێـت و ئـەو كەسـە توانـای نـەبوو ئەوە بە گوێرەی توانـای هەسـتێت بـەو كـارە ئـەویش تێكۆشـانە بـە دڵ وە ناڕەواكەی پێ ناخۆش بێت لە دڵەوە و ئەگەر ئەمەی لە دەسـت چـوو ئـەوە ئیماندار نییە و دڵی مردووە .

٩- هەروەها ئیمان زیـاد و كـەم ئـەكات لـە پـاش ئـەوە بـە قـەد تـووی گوڵەزەردەیەك ئیمانی نییە.

## فەرموودەی سیانزدەیەم

## دین ئامۆژگارییە

### الدين النصيحة

عَنْ تَمِيمٍ الدَّارِيِّ (رضي الله عنه): أَنَّ النَّبِيَّ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ:

« (الـدِّينُ النَّصِـيحَةُ). قُلْنَـا: لِمَـنْ؟ قَـالَ: (لِلَّـهِ، وَلِكِتَابِـهِ، وَلِرَسُـولِهِ، وَلِأَئِمَّـةِ الْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ) »

( رواه مسلم[٤٦] وأبو داود[٤٧] وأحمد[٤٨] والنسائي[٤٩] ).

**واتە:** (تميم الداري) {ڕەزای خوای لێ بێت} پێغەمبەری خوا (ﷺ) (سێ) جار دووبارەی کردەوە و فەرمووی: ئایین ئامۆژگارییە هاوەڵەکان فەرموویان بۆ کێ ئامۆژگارییە ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بۆ خوای گەورە و بۆ قورئانەکەی و بۆ پێغەمبەرەکەی و بۆ پێشەوایانی موسڵمانان و گشت موسڵمانان.

## هاوەڵی فەرموودە گێڕ:

(تميم)ی کوڕی(أوس)ی کوڕی (خارجة الداري)یە، (أبو رقية)یە، صەحابەی بە ناوبانگ ساڵی (٤٠ك) کۆچی دوایی کردووە (ڕەزای خوای لێ بێت).

---

(٤٦)كتاب الإيمان ، ٣٣- باب بيان أن الدين النصيحة. حديث (٥٥) ، (٧٤/١).

(٤٧)٣٥ – أدب ، حديث (٤٩٤٤) ، (٢٣٣/٥).

(٤٨) (١٠٢/٤-١٠٣).

(٤٩) (٤٠/٧) باب النصيحة للإمام.

**وشەكان:**

**الـديــــن:** ئـاینی ئیسـلام بـە گشـتی، خۆلگـەی ئیسـلام لـە سـەر ئـەم فەرموودەیەیە.

**النصيحة** : وشەیەكی كۆكەرەوەیـە و بەدەسـتهێنانی بـەخت بـۆ ئامۆژگـاری كار، واتە: وەرگێڕاوە لە (پیاوێكەوە كە جلەكـەی دووری ئەگـەر بیبەسـتێت بە یەكەوە) كاری ئامۆژكاری كار.

**أئمة المسلمين:** سەركردەكانیان: وەكو خەلیفە و سوڵتان و زانایان.

**عـامتهـم :** گشت خەڵكی بێجگە لە پێشەوایان.

**واتـای فەرموودە كە بە كورتـی :**

ئــەم فەرموودەیــە كــارێكی گــەورەی لــە خــۆ گرتــووە و لــە قســە كۆكەرەوەكانی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) و باس و خولگـەی ئیسـلام لـە سـەر ئەم فەرموودەیەیە، ئەگەر خـەڵكانی موسڵمان بـە گشـتی كـاری پـێ بكـەن بەوەی كە واتای ئامۆژگاری دەگرێتە خۆی ئەوكاتە خۆشی دونیـا و قیامـەت بە دەست دێـنین، هـەروەها وەكـو برایـەكی خۆشەویسـت ئـەژین یـەك بـیرو باوەڕ و ئاڵا و بەرنامە كۆیان دەكاتەوە بۆ ژیانیان.

ئامۆژگاری بۆ خودا: واتە: باوەڕت هەبێت بە خوای گـەورە و ئـەوەی لـە ناو قورئان و سوننەتدا هـاتووە لـە نـاوە جوانـەكانی و سـیفەتە بـەرزەكانی باوەڕێكی ڕاستگۆی حەقی پێ بێت بە بێ هاوشێوە و لاری بوون و گـۆڕین و

لێکچـــواندن لـــه ســـەر بنچـــینەی﴿ لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ﴾ (الشورى: ١١).

**واته:** هیچ شتێك نیه له وێنەی ئەو (خوا)یه نه له زاتیا، نه له سـیفاتیا، نه له کرداریا بۆ خۆی تەنیایه و بیسەر و بینەره.

به تاك دانانی خوای گەوره له پەرسـتندا و نکـۆڵی کـردن لـه هاوبـەش دانـان بـۆی و هەسـتان بـه گوێڕایـەڵی کردنـی و دوورکەوتنـەوه لـه قەدەغـه کراوەکـانی و خۆشەویسـتی بـۆی و ڕق و کینـەش لــه بـەر ئــەو بێــت و خۆشەویسـتی ئـەو کەسانەی کـه گوێڕایـەڵی ئەکـەن و ڕق لـیٚ بـوونی ئـەو کەسانەی که سەرپێچی ئەکەن و تێکۆشانی ئەوانه بکرێت کـه بـیٚ بـاوەڕن و دان پێنان به نیعمەتەکانی و سوپاس و ستایشـی لـه سـەر بکرێـت و دڵسـۆز بیت و نییەتێکی پاکت هەبێت له هەموو کردەوه و فەرمانەکاندا.

هەروەها ئامۆژگاری بۆ قورئانەکەی: بـاوەڕ هێنـان کـەوا کـەلامی خـوای گەورەیه خۆی دایبەزاندوه و دروست کرا و نییه.

پاشان به گـەورەی بزانیـت و بیخوێنیتـەوه، خوێندنەوەیـەك کـه حـەقی بدەیتیٚ و جوانی کەیتـەوه، هـەروەها کڕنـوش و ڕێـزی لـیٚ بگریـت و حـەقی پیتەکانی بدەیت له کاتی خوێندنەوەدا و پارێزی لـیٚ بکـەیت و بـەر پەرچـی ئەوانه بدەیتەوه که کەلامی خوای گەوره (تأويل) نەکرێت له لایەن ئەوانـەی کـه دەیگـۆڕن و نوانـدنی حـاڵی ناڕەواکـان، هـەروەها بـه ڕاسـتگۆی بزانیـت ئەوەی تێیدایه و ڕاوەسـتی لـه سـەر حوکمـەکانی و تێبگـەیت لـه زانسـت و حـوکم و نموونــەکانی و سـنوورەکانی، هــەروەها عیــبرەت وەربکریــت لــه

ئامۆژگارییـــەكانی و بیركردنـــەوە لـــە سەرســـوڕهێنەرەكان و كـــاركردن لـــە حوكمـــەكانی و ملكـــەچ بـــوون بـــۆ لـــە یەكچـــوون (متشابه)و بـــە دوا گـــەڕان لـــە (الناسخ والمنسوخ) و بڵاوكردنەوەی زانستەكەی و پاڕانەوە بۆی .

ئامۆژگاری بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەیە، كـە پـەیامەكـەی بـە ڕاسـت بزانیت و باوەڕ بهێنیت بـە هـەموو ئـەوەی كـە لایـەوە هـاتووە و گوێڕایـەڵی فەرمانـــەكانی بكـــەیت و لـــە قەدەغـــەكراوەكانی خـــۆت بپارێزیـــت و پێغەمبەرەكـەت (ﷺ) سـەر بخـەیت لـە ژیـانی ودوای مردنیـدا و مردوێتیـدا ودژایەتی ئەو كەسانە بكەیت كە دژایەتی دەكەن و ئەوانـەت خـۆش بوێـت و بەرگریان لێ بكەیت كەوا بەرگری دەكەن و خۆشیان دەوێت و حەقەكانی بە گەورە بزانیت و ڕێزی لێ بگریت و ڕێگـا و سـوننەتەكەی زینـدوو بكەیتـەوە و بانگەواز بۆ سوننەتەكەی بكەیت و بڵاوی بكەیتەوە و نكۆڵیش لـەوە بكـەیت كە بوختانی بـۆ دەكـەن و خزمـەتی زانسـتەكەی بكـەیت و لـە واتاكـانی تـێ بگەیت و دۆعای بۆ بكەیت و بە گەورەی بزانیت و بە ڕەوشت و ئەدەب بیـت لە كاتی خوێندنەوەیدا و بێدەنگ بیـت لـە قسـەكردن لێـی بـە بـێ زانسـت و ڕەوشتی ئەم پێغەمبـەرە بەخشـندەیە بگریتـە بـەر، هـەروەها وەك ئـەو بـە ئەدەب بیت و خۆشەویست بیت بەرامبەر (أهل بیـت) و هـاوەڵانی و بـەرگری بكەیت لەوەی، كە بیدعە دادەهێنێت لە سـوننەتەكەیدا یـان دەسـت درێـژی دەكات لە بەرامبەر یەكێك لە هاوەڵانیدا.

ئامۆژگاری بۆ پێشەوای موسڵمانان: لە فەرموودەی ڕابردوودا باسمان كرد.

هەروەها ئامۆژگـاری بـۆ موسـڵمانان بـە گشـتی – خـەڵكان دەگرێتـەوە جگە لە كاربەدەستان– ڕێنماییان بكەیت بۆ بەرژەوەندییەكانیان لە دونیـا و

قیامـەتیان و دوور خسـتنەوەی ئـەو شـتانەی کـە ئازاریـان دەدات و ئـەو شتانەی لە دینەکەیاندا نایزانن فێریان بکرێت و بە کـردەوە و وتـە ئـەنجامی بدەن و فەرمانیان پێ بکەیت بە چاکە و نکۆڵیـان لـێ بکـەیت لـە خراپـە بـە نەرم و نیانی و دڵسۆزیەوە و داوێنیان بپۆشی و پڕکردنەوەی کەم و کوڕیـان و دوورخستنەوەی زەرەر و زیان لە سەریان و هێنانی شتی باش بۆیان و بـە بەزەیی بیت بۆیان، وە ڕێز لـە گـەورەکانیان بگریـت و بـە بـەزەیی بیـت بـۆ بچوکەکانیان و ناوبەناو ئامۆژگاری چاکیان بکات و وازیان لێ بێنیت لە فێـڵ و حەسوودی و چۆن پێت خۆش بێت لە خێـر و چـاکە بـە هـەمان شـێوە بـۆ ئەوانیش پێت خۆش بێت، هەروەها پێـت نـاخۆش بێـت تووشـی خراپـە بـن وەکو چۆن بۆ خۆت پێت ناخۆشە و بەرگریان بکەیت لە مـاڵ و ناموسـیان و هانیـان بـدەیت بـۆ ڕەوشـت بـەرزی لـە هـەموو ئەوانـەی کـە بـاس کـرا لـە ئامۆژگاری و گورجیان بکەیتەوە بۆ گوێڕایەڵی کردن.

## ئەو سوودانەی لەم فەرموودەیەدا وەردەگیرێت :

١- ئامۆژگاری پێی ئەوترێت دین یان ئیسلام.

٢- دین ئەکەوێتە سەر کردەوە وەکو چۆن ئەکەوێتە سەر وتە .

٣- ئەو کەسە دینی نییـە گـەر ئامۆژگـاری نـەکات بـۆ خـوای گـەورە و قورئانەکـەی و پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) و پێشـەوایانی موسـڵمانان و خەڵکـە گشتییەکە و هەرکەسێك فێڵی تێدا بکات ئەوە لەوان نییە.

٤- واجیب و پێویستە ئامۆژگاری لە هەموو ئەوانـەی، کـە بـاس کـرا لـە هەموو جۆرەکانی و لە سەر هەموو موسڵمانانە، هەموویان بە گوێرەی توانـا و زانست و جێگایان لە کۆمەڵگادا.

## فەرموودەی چواردەیەم

## خۆشەویست ترین کردەوە لای خوای گەورە

أحب الأعمال إلى الله عز وجل

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (رضي الله عنه) قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): أَيُّ الأعمال أحب إلى الله عزوجل؟ قَالَ:

(الصَّلَاةُ لِوَقْتِهَا). قُلْتُ: ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: (بِرُّ الْوَالِدَيْنِ). قُلْتُ: ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: (الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ).

(رواه البخاري[٥٠] ومسلم[٥١] وأحمد[٥٢]).

**واتە:** عەبدوڵلای کوڕی مەسعود(ڕەزای خوای لێ بێت) دەیگێڕێتەوە: ((پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ):خۆشەویست ترین کردەوە لای خوای گەورە چییە؟ فەرمووی: نوێژ کردن لە کاتی خۆیدا. وتم: پاشان چی تر؟ فەرمووی: چاکە کردن لە گەڵ دایك و باوکدا. وتم پاشان چی تر؟ فەرمووی: تێکۆشان لە پێناو خوای گەورەدا)).

### هاوەڵی فەرموودە گێڕ:

لە فەرموودەی ژمارە (٥)دا باس لە ژیاننامەی کرا.

---

(٥٠) ٧٨- أدب ، حديث (٥٩٧٠).

(٥١)١- الإيمان (١٣٧-١٣٩).

(٥٢) (٤١٨/١).

**وشەکان:**

**أحب إلى الله :** زۆر خۆشەویست ترە لای خوای گەورە و چاکتریانە.

**بر الوالدين :** گوێڕایەڵی کردنیان و حەقیان بدەی و باش بیت لە گەڵیاندا.

**الجهاد في سبيل الله :** بەخشینی نەفس و ماڵ بۆ خوای گەورە لە دژی بێ باوەڕاندا، وە دژایەتی کردنیان بۆ بەرز کردنەوەی کەلامی خوای گەورە.

**واتای فەرموودەکە بە کورتی :**

هاوەڵی فەرموودەگێڕ عەبدوڵلای کوڕی مەسعود (ڕەزای خوای لێ بێت) قورئان خوێن و شارەزا و زانای صەحابە بوو، وە پرسیارەکانی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی فیقە و تێگەیشتن بووە، وە چۆن لێرەدا پرسیار لە باشترین کردەوە کرا لای خوای گەورە ئێمەش پرسیارەکەمان دەربارەی گەورەترین و توندترین تاوان دەکەین؟

پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەڵام دەداتەوە: شتێك بشوبهێنیت بە خوای گەورەوە، کە ئەو دروستی کردووە، دەیفەرموو: پاشان چی تر؟ پێغەمبەری خواش (ﷺ) پێی دەفەرموو: منداڵەکەت بکوژیت لە ترسی ئەوەی، کە خواردن لە گەڵتا بخوات. دەیفەرموو: پاشان چی تر؟ پێغەمبەری خواش (ﷺ) پێی دەفەرموو: داوێن پیسی و زینا بکەیت لە گەڵ دراوسێکەتدا، ئەو چۆن حەز دەکات خۆشەویست ترین کردەوە بزانێت چییە لای خوای

گەورە، لە هەمان كاتدا حەز دەكات بزانێت، كە بزانێت قێزەوەترین و خراپترین كردەوە چییە لای خوای گەورە.

لەم فەرموودەیەماندا سێ شتمان بۆ ڕوون دەكاتەوە، كە خۆشەویست ترین كردەوەیە لای خوای گەورە:

**یەكەمیان:** نوێژكردن لە كاتی خۆیدا، نوێژ وەكو خۆی بنچینەی دووەمە لە بنچینەكانی ئیسلام و پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەكو پەرستنەكانی تر نەیگەیاندووە لە ڕێگەی جبرائیلەوە، بەڵكو خوای گەورە بەندەی خۆی(محمد) (ﷺ) لە مەككەوە گەیاندی بۆ (قودس) پاشان بەرزی كردەوە بۆ ئاسمان و لەوێ لە سەرەوەی ئاسمان لە گەڵ خوای گەورە گفتو گۆی كرد و ڕێزی گرت لێی و قسەی لە گەڵی كرد ڕاستەوخۆ لە سەر فەرز بوونی نوێژ، وە ئەمە بەڵگەیەكە لە سەر گەورەیی نوێژ، چونكە ئەگەر بەندە نوێژی كرد ئەوە لە خوای گەورەدا دەپارێتەوە و باشترین كات بۆ ئەوەی كە بەندە نزیك بێتەوە لە خوای گەورە ئەویش ئەوەیە نوێژەكەت لە كاتی خۆیدا ئەنجام بدەیت، وەكو پێغەمبەری خوا (ﷺ) زوو نوێژەكانی ئەنجام دەداو بەم شێوەیە پێغەمبەری خواش (ﷺ) ویستی لێ بووە، وەكو چۆن لە فەرموودەكەدا دەفەرموێت.

**دووەمیان:** چاكە كردن لە گەڵ دایك و باوكدا، وە حەقی دایك و باوك گەورەیە، خوای گەورە لە گەڵ یەكخواپەرستیدا باسی كردووە لە چەند ئایەتێكدا خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗا ﴾ (النساء: ٣٦).

**واته:** خوای گەورە بپەرستن و بە هیچ شێوەیەك هاوبەشی بۆ بڕیار مەدەن و لە گەڵ دایك و باوكیشتاندا باش بن.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا ﴾ (الأنعام: ١٥١).

**واته:** بەو كافر و بێ باوەڕانە بڵێ وەرن با ئەو شتانەتان بۆ بخوێنمەوە، كە پەروەردگارتان حەرامی كردووە لە سەرتان، نابێت هیچ شتێك بكەنە شەریك و هاوبەشی خوای گەورە، واتە شیرك قەدەغە و حەرامە و لە گەڵ دایك و باوكتاندا هەمیشە باشبن.

خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا ﴾ (الإسراء ٢٣).

**واته:** پەروەردگارت بڕیاری داوە و وەسێتی كردووە بەوەی، كە: دەبێت هەر خۆی بپەرستن و فەرمانیشی داوە،كە لە گەڵ دایك و باوكدا چاكە بكەن و غەیری ئەم ئایەتانەش .

لە سوننەتە پاكەكەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموودەی زۆر هەیە باس لە حەقی دایك و باوك دەكات.

لەوانە: ئەم فەرموودەیە: ((أَلا أُخْبِرُكُمْ بِأَكْبَرِ الْكَبَائِرِ : الإِشْرَاكُ بِاللَّهِ ، وَعُقُوقُ الْوَالِدَيْنِ ... ))(٥٣).

---

(٥٣) البخاري ٦- باب عقوق الوالدين. حديث (٥٩٧٦). ومسلم ١- إيمان ٣٨- باب بيان الكبائر وأكبرها، حديث (١٤٣) من حديث أبي بكرة.

**واتە:** پێتان ڕاگەیەنم، كە گەورەترین تاوان چییە ؟ فەرموویان بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی: **هاوبەش بۆ خوای گەورە پەیدا كردن و ئازار دانی دایك و باوك.**

یەكێكی تر لەو فەرموودانە: ((**لَعَنَ اللَّهُ مَنْ لَعَنَ وَالِدَيْهِ** ))(٥٤).

**واتە:** نەفرینی خوای گەورە لەو كەسە بێت كە نەفرین دەكات لە دایك و باوكی.

هەروەها دەفەرموێت: ((**من أحق الناس ببري قال: أُمُّكَ. قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: ثُمَّ أُمُّكَ. قَالَ : ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ : ثُمَّ أُمُّكَ. قَالَ ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ : أَبُوكَ**)).

**واتە:** كێ نزیكترین كەسە بۆم كە چاكەی لە گەڵدا بكەم ؟ فەرمووی: دایكت. وتی: پاشان كێ ؟ فەرمووی: دایكت. وتی: پاشان كێ ؟ فەرمووی: دایكت. وتی: پاشان كێ ؟ فەرمووی: باوكت.

پێویستە لە سەر موسڵمان هەستێت بەم حەقە گەورەیە ئەگەر دایك و باوكیشی بێ باوەڕ بن چونكە حەقیان ناكەوێت لە سەر منداڵەكانیان (فان حقهما لا يسقط عن الولد)﴿ وَإِن جَٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشۡرِكَ بِي مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٞ فَلَا تُطِعۡهُمَاۖ وَصَاحِبۡهُمَا فِي ٱلدُّنۡيَا مَعۡرُوفٗاۖ وَٱتَّبِعۡ سَبِيلَ مَنۡ أَنَابَ إِلَيَّۚ ﴾ (لقمان: ١٥).

**واتە:** ئەگەر هەوڵیان لەگەڵت دا بۆئەوەی شتێك بكەی بەهاوبەش و شەریكی خوا كە هیچ بەڵگە و زانیاریەكت پێ نییە ئەو كاتە گوێڕایەڵیان

---

(٥٤) مسلم ٣٥-الأضاحي حديث (٤٣-٤٥). والنسائي (٢٠٥/٧). وأحمد (١١٨/١،١٠٨).

مەكە و لە دونیا لە گەڵ هەردوكیان بە شێوەیەكی چاك و پەسەند هاوەڵی بكە و بەردەوام هەر ڕێگەی ئەوە بگرە كە بەرەو من ڕێگەی گرتۆتە بەر و گەڕاوەتەوە بۆلام .

**سێیەمیان:** تێكۆشان لە پێناو خوای گەورەدا چونكە كۆڵەگەی ئیسلامە وە بەوە ناوی خوای گەورە بەرز ئەكرێتەوە، هەروەها بەوەش خوای گەورە ئیسلام دەرئەخات و سەری ئەخات بە سەر ئایینەكانی تر وەكو چۆن ڕوویدا بە تێكۆشانی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵە بەڕێزەكانی لە دوای خۆی كە بە ڕاستی نەفس و ماڵی خۆیان فرۆشت لە پێناوی ڕێگەی خوای گەورەدا تێكۆشانێكی چاك خوای گەورە بە هۆی ئەوانەوە ئیسلامی بەرز كردەوە و سەری خست بە سەر هەموو ئاینەكانی تر لە سەر دەستی ئەوان، هەروەها بەرزیانی كردەوە و عیزەتی پێیان بەخشی و كردیانی بە گەورە و مامۆستا و زانا و سەركردەی دونیا، بە ڕاستی ئەوان ڕاستیان كرد لە گەڵ خوای گەورەدا لە پەیماندانانداندا (البيعة)كە كۆتایی هات لە نێوانیان ئەوان و خوای گەورەدا وەكو خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ ٱشۡتَرَىٰ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَنفُسَهُمۡ وَأَمۡوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلۡجَنَّةَۚ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيَقۡتُلُونَ وَيُقۡتَلُونَۖ وَعۡدًا عَلَيۡهِ حَقّٗا فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَٱلۡإِنجِيلِ وَٱلۡقُرۡءَانِۚ وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِعَهۡدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِۚ فَٱسۡتَبۡشِرُواْ بِبَيۡعِكُمُ ٱلَّذِي بَايَعۡتُم بِهِۦۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴿١١١﴾ ﴾ (التوبة: ١١١) .

**واتە:** بێگومان خوای گەورە نەفس و سامانی موسڵمانانی کڕیوە لە جیاتیان بەهەشتیان بداتێ شەڕ ئەکەن لە ڕێی خوای گەورەدا جا دەکوژن و دەشکوژرێن ئەو کڕین و فرۆشتنە بەڵێنێکی ڕاستە خوای گەورە داوێتی لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا، ئەوە کێ لە خودا پابەند ترە بە پەیمان و بەڵێنی خۆیەوە ؟ دەسا موژدە و مزگێنی بە یەکتر بدەن و هەمووتان دڵخۆش بن ئەی موسڵمانان! بەو کڕین و فرۆشتنەی کردووتانە دیارە هەر ئەو مامەڵەیە دەسکەوتی مەزن و سەرفرازیی گەورەیە.

ئایەت و فەرموودە زۆرە لە باس و فەزڵی جیهاد دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆی.

موسڵمانان بزانن کەوا سەربەزی و خۆشیان نییە نە لە دونیا و نە لە قیامەتدا ئیلا دەبێت دەست بگرن بە دینی خوای گەورەوە و تێبکۆشن لە پێناو خوادا، وە ئەوانەی کەوا تووشی سەرشۆڕی و زەلیلی بوون و بێ باوەڕان زاڵ بوون بە سەریاندا و داگیریانیان کرد تەنها بە هۆی کەم تەرخەمی دینەکەیان و وازهێنانیان لە تێکۆشان بوو لە پێناو خوای گەورەدا، بۆیە پێویستە دووبارە دەست بکەن بە ژیانێکی نوێ بە گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە و تێکۆشان لە پێناوی ئەودا وەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: ((إِذَا تَبَايَعْتُمْ بِالْعِينَةِ ، وَرَضِيتُمْ بِالزَّرْعِ ، وَأَخَذْتُمْ أَذْنَابَ الْبَقَرِ ، وَتَرَكْتُمْ الْجِهَادَ في سبيل الله سَلَّطَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ ذُلًّا لَا يَنْزِعُهُ عنكم حَتَّى تَرْجِعُوا إِلَى دِينِكُمْ ))[٥٥].

(٥٥) أخرجه أبو داود ١٧- كتاب البيوع ٥٦- باب في النهي عن العينة حديث (٣٤٦٢) وأحمد (٨٤/٢) والبيهقي في الكبرى (٣١٦/٥).

**واته:** ئەگەر دەستان دابە جۆرە کڕین و فرۆشتنێکەوە کە (ڕیبایە) وە ڕازی بوون بە کشتوکاڵ و خەریکی بوون و دوای مەڕو مالاَت کەوتن و دەستان گرت بە کلکی مانگاوە و وازتان لە تێکۆشان هێنا لە ڕێی خوادا، ئینجا خوای گەورە زەلیلیەك ئەخاتە سەرتان لای نابات تاوەکو نەگەڕێنەوە بۆ دینەکەتان.

## ئەو سوودانەی لەم فەرموودەیەدا وەردەگیرێت :

١- سەلماندن و جێگیر کردنی سیفەتی خۆشەویستی بۆ خوای گەورە بەو شێوەیی، کە شیاوە بە خۆیەوە.

٢- نوێژکردن لە کاتی خۆیدا باشترین و خۆشەویسترین کردەوەیە لای خوای گەورە.

٣- بە ڕاستی حەقی دایك و باوك گەورەیە و چاکە کردن و جێبەجێ کردنی مافەکانیان خۆشەویسترین کردەوەیە لای خوای گەورە.

٤- فەزڵی جیهاد لە پێناو خوای گەورەدا و هەستان بەم کارە سەربەرزی موسڵمانانە و چەندەها ئایەت و فەرموودە هەیە لەم دەربارەیەوە.

## فەرموودەی پازدەیەم

### ئایە جیهاد لە پێناو خوای گەورەدا باشترین كردەوە نییە؟

ألیس الجهاد في سبیل الله أفضل الأعمال ؟

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ – رضي الله عنه – قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهم عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ:

« إنَّ أوَّلَ النَّاسِ يُقْضَى يوْمَ الْقِيامَةِ عَلَيْهِ رجُلٌ اسْتُشْهِدَ ، فَأُتِىَ بِهِ ، فعرَّفَهُ نِعْمَتَهُ ، فعرفَهَا ، قالَ : فَمَا عَمِلْتَ فِيها ؟ قَالَ : قَاتَلْتُ فِيكَ حَتَّى اسْتُشْهِدْتُ : قالَ كَذَبْت ، وَلكِنَّكَ قَاتلْتَ لأنَ يُقالَ جَرِيء ، فَقَدْ قِيلَ ، ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ في النَّارِ.

وَرَجُل تَعلَّم الْعِلّمَ وعَلَّمَهُ ، وقَرأ الْقُرْآنَ ، فَأتِىَ بِهِ ، فَعَرَّفَهُ نِعمةُ فَعَرَفَهَا . قالَ : فمَا عمِلْتَ فِيهَا ؟ قالَ : تعلَّمْتُ الْعِلْمَ وَعَلَّمْتُهُ ، وَقَرَأتُ فِيكَ الْقُرآنَ ، قَالَ : كَذَبْتَ ، ولكِنَّك تَعَلَّمْت الْعِلْمَ وَعَلَّمْتُهُ ، وقَرَأتُ الْقرآن لِيقالَ : هو قَارِىءٌ ، فَقَدْ قِيلَ ، ثُمَّ أمِرَ ، فَسُحِبَ عَلى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ في النَّارِ.

وَرَجُلٌ وسَّعَ اللَّه عَلَيْهِ ، وَأعْطَاه مِنْ أصنَافِ المَال كله، فَأُتِى بِهِ فَعرَّفَهُ نعمَهُ ، فَعَرَفَهَا . قال : فَمَا عَمِلْت فيها ؟ قال : ما تركتُ مِن سَبيلٍ تُحِبُّ أنْ يُنْفَقَ فيهَا إلاَّ أنْفَقْتُ فيها لَك . قَالَ : كَذَبْتَ ، ولكِنَّكَ فَعَلْتَ لِيُقَالَ : هو جَوَادٌ فَقَدْ قيلَ ، ثُمَّ أمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وجْهِهِ ثُمَّ أَلْقِيَ في النار».

(أخرجه مسلم[٥٦] وأحمد[٥٧] والنسائي[٥٨]).

---

(٥٦) ٣٣- الإمارة. حديث (١٥٢) (٣/١٥١٤).

**واتـــــه:** (أبـو هريـرة) (ڕەزای خــوای لــێ بێــت) دەیگێڕێتــەوە و دەفەرموێت:گوێم لەپێغەمبەری خوا بوو(ﷺ) کـە دەیفـەرموو: بەدڵنیاییـەوە یەکەم کەس لە خەڵکی، کە لێپرسینەوەی لێ دەکرێت: پیاوێکە، کە شەهید بـووە و دەیهێـنن و دان بـەو نیعمەتانـە دەنێـت، کـە خـودای گـەورە پێـی بەخشیوە، خوای گەورە پێی دەفەرموێت: ئیشی چیت پێ کرد؟ ئەویش لـە وەڵامدا دەڵێت: لە پێناوی تۆدا شەڕم کرد تـا شـەهید بـووم، خـوای گـەورە دەفــەرموێت: درۆت کــرد بــەڵکو شــەڕت کــرد تــاکو پێــت بوترێــت ئــازا و بەجەرگە، ئەوەی مەبەستت بوو وترا، پاشان فەرمانی پێ دەکـەن و بـەدەم و چاودا دەیکەنە کێش تاوەکو فڕێی دەدەنە ناو دۆزەخەوە.

هەروەها پیاوێك فێری زانست بووە و خەڵکیشی فێر کردووە و قورئانی خوێندووە، پاشان دەیهێنن بۆ لای پەروەردگار نیعمەت و پاداشـتەکەی پـێ دەڵێن و دەزانێت، پاشان پێی دەڵێن ئیشی چیـت پێ کرد....؟ ئـەویش لـە وەڵامدا دەڵێت: لە پێناوی تۆدا فێری زانسـت بـووم و خەڵکیشـم فێرکـرد لـە بــەر خــاتری تــۆ، وە قورئانیشــم خوێنــدەوە لەبــەر تــۆ، خــوای گــەورەش لەوەڵامدا پێی دەفەرموێت: نـەخێر درۆت کـرد، بـەڵکو ئەمـەت کـرد تـاوەکو پێت بوترێت: کابرایەکی قورئان خوێنی و ئەویش وترا، پاشان فـەرمانی پـێ دەکەن بەدەم وچاودا دەیکەنە کێش تاوەکو فڕێی دەدەنە ناو دۆزەخەوە.

وە پیاوێك خوای گەورە ماڵ و سەروەتێکی زۆری پێ بەخشیوە دەیهێـنن و دان بـەو نیعمەتانـەدا دەنێـت، کـە خـودای گـەورە پێـی بەخشـیوە، خـوای

(٥٧) (٣٢٢/٢).

(٥٨) (٢١/٦).

گەورەش پێی دەفەرموێت: ئیشی چیت پێ كرد؟ ئەویش لە وەلأمدا دەلێت: هەرشتێك خێر و چاكە بوایە لە پێناوی تۆدا ئیلا ئەنجامم دەدا، خوای گەورە دەفەرموێت: درۆت كرد تا بەلكو پێت بوترێت سەخی و دەس بلاوی و ئەوە مەبەستت بوو، پاشان فەرمانی پێ دەكەن بەدەم وچاودا دەیكەنە كێش، تاوەكو فڕێی دەدەنە ناو دۆزەخەوە.

## گێرەڕەوەی فەرموودەكە :

لە فەرموودەی ژمارە (١١)دا باس لە ژیاننامەی كرا.

## وشەكان:

**يقضى عليه** : دادوەری و لێپرسینەوە دەكرێت.

**استشهد** : لەبەرچاو خەلكی وا دیارە كە شەهادەی بە دەستهێناوە و كوژراوە لە پێناو خوای گەورەدا.

**جريء** : ئازا و بە جەرگ.

**سحب** : ڕاكێشان لە سەر سك و دەم و چاو بەتوند و تیژی تاوەكو سوكایەتی پێ بكرێت.

**ألقي** : كراوەتە ناو ئاگر و فرێدراوەتە ناوی.

**أصناف المال** : جۆرەكانی.

**جواد** : بە خشندە و میهرەبان.

**واتای فەرمووده‌كه‌ به‌ كورتی :**

چارەنووسی ئەوسیٚ بەد بەختە بۆ پەند و یادکردنەوەیە بۆ کەسێك، کە دڵی زیندوو بێت یاخود گوێڕاگر بێت.

هەستیان چییە و چ شتێك توشی بەڵایانی کرد ؟ ئایا جیهاد لە پێناو خوای گەورە باشترین کردەوە نیە؟ ئایا کۆڵەگەی ئیسلام نیە؟ ئایە تێکۆشەر لە پێناو خوای گەورەدا (سەد) پلە نییە کە لە نێوان پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تر نێوان ئاسمان و زەوییە؟ ئایا کوژراوەکان (الشهداء) زیندوو نیین لای خوای گەورە و ڕزق و ڕۆزیان دەدات؟ وە لەبەهەشت دا سوڕ ئەخۆن چ کاتێك بیانەوێت ؟ ئایە زانایان میراتگری پێغەمبەران نیین؟ ئایا خوای گەورە نافەرموێت ﴿ يَرْفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ وَٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ دَرَجَٰتٍ ﴾ (المجادلة: ١١)

**واتە:** خوای گەورە ئەوکەسانە بەرز ئەکاتەوە کە باوەڕیان هێناوە و ئەوانەش زانستیان پێدراوە.

هەروەها ئەم خێرکەرە چاکەخوازە، کە هیچ ڕێگەیەك نابینێت ئیلا ئەبێت خێری تێدا بکات ئایا خوای گەورە چاکە ناکاتە دەقات هەتا (٧٠٠) چاکە؟ بەتایبەتی ئەگەر بەخشینەکە لە پێناو خوای گەورەدا بێت، ئایا خواکەمان هانی نەداوین بۆ بەخشندەیی و بەخشین لەڕێگاکەیدا؟

ئایا چی وای لیٚ کردن کە یەکەم کەس بکرێنە ناو دۆزەخەوە – خوا پەنامان دات لەو چارەنوسە –بەدڵنیایەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم چارە نووسەیانی بۆ ڕوونکردینەوە: ئەوەیە کە نیەتیان پاك نەکردۆتەوە لە

كردەوەكانیاندا و دڵسۆزی ئەنجام دەن بۆ خوای گەورە كە لە بەر چاوی خەڵكی زۆر گەورە و دیارە، وە نیەتیان بۆ خوای گەورە نەبووە، بەڵكو مەبەستەكانیان خراپ بووە و ئامانجەكانیان بۆگەنە ئەویش ئەوەیان پێ خۆش بوو، كە خەڵكی بە باشی باسیان كەن و پێیانا هەڵدەن و لە سنوری خۆیان دەریان كەن، ئەو تێكۆشەرە نە نیەتی خوای گەورە و، وە نە مەبەستی بەرزكردنەوەوی ناوی خوای گەورە بووە، بەڵكو مەبەستی خۆی بووە، پێی خۆشبووە بەرز ببێتەوە و بەناوبانگ بێت لەناوخەڵكیدا بە ئازا و قارەمان و چوونە پێش و ئەوەش ڕویدا كە پاداشتەكەی لە دونیا بوو، بەڵام لە قیامەتدا پاداشتەكەی ئەوەیە، كە ئابڕوی بچێت و كاروبارە نهێنیەكانی ئاشكرا بێت، پاشان فڕێ بدرێتە ناو ئاگرەوە.

زاناش بۆ خوای گەورە زانستی بە دەست نەهێناوە تاوەكو لە دینەكەی تێ بگات و شارەزا بێت، هەروەها چی پێویستە بۆ خوای گەورە و قورئانەكەی و پێغەمبەرەكەی و خەڵكی تاوەكو بە جێی بهێنێت و ئەنجامی بدات و خەڵكی فێر نەكردووە بۆ خوای گەورە و بە هیوای پاداشت و بڵاوكردنەوەی زانست و بانگەوازكردن بۆ دینەكەی خوای گەورە، بەڵكو بوترێت فلان كەس زانا و شارەزای سەردەمە (علامة الزمان) و (حافظ الوقت) و قورئان خوێنی ئوممەتە، سزاكەی ئەوە بوو نیازەكەی ڕسوابكرێت و پەردە لە سەر ڕاستێكەی لابرێت لە ڕۆژی قیامەتدا پاداشتی ئەو كردەوە خراپانەی، كە بە ئەنقەست كردویەتی، پاشان ئەكرێتە ناو دۆزەخەوە، هەروەها خاوەن ماڵ و سامان سوپاسی خوای گەورەی نەكرد بۆ ئەو نیعمەتەی، كە خوای گەورە پێی بەخشیوە و لەوانە نەبووە، كە خوای

گەورە لە قیامەتدا دەفەرموێت:﴿ وَٱلَّذِينَ فِيٓ أَمۡوَٰلِهِمۡ حَقّٞ مَّعۡلُومٞ ٢٤ لِّلسَّآئِلِ وَٱلۡمَحۡرُومِ ٢٥ ﴾ {المعارج، (٢٤-٢٥)}. **واتە:** ئەوانەی کە مافێکی دیاریکراو لە سامانیاندا هەیە بۆ داواکار و بۆ بێ بەشکراوی داوانەکەر، چونکە بۆ خۆی ڕووی نییە داوا بکا و خەڵکیش وا ئەزانن هەیەتی.

هەستی نەکردووە، کە ئەو ماڵەی بەجێی هێشتوە ماڵی خوای گەورەیە تەماشای کات چۆن کاری پێ بکرێت، بۆیە ئەو نایەوێت لە ڕێی خوای گەورەدا بیکات بە خێر و ڕێگەیەك نا ناسێت بۆئەوەی نیەتی بۆخوای گەورە بێت بەڵکو ئەیەوێت لای خەڵکی بە باشی باسی بکەن و ناوداربێت و شەیدای شاعیرەکانە کە پیا هەڵدەن و خەڵکی بیفرێنن بەهەواڵی ئەوەی کەچاك و سەغیە ئەوەی کە ویستی لێ بوو لە دونیا بەدەستی هێنا و لەقیامەتدا کە نایەوێت بەدەستی بهێنێت، بە دڵنیایەوە پاداشتەکەی لێکۆڵینەوەیەکی ورد و پاداشتێکی داد پەروەری بۆ هەیە و فریشتەی توند و تیژ کە سەرپێچی خودای گەورە ناکەن کاتێك، کە فەرمانیان پێ دەکات و هەر فەرمانێکیان پێ بکرێت جێبەجێی دەکەن چاوەڕوانی دەکەن بۆئەوەی بە دەم و چاودا ڕای کێشن و پاشان فرێی دەدرێتە ناو دۆزەخەوە.

بەدڵنیایەوە ئا لەمە پەندێکی گەورە و ئامۆژگاریەکی ڕەوانبێژیە بۆ تێکۆشەران و زانایان و ئەو دەوڵەمەندانەی، کە لە پێناوی خوای گەورەدا ئەبەخشن، کەمیان هەیە کەوا پەندو ئامۆژگاری وەرگرن و نیەتیان پاك کەنەوە لەکردەوەکانیاندا بۆ خوای گەورە بە پەیمانی خوای گەورە ڕزگاریان دەبێت لەو سزای خوای گەورە دادەبەزێت بەسەر ریا بازوو دوو ڕووەکاندا.

## فەرموودەی شازدەیەم

# شوێنەواری ئەو زانیاری و ڕێنمونیانەی كە پێغەمبەری خوا محمد (ﷺ) هێناویێتی لە جۆری خەڵكی

أثر العلم والهدى الذي جاء به الرسول محمد صلى الله وعليه وسلم في أصناف الناس

عَن أَبِي مُوسَى الأشعري – رضي الله عنه– عَن النَّبِيِّ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:

« مَثَلُ مَا بَعَثَنِي الله مِن الهُدَى وَالْعِلْمِ ،كَمَثَلِ الْغَيْثِ الْكَثِيرِ أَصَابَ أَرْضًا؛ فَكَانَ مِنْهَا نَقِيَّةٌ قَبِلَت المَاءَ فَأَنْبَتَت الْكَلَأَ وَالْعُشْبَ الْكَثِيرَ.

وَكَانَتْ مِنْهَا أَجَادِبُ أَمْسَكَت المَاءَ فَنَفَعَ الله بِهَا النَّاسَ فَشَرِبُوا وَسَقَوْا وَزَرَعُوا.

وَأَصَابَ مِنْهَا طَائِفَةً أُخْرَى إِنَّمَا هِيَ قِيعَانٌ لَا تُمْسِكُ مَاءً وَلَا تُنْبِتُ كَلَأً؛ فَذَلِكَ مَثَلُ مَن فَقُهَ فِي دِينِ الله وَنَفَعَهُ مَا بَعَثَنِي الله بِهِ فَعَلِمَ وَعَلَّمَ، وَمَثَلُ مَن لَمْ يَرْفَعْ بِذَلِكَ رَأْسًا وَلَمْ يَقْبَلْ هُدَى الله الَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ»

( رواه البخاري[٥٩] مسلم[٦٠] وأحمد[٦١] ).

---

(٥٩) ٣–كتاب العلم : ٢٠ باب فضل من علم وعلم حديث (٧٩).

(٦٠) ٤٣–كتاب الفضائل : حديث رقم (١٥) ، (٢٢٨٢).

(٦١) (٣٩٩/٤).

**واته:** ئەبو (موسا)ی ئەشعەری (ڕەزای خوای لێ بێت) دەیگێڕێتـەوە، کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: وێنەی ئەوەی منی پـێ ڕەوانـە کـراوم لە ڕێنمونی و زانستدا وەك نموونەی:

١- بـارانێکی زۆر وایـە، کـە پارچـە زەویـەکی گرتـەوە هەنـدێك لـەو زەوییە پاکە بە پیت و بەرەکەت بوو و سوودمەند بوو لێی، هەروەها لەوەڕ و گژوگیایەکی زۆری لێ سەوز بوو.

هەندێکی تر لەو زەویە چۆڕ بوو وەك بەردی هەسـتان، ئاوەکـەی گرت و تێیدا مایەوە و خوای گەورە خەڵکی لێ سودمەند کرد و خواردیانەو و ئاژەڵەکانیان پێ ئاودا و کشتوکاڵیان لێ کرد.

٢- هەندێکی تر لەو بارانە دایبەسـەر زەویـەکی تـەخت و لوسـدا، نـە سەوزایی ڕواند و نە ئاوەکەشی گلدایەوە.

هاوشێوەی یەکەم: وەك نموونەی ئەو کەسـەیە، کـە لـە دینەکـەی خوای گەورە شارەزا بووە و سوودمەند بووە لەوەی، کـە خـوای گـەورە بـۆ منی ناردووە، هەروەها ئەو کەسەش فێـری زانسـت بـووە و خەڵکیشـی فێـر کردووە.

هاوشێوەی دووەم: وەك نموونەی ئـەو کەسـەیە، کـە ڕێـز و سـەر بـەرز نـەبووە و سـوودی لـەو زانسـت و هیدایەتـە وەرنـەگرتووە، کـە خـوای گەورە بە پێغەمبەرەدا ناردویەتی ڕەدی کردۆتەوە.

## گێڕەرەوەی فەرموودەکە

(ئـەبو موسـا)ی ئەشـعەری: عەبـدوڵلای کـوڕی قەیسـی کـوری سـەلیم کوڕی (حضار) هـاوەڵێکی بـەناوبانگ هیجرەتـی کـرد بـۆ مەککـە پاشـان بـۆ

حەبەشە پاشان بۆ مەدینە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دایمەزراند لەسەر ناوچەی یەمەن، پیاوێكی ئازا و زانا و پیشەساز بوو.

(ئیمامی عومەر) كردی بە كاربەدەست لە سەر (كوفە و بەسرە) و(ئـەهواز و ئەسفەهان) و چەند شارێكی تری ڕزگاركرد، ساڵی (٥٠)كۆچیدا وەفاتی كرد (ڕەزای خوای لیّ بێت)

## وشەكان

المثل : لێرە واتای سیفەتێكی سەرسوڕمانە نەك وتەیەكی گشتی

**الهدى :** نیشانەیەكی گەیاندنە بۆ ئەو مەبەستەی ئەتەوێت

**الغيث الكثير :** بارانێكی زۆر

**نقية :** پاكە وەكو لە ڕیوایەتەكەی تردا هاتووە

**الكلأ :** بۆ گیای تەڕ و وشك پێكەوە دەوترێت

**العشب :** گیای تەڕ

**أجادب :** كۆی (جدب)ــە واتــە: زەوییـەكی ڕەق وەك هەسـتان كـەوا ئـاو بـە كەمی هەڵئەمژێت، ئاو كەم پێی دەگات

**قيعان :** كۆی (قاع)ـە واتە: زەویەكی ڕاست و لـوس، كـە شـتی تێـدا سـەوز نابێت

## ڕوونكردنەوەی ئەم نموونە ( چیرۆكە ) یە

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم نمونەیەی شـوبهاندە بـە بـارانێكی گشـتییەو كـەوا خـەڵكی دێـن بـۆی لـەكاتی پێویسـتیەكانیاندا هـەر وەكـو چـۆن حـاڵی خەڵكی وا بوو لە پێش هاتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر وەكو چۆن باران بە

فەرمانی خوای گەورە زەوییەکی مردوو زیندوو دەکاتەوە بەهەمان شێوە (وەحی) لەلایەن خوای گەورەوە

دڵە مردووەکان زیندوو دەکاتەوە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُۥ نُورًا يَمْشِي بِهِۦ فِي ٱلنَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا ﴾ (الانعام : ١٢٢).

**واتە:** ئاخو کەسێك مردوو بێت و ئینجا زیندووی کەینەوە، واتە: کافر و بێ بڕوا بێ، پاشان ئیمان و باوەڕ بخەینە دڵیەوە و باوەڕ بێنێ و ڕووناکی و نوریشی بدەینێ و ڕێی خۆی پێدەرکا و بە سەر بەستی لە ناو مەردومدا هاتوو چۆ بکات وەکو کەسێ وایە، کە لە ناو تاریکییەکانی شیرك و سەرلێشێواویدا بێت کە هەرگیزیش نەتوانێت خۆی لێ ڕزگار بکاو بێتە دەرێ.

مەبەست بە ڕووناکی لێرەدا: ڕووناکی (وەحی) یە، وە تاریکێکان: تاریکی نەزانی و بێ باوەڕی و گومڕاییە، لە پاشان پێغەمبەر (ﷺ) ئەو خەڵکەی شوبهاند بەو زەوییە هەمەجۆرەی کە بارانی بە سەردا دەبارێت.

١- هەندێك لەوانە زانا و کردار و فێرکەرن، ئەوەش لەجێگای زەوییە پاکەیە، کە ئاوەکەی خواردەوە و سوودی لێ وەرگرت بۆ خۆی و سەوزبوو، پاشان سوودی گەیاند بۆ غەیری خۆشی.

٢- هەندێکی تر لەوانە: کۆکەرەوەی زانست و هەوڵدان بۆ بە دەستهێنانی، بەڵام کاری نەکرد بەسونەتەکانی یان تێ نەگەیشت لەوەی، کە کۆی کردەوە، بەڵام ئامراز و ئامێرە بۆ غەیری خۆی ئەمەش لە شێوەی

ئەو زەوییە یە، كە ئاوەكە لە ناوی ئەوەستێت كەوا خەڵكی لێی سوودمەند ئەبن ئەوەیە كە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاماژەی بۆ ئـەكات ((نَضَّرَ اللَّهُ امْرَأً سَمِعَ مَقَالَتِي فَوَعَاهَا فَأَدَّاهَا كَمَا سَمِعَهَا)).

**واتە:** ڕووگەش و جوان بێت ئەو كەسەی كە ووتەی من ئەبیستێ و لێی تێئەگا لە پاشان دەیگەیەنێ هەروەك چۆن بیستویەتی.

٣- هەندێكی تریان: گوێی لە زانست ئەبێت و لە بەری ناكات و كردەوەشی پێ ناكات و نایگەیەنێت بە غەیری خۆی، ئەمەش لە هاوشێوەی ئەو زەوییە شۆرە لووسەیە كەوا ئاو ڕاگیر ناكات یان غەیری خۆی پیس دەكات.

بۆیە ئەو دوو بەشە چاكە یەكەمی كۆ كردەوە لە نموونەكەدا لە بەر یەكگرتنیان لەسودلێ وەرگرتندا.

هەروەها بەشە زەم كراوەكەی سێیەمیانی تاك كردەوە، چونكە سوودی نییە، بۆیە پێویستە لە سەرت ئەی برای موسڵمان: بەو زانستەی، كە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتووە و كردەوەشی پێ بكەیت خوای گەورە بەرزت دەكاتەوە پێی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَرْفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمْ وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْعِلْمَ دَرَجَٰتٍ ﴾ (المجادلة: ١١)

**واتە:** خوای گەورە هەندێك لەوانەی ئیمانیان هێناوە بەرز دەكاتەوە، وە ئەوانەی كەوا زانستیان پێ بەخشراوە ، چەند پلەیەك بە سەر باوەڕدارەكاندا بەرز دەكاتەوە.

هــەروەها دەفــەرموێت: ﴿ قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَۗ ﴾ (الزمر: ٩)

**واتە:** بڵێ ئایە ئەوانەی کەوا ئـەزانن و شـارەزان لەگـەڵ ئەوانـەی کـەوا نازانن و نەشارەزان یەکسانن دیارە هـەرگیز یەکسـان نـین، وە پێویسـتە لـە سەرت کردەوەی پێ بکەیت و بانگەوازیشی بۆ بکەیت.

خــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿ وَمَنۡ أَحۡسَنُ قَوۡلٗا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴾ (فصلت: ٣٣)

**واتە:** کێ لەو کەسە قسەی جوانترە خەڵك بەرەو یەکخواناسی و ئیسلام کردن بە پەیڕەو و بانگ دەکات و کردەوەی چاکیش دەکا و بە شانازیشەوە ئەڵێ: من یەکێکم لە موسڵمان.

هەوڵـدە لـە جـۆری یەکـەم بێـت کـەوا ئـەو ڕووناکیـە وەرگرێـت کـە پێغەمبەری خـوا (ﷺ) هێنـاویێتی کـە خـوای گـەورە دڵەکـەتی پـێ ڕوونـاك و زیندوو دەکاتەوە بۆیە ژیانی ڕاستەقینەی خۆش تەنها بەوە دەبێت.

هـەروەها زۆر ئاگـادار و وریـا بـە: کـەوا لـە جـۆری سـێیەم نـە بیـت کـەوا ڕێنمونی خوای گەورە وەرناگریت و سەری بۆ بـەرز نەکەیتـەوە (لم يرفـع بـە راسە).

## ئەو سوودانەی لەم فەرموودەیەدا وەردەگیرێت :

١- گەورەی ئەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) هێناویێتی لە ڕێنمـونی و زانسـت، ئەوەش قورئان و سوننەت و شوێنەوارەکانیان لەژیانی خەڵکیدا.

٢- خەڵكی جۆرا و جۆرە (تفاوت) لە خۆئامادەكردندا بۆ وەرگرتنی ئەوەی، كە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ)

هاتووە و ئەوەی نەهاتووە (عدمە) بۆیە خەڵكی (كانزان) مەعدەنن (الناس معادن).

٣- فەزڵی زانست و فێركردنی و بڵاوكردنەوەی خێر لە ناو خەڵكیدا.

٤- ترسناكی پشت هەڵكردن لە وەی، كە پێغەمبەر (ﷺ) هێناویێتی لە قورئان و سوننەتدا لە لایەكەوە،

نیشانەی ئەو پشت لێ هەڵكردنە لە سەر پیسی و بۆنی ئەو مەعدەنەیە ئەوانەی كەوا پشتیان لێ هەڵكردووە

بێ ڕێزن لای خوای گەورە.

## فەرموودەی حەڤدەیەم

# ڕاستگۆیی و درۆکردن و ئەنجامەکانیان

## الصدق والكذب ونتائجهما

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بن مسعود – رضي الله عنه – قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ:

« عَلَيْكُمْ بِالصِّدْقِ، فَإِنَّ الصِّدْقَ يَهْدِي إِلَى الْبِرِّ، وَإِنَّ الْبِرَّ يَهْدِي إِلَى الْجَنَّةِ، وَمَا يَزَالُ الرَّجُلُ يَصْدُقُ وَيَتَحَرَّى الصِّدْقَ حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللَّهِ صِدِّيقًا.

وَإِيَّاكُمْ وَالْكَذِبَ، فَإِنَّ الْكَذِبَ يَهْدِي إِلَى الْفُجُورِ، وَإِنَّ الْفُجُورَ يَهْدِي إِلَى النَّارِ، وَمَا يَزَالُ الرَّجُلُ يَكْذِبُ، وَيَتَحَرَّى الْكَذِبَ حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللَّهِ كَذَّابًا». (أخرجه البخاري[٦٢] ومسلم[٦٣] وأحمد[٦٤] وأبو داود[٦٥] ومالك[٦٦] والترمذي[٦٧] وابن ماجه[٦٨] والدارمي[٦٩] واللفظ لمسلم).

**واتە:** عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەیگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) فەرمویەتی: ئاگادارتان ئەکەمەوە کە پابەند بن

(٦٢) ٧٨-كتاب الأدب : حديث رقم (٦٠٩٤).

(٦٣) كتاب البر والصلة : ٢٩-باب قبح الكذب وحسن الصدق وفضله حديث (١٠٥).

(٦٤) (٨/١).

(٦٥) ٣٥-كتاب الأدب ، ٨٨- باب التشديد في الكذب حديث (٤٩٨٩) ، (٥/٢٦٤).

(٦٦) ٥٦-كتاب الكلام ،٧- باب ما جاء في الصدق والكذب حديث (١٦) ، (٢/٩٨٩).

(٦٧) ٢٨-كتاب البر والصلة ٤٦- باب ما جاء في الصدق والكذب حديث (١٩٧١) ، (٤/٣٤٧).

(٦٨) المقدمة ٧- باب اجتناب البدع والجدل ، حديث (٤٦) ، (١/١٨).

(٦٩) ٢٠- الرقائق ٧- باب في الكذب ، حديث (٢٧١٨) ، (٢/٢١٠).

بـە ڕاسـتگۆیەوە، چـونكە ڕاسـتگۆی ڕێپیشـاندەری چـاكەیە، وە چـاكەش ڕێپیشاندەرە بۆ بەهەشت، بە بەردەوامی پیـاوی وا هەیـە ڕاسـت ئـەكات لـە وتەكانیدا و بە دوای ڕاستگۆیدا ئەگەڕێت و مەبەستی ڕاستگۆییە تاوەكو لای خوای گەورە بە ڕاستگۆ ئەنوسرێت.

وە دەتانترسێنم و وریاتان دەكەمەوە لـە درۆكـردن، چـونكە درۆكـردن هۆكاری خراپەیە، وە خراپەش هۆكاری چونە ناو دۆزەخـە و بـە بـەردەوامی پیاوی وا هەیە درۆ دەكات و بەدوای درۆكردندا دەگەڕێت تاوەكو لای خـوای گەورە بەدرۆزن دەنوسرێت.

## گێڕەرەوەی فەرموودەكە

عەبدوڵڵای كوڕی مەسعود لە فەرموودەی ژمارە( ٥) دا باس لەژیاننامەی كرا.

## وشەكان:

**علیكم** : ناوی فەرمانی داخوازیە (اسم فعل امر) بەواتای: ڕاستگۆیی بگرن.

**الصدق** : یەكسانی هەواڵ لە گەڵ ڕووداودا

**یـهدی** : ڕێنیشاندەرە و ڕێنمونیدەر.

**البــر** : فراوانی لە كرداری چاكە، ئـەویش نـاوێكی كۆكەرەوەیـە بـۆ هـەموو چاكەكان، هەروەها بۆ ئیشێك ئەوترێت كە بە بەردەوامی دڵسۆز بێت.

**الفخـور** : چـونە نـاو تاوانـەوە بـە زۆری، ئـەویش نـاوێكی كۆكەرەوەیـە بـۆ خراپە، وە بناغەی خراپە درزێكی فراوانە (الشق الواسع)

**یتحری** : بە دوایدا دەگەڕێت.

**ایــاكم** : وشەیەكی ئاگادار كردنەوەیە لە خراپە یان ئەو شتەی زیان بەخشە.

**الكذب** : هەواڵ لە گەڵ ڕووداودا.

**واتـاى فەرمووده كه به كورتى :**

ڕاستگۆیی ڕەوشتێکی مەردە، وە لە بنچینە بەرزەکانە(من اسس الفضائل)وە بەوە ژیان ڕاست دەبێتەوە، وە بە ڕەوشتێکی باش ئەڕوات و سووڕ ئەخواتەوە، وە ڕاستگۆیی خاوەنەکەی بڵند ئەکاتەوە، هەروەها ڕێزی لای خوای گەورە و خەڵکی بەرز ئەکاتەوە، بۆیە وشەیەکی بەڕێز و خۆشەویست ئەبێت لایان، هەرەوەها شایەتی و قسەی وەرئەگیرێت لایان، بۆیە پێویستە لە سەرت بەدوای ڕاستگۆیدا بگەڕێیت لە قسە و بیرو باوەڕ و ئیشکردندا.

بە دڵنیایەوە پێغەمبەری بەخشندە (ﷺ) ڕێنمونیمان ئەکات بۆ باسێکی پەروەردەی گەورە، ئەویش ڕێگای

ڕەوشت و پەروەردەیە، وە دروست بوونی و بە هێزبوونی لە دەروونـدا تاوەکو مرۆڤـ وتەیەکی جوان و مەزن دروست بکات و بە دوایدا بگەڕێت، وە مەبەستی بێت لە کارەکەیدا جارێك لە دوای جارێك پاشان چوارەم لە دوای سێیەم و شەشەم لەدوای پێنجەم، تاوەکو ئەو دووبارە کردنەوەیە کاریگەری هەبێت لە دەرونیدا، وە هەرکاتێك سوور بوو لە دواکەوتنی ئەو کارەیدا ئەوکاتە زیاتر بەدەستی خۆی ئەو لەزگەیە ئەخاتە سەری بۆ تیمارکردن،وە جێگیر ئەبێت لەناویدا.

هەرکەسێك تەماحی لە پلەو پایەی ڕاستگۆکان بێت و ڕاستگۆی ڕەوشت و خوو و ڕەفتاری بێت ئەوا بە دوای ڕاستگۆیدا بگەڕێت (فليتحر الصدق) لە قسە و کردەوەکانیدا، وە بەدوایدا بچێت و ئەگەر ڕاستگۆیی

ڕەوشتی بێت ئەو كاتە بە پەنای خوای گەورەوە ئەگاتە پلە و پایەی ڕاستگۆكان، هەر وەكو ڕاستگۆی لە بنچینە بەڕێزەكانە

(من اسس الفضائل) بۆیە درۆ لە بنچینە سوك و ڕیسواكانە، هەر بەوە خانو و بینای خەڵكی دێتە بوون، وە ڕێگاكان چۆڵ ئەبێت، وە خاوەنەكەی لە بەر چاو خەڵكی ئەكەوێت و بێ ڕێز ئەبێت و باوەڕی پێ ناكەن لە قسەكردندا و متمانەی پێ ناكەن لە كاركردندا، قسەكانی نارەوا و پڕوپوچە، بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگادارمانی كردۆتەوە لێی

وە لەقورئاندا ئایەت، زۆر هەیە كەوا درۆكردن بە قێزەوەن ئەزانێت و خۆمانی لێ دووركەینەوە، وە بەڵێنی داوە

كە سزایەكی توندی ئەدات وەكو خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ ٱلْكَذِبَ هَٰذَا حَلَٰلٌ وَهَٰذَا حَرَامٌ لِّتَفْتَرُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ ﴿١١٦﴾ مَتَٰعٌ قَلِيلٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١١٧﴾ ﴾ (النحل ١١٦-١١٧). **واتە:** بە زمان و سەر زارەكی و بێ بەڵگەی شەرعی لە خۆتانەوە هەندێ شت حەڵاڵ یان حەرام مەكەن، مەڵێن: ئەمە حەڵاڵە و ئەوە حەرامە، ئێوە وەكو ئەو موشریكانە مەكەن كە بە ئارەزووی خۆیان (بەحیرە)و(سایبە)و(وەصیلە)و(حام)یان لە خۆ حەرامكرد! هەر بۆ ئەوە لە سەر خوا درۆ هەڵبەسن! چونكە حەڵا و حەرام بە دەستی ئێوە نییە و بۆتان نییە سنوور شكێنی بكەن، بێگومان ئەوانەی كە درۆ بۆ خوا و ئایینی خوا هەڵدەبەستن، سەرفراز و ڕزگار و بەختەوەر نابن لەم ژیانی دونیادا

کەمێك بۆ خۆ ڕادەبوێرن و بەهرەیەکی کەمیان بۆ دەبێ، وە لە قیامەتیشدا سزایەکی بە ژان و ئێش پێ گەیەنەریان هەیە.

هەروەها خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ إِنَّمَا يَفْتَرِي الْكَذِبَ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَاذِبُونَ ﴿١٠٥﴾ ﴾ (النحل: ١٠٥).

**واتە:** بەڕاستی ئەوانە درۆ هەڵدەبەستن کە بڕوایان بە ئایەتەکانی خوای گەورە نییە.

ئایا شەریك قەراردان بۆ خوای گەورە و شوبهاندنی شتێك بەخوای گەورەوە کەوا گەورەترین گوناه و تاوانە بەهۆی درۆوە نییە؟

وە ئایە دوو ڕوویی کەوا لە بێ باوەڕیەکی ڕوون خراپترە بە هۆی درۆوە نییە؟ هەروەها غەش و فێڵ کردن لە مامەڵە کردندا ،وە شکاندنی پەیمان و شوێن و کاتی چاوپێکەوتن و ڕیا و سومعە لە کارەکاندا هەمووی لە درۆکردندا نییە؟

ئەی برای موسڵمان دوور کەوەوە لە درۆکردن چونکە درۆ کردن و چوونە ناو درۆکردن بە هیلاکت دەبات و بەرەو گوناهە و خراپە و خاوەنەکەی ڕادەکێشێت بۆ خانەوادەی تاوەنباری و نالەباری، وە بە دڵنیایەوە تاوانبار لە ئاگردایە: ﴿ وَإِنَّ الْفُجَّارَ لَفِي جَحِيمٍ ﴿١٤﴾ يَصْلَوْنَهَا يَوْمَ الدِّينِ ﴿١٥﴾ ﴾(الانفطار ١٤-١٥) **واتە:** بێگومان تاوانباران و بەدکاران لە ئاگری دۆزەخ دان، لە ڕۆژی قیامەتیشدا دەچنە ناوی و گەرمای دەچێژن و دەسوتێن.

## ئەو سوودانەی لەم فەرموودەیەدا وەردەگیرێت :

١- پێویستی پابەندبوون بە ڕاستگۆییەوە، خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَكُونُوا مَعَ الصَّادِقِينَ ﴿١١٩﴾ ﴾ (التوبة: ١١٩). واتە: ئەی ئەوانەی كەوا باوەڕتان هێناوە خۆتان بپارێزن لە نافەرمانی خوای گەورە، وە هەمیشە لە گەڵ دەستەی ڕاستگۆیان بن.

٢-لەم فەرمودەدا بنچینەیەكی پەروەردەی تێدایە: ئەویش ئەو كەسەی ئەیەوێت كە خورەوشتی بەرز بە دەست بهێنێت وەكو ڕاستگۆی و ئازایەتی ئەوە با بەدەستی بهێنێت و مەبەستی بێت، وە بەردەوام بێت لە گەڵی، وە بە دەستهێنانی ڕاستگۆی و دەستگرتن پێوەی ئەبێتە ڕاستگۆ، وە بە صەبر و ئارام گرتن لە زەحمەتییەكان، ئەو كاتە ئارام گرتن ئەبێتە ڕەوشتی، وە بە بەردەوامی لە سەر ڕەزیلی و بە دوا كەوتنیدا مرۆڤ دەبێتە درۆزن و ڕەزیل.

٣- ئاگاداركردنەوە لە درۆكردن و بەدەستهێنانی.

٤- وە ڕای دەكێشێت بۆ تاوانباری و تاوانباریش ڕای ئەكێشێت بۆ ئاگر، خوای گەورە بمانپارێزێت لە درۆكردن و تاوانباری و ئاگر.

## فەرموودەی هەژدەیەم

## نیشانەکانی دوو ڕوویی
علامات النفاق

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو – رضي الله عنه – أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:

« أَرْبَعٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ كَانَ مُنَافِقًا خَالِصًا ، وَمَنْ كَانَتْ فِيهِ خَصْلَةٌ مِنْهُنَّ كَانَتْ فِيهِ خَصْلَةٌ مِنْ النِّفَاقِ حَتَّى يَدَعَهَا : إِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ ، وَإِذَا حَدَّثَ كَذَبَ ، وَإِذَا عَاهَدَ غَدَرَ ، وَإِذَا خَاصَمَ فَجَرَ»

( رواه البخاري[٧٠] ومسلم[٧١] وأبو داود[٧٢] والترمذي[٧٣] والنسائي[٧٤] وأحمد[٧٥] ).

**واته:** عەبدوڵڵای کوری عەمر دەیگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) فەرمویەتی: ((هەرکەسێك ئەم چوار شتەی تێدا بێت ئەوە دووڕوویەکی تەواوە، وە هەرکەسێك یەکیك لەو چوار نیشانەی تێدا بێت ئەوە نیشانەیەکی دوو ڕوویی تێدایە تاوەکو وازی لێدێنێت، ئەگەر ئەمانەتێك لای دانرێت خیانەتی لێ دەکات و نایپارێزێت، ئەگەر قسە بکا درۆ دەکات، ئەگەر پەیمانی دا ئەوە پەیمانەکە دەشکێنێت، ئەگەر کێشەیەکی بوو لادەدات لە حەق و دەچێت بە گژیا.

(٧٠) ٢ –كتاب الإيمان ، ٢٤ – باب علامة المنافق ، حديث (٣٤).

(٧١) ١–كتاب الإيمان ، ٢٥– باب خصال المنافق ، حديث (١٠٦).

(٧٢) ٣٤–كتاب السنة ،١٦– باب الدليل على زيادة الإيمان ونقصانه حديث (٤٦٨٨).

(٧٣) ٤١–كتاب الإيمان ١٤– باب ما جاء في علامة المنافق ، حديث (٢٦٣٢).

(٧٤) (١٠٢/٨).

(٧٥) في المسند (١٨٩/٢،١٩٨).

## گێڕەرەوەی فەرموودەكە :

عەبدوڵڵای كوڕی عەمری كوڕی (**عاص**)ی (القرشي) **پاشان** (السهمي) (ابو محمد) ، وە و وتراوە (أبو عبدالرحمن)

یەكێكە لە هاوەڵانی پێشەوا كە فەرموودەیان زۆر گێڕاوەتەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) (المكثرين من الصحابة)

وە یەكێكە لەو چوار عەبدوڵڵایەی كە شارەزابوون لە دیندا، هەروەها لە زانا عیبادەت كەران بووە.

ساڵی( ٦٨ ك) كۆچی دوایی كردووە.

## وشەكان:

**النفاق** : پێچەوانەی ناوەوە بۆدەرەوە وە وشە بنچینەكەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو كونەی كە (جرج) دەیكات لایەكی دیارە و ئەوی تریشی نادیارە.

**الغدر** : واز هێنانی وەفا ئەوەی كەوا پەیمانی داوە بۆی

**المخاصمة** : دوو بەرەكی ئەصلی ئەوەیە كە یەكێك دووبەرەكی بكات (خصم الشيء) واتە: لە لاو و تەنیشتی وە هەموو دووبەرەكیەك لە لایەكەوەیە.

**الفجور:** لادان لە حەق فێڵكردن لێی ئەصڵەكەی لە (الفجر)ەوە هاتووە ئەویش درزی شتێكە درزی فراوان، وە فیتنەیەكە لە دین.

**الخيانة** : لێرەوە راڤەكراوە كەوا بە ئارەزووی خۆی نواندن لە ئەمانەت دەكات بەبێ لایەنێكی شەرعی وەكو فرۆشتنی یان ئینكاری كردنی یان لێ كەمكردنەوە یان كەم تەرخەمی لە پارێزگاری كردن.

## واتای فەرموودەکە بە کورتی:

دووڕوویی نەخۆشییەکی ترسناکی گەورەیە لە سەر ئیسلام و موسڵمانان، ئەویش وەسفێکی زەم کراوە بۆ نەتەوەیەك ئیسلام ئاشکرا ئەکەن بە فێڵبازی بۆ ئەوەی چەند پارە و شتێکی دونیا بە دەست بهێنن، پاشان ڕزگاریان بێت لە شمشێری ئیسلام، بە دڵنیایەوە خوای گەورە نەفرینی کردووە لە دووڕووەکان و زەمیانی کردووە و پەیمانی پێیان داوە بە سزایەکی توند لە ژێرەوەی ئاگری دۆزەخ (في الدرك الاسفل من النار) وە سیفەتێکی زۆریانی باس کردووە لە قورئانی پیرۆزدا لە سورەتەکانی(البقرة ، النساء ، التوبة ، المجادلة ، الحشر) وە سورەتی (المنافقين) هەموو ئەمانە بۆ ئەوەی ئیمانداران بیان ناسن و وریای شەڕ و فێڵ و پیسیان بن، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەم فەرموودەیەدا چوار سیفەت و نیشانەی ئاشکرامان بۆ ڕوون ئەکاتەوە.

**یەکەمیان:** خیانەتی ئەمانەت ، وە ئەمە خراپترین ڕەوشتە و چەند ناشرینە کەوا مرۆڤێك متمانەی پێت هەبێت و ماڵەکەی یان ناموسەکەی یان حەقێك لە حەقەکانی دابنێت لات بە ئەمانەت پاشان خیانەتی لێ بکەیت بەدڵنیایەوە بازنەی ئەمانەت فراوانە و هەموو مرۆڤێك ئەگرێتەوە کەوا ئەمانەتێکی لادانرێت، تاوەکو هەموو دین ئەگرێتەوە بە گشتی هەموو ئەوەی کەوا پێغەمبەران هێناویانە لە بیرو باوەڕ و شەرعدا ئەمانەتە لەملی زانایان (في اعناق العلماء) ئەگەر کەم تەرخەمی بکەن لە گەیاندن و بلاّوکردنەوەی ئەوەش خیانەتە، نەفرین و توند و تیژی خوای گەورە واجب و پێویست ئەکەن لە سەر خۆیان، خوای گەورە ئەفەرموێت:﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ

يَكْتُمُونَ مَآ أَنزَلْنَا مِنَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَٱلْهُدَىٰ مِنۢ بَعْدِ مَا بَيَّنَّٰهُ لِلنَّاسِ فِى ٱلْكِتَٰبِ ۙ أُو۟لَٰٓئِكَ يَلْعَنُهُمُ ٱللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ ٱللَّٰعِنُونَ ﴿١٥٩﴾ ﴾ (البقرة :١٥٩) .

**واته:** بە ڕاستی ئەوانەی ئەو بەرنامە و ڕێنمایە دەشارنەوە كە لەو كتێبەدا هەیە بۆ شارەزایی خەڵك دوای ئەوەی لە (تەورات و ئینجیل)دا ڕوونمان كردۆتەوە خوای گەورە نەفرینیان لێ ئەكات و تەواوی نەفرینكارانیش نەفرینیان لێ دەكەن.

وە پێویستە لە سەر هەڵگرانی زانست ئەوەی كە كۆتا پێغەمبەر هێناویەتی بیگەیەنن چونكە ئەوە گەورەترین ئەمانەتە، وە شاردنەوەی و تەمبەڵی لێ كردنی گەورەترین خیانەتە خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَخُونُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ وَتَخُونُوٓا۟ أَمَٰنَٰتِكُمْ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٧﴾ ﴾ (الانفال: ٢٧)

**واتە:** ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! گزیی و خیانەت لە خوا و پێغەمبەر و لە سپاردەكانتان مەكەن، واتە نەیار و دوژمنی ئەوان مەكەنە یار و دۆستی خۆتان و نهێنیەكانتان لا بدركێنن بۆ خۆیشتان چاك دەزانن كە گوناه و تاوانی خەیانەتكردن چەندە گەورەیە.

**دووەمیان:** درۆكردن لە فەرموودەدا، چونكە بناغەی دووڕوویە، وە ناشرین ترین و قێزەوەترین ڕەوشتە، بە دڵنیایەوە ئوممەت هەمووی ڕێز لە ڕاستگۆیی ئەگرێت و ڕق و كینە لە درۆ ئەگرێت، وە ڕقیش لەو كەسە ئەگرێت كە ئەنجامی ئەدات بۆیە وریابە كە لە ڕاستگۆكان بیت لە وتەو كردەوەكانیاندا، وە دووركەوەوە لە درۆ و درۆزنان چونكە بەڕاستی ئەوە لە سیفەتی خراپترین مرۆڤە ئەوانەش دووڕووەكانن وەكو لەم فەرموودەدا

هاتووه، بۆیە تەماشایان بکە ئاینەکانیان لە سەر درۆ هەستاوە چۆن خـوای گەورە ئابڕوویانی بردووە، وە عەیب و عاریانی ئاشکرا کرد و دەرخست خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُنَٰفِقُونَ قَالُوا۟ نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُۥ وَٱللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ ﴿١﴾ ٱتَّخَذُوٓا۟ أَيْمَٰنَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّهُمْ سَآءَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٢﴾﴾ (المنافقون ١-٢)

**واته:** کاتێ دوو ڕووەکان هاتن بـۆ لات ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ! ئەڵێن: شایەتی ئەدەین کە بە ڕاستیی تۆ پەیامبەری خوایت لە حاڵێکدا خوا خۆی ئەزانێ کە تۆ پەیامبەری ئەویت، سوێندە درۆینەکانیان کـردە سـوپەر و قەڵغان بۆ پاراستنی ئابڕوو و سەروماڵی خۆیان، هەر شـتێك دێتـە پێشـێ، بە خێرایی ئەوان سـوێندێکی پیـا ئەکێشـن! ڕێـی خوایـان لـە خـەڵك گـرت! نەیان دەهێشت کەسێك بێتە ناو دینی خـواوە و تابۆیـان کرابـا بـە سـوێندی درۆ و دەلەسە خەڵکیان لە خشتە ئەبرد بە ڕاستیی ئەوانە کـارێکی خـراپ و نابەجێیان کرد.

**سـێیەمیان:** بـەڵێن شـکاندن یـان هەڵوەشـاندنەوەی پـەیمان و غـەدر ، چونکە ناشرین ترین و ڕەزیل ترین ڕەوشتە، وە شەڕ و خراپەیەك بەس بێـت کە کۆتایەکەی نەخۆشی دووڕوویی بێت خوای گەورە ئەفەرموێت:

﴿ فَأَعْقَبَهُمْ نِفَاقًا فِى قُلُوبِهِمْ إِلَىٰ يَوْمِ يَلْقَوْنَهُۥ بِمَآ أَخْلَفُوا۟ ٱللَّهَ مَا وَعَدُوهُ وَبِمَا كَانُوا۟ يَكْذِبُونَ ﴿٧٧﴾﴾ (التوبة: ٧٧).

**واتـــە:** ئینجـا خـوای گـەورە بـێ لـە چرووکیەکەیشـیان نەخۆشـی دووڕووییشی خستە دڵیانەوە و بەردەوامیش دەبێت هەتا ئـەو ڕۆژە دەچـنە

بەردەستی خۆی بۆ حیساب و لێکۆڵینەوە، چونکە پێچەوانەی ئەو پەیمانە جووڵانەوە بە خوایان دابوو و بە درۆزنیش دەرچوون.

وریا بە کە لادان بۆ ئەو ڕەوشتە سووك و ڕیسوایە، وە پابەند بە لە سەر وەفا بۆ بەڵێن، وە ڕێز لێنانی پەیمان تاوەکو لە خاوەن عەقڵ و بیرو هۆش بن (أولي الالباب) بیت.﴿ ٱلَّذِينَ يُوفُونَ بِعَهْدِ ٱللَّهِ وَلَا يَنقُضُونَ ٱلْمِيثَٰقَ ﴿٢٠﴾ ﴾ (الرعد: ٢٠).

**واتە:** ئەو ژیرانە ئەوانەن کە پەیمانی خوا جێبەجێ دەکەن و دەیبەنە سەر و وەفای پێدەکەن و ئەوپەیمانەش لە ئەزەل بە ئەستۆیانەوەیە هەڵیناوەشێننەوە و سەرپێچی فەرمان شکێنی تێدا دەکەن.

**چوارەمیان:** چوونە گژ یەکدا لە دووبەرەکیدا وە نەوەستان لە حەقدا ئەویش تاوانێکی گەورە و گوناهێکی ترسناکە، ڕایئەکێشێت بۆ خراپەیەکی گەورە لە حەڵاڵ کردنی ماڵ و ناموس و ئینکاری حەقی خەڵکانی تر، وە هەڵدانی بوختانی گەورە بۆیان، وە دژایەتی بانگخوازان بۆ حەق، وە بەرگری کردن لە خەڵکی بۆ حەق و ڕێنموویی و چاولێکردنیان لە ڕەوشتدا لە ڕێگای سەرگەردانی و لە ناو چووندا، وە چەندەها ماڵ حەڵاڵ کرا و چەندەها ناموس ئابڕووبرا و چەندەها خوێنڕژا بە هۆی خراپی دووڕووەکان لە دووبەرەکیەکاندا، وە چەند کەس حەقی ئەیەویست لە ڕێگای ڕاست و بەدواکەوتنی حەقێکی بە هێزدا لایان برد.

وە ئەگەر چونە گژیەکدا لە ناکۆکیدا نەبێت ئەوە زۆربەی موسڵمانان دەست ئەگرن بە بەرنامەی خوای گەورەوە ڕێگای ئیمانداران لە سەلەفی سالح.

## فەرموودەی نۆزدەیەم

# خۆپاراستن لەتاوانە بەهیلاك بەرەكان

## اجتناب الموبقات

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ :

« اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ .

قَالُوا : يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا هُنَّ ؟

قَالَ : ( الشِّرْكُ بِاللَّهِ ، وَالسِّحْرُ ، وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ ، وَأَكْلُ الرِّبَا وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ ، وَالتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ ، وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ الْغَافِلَاتِ ) » ( رواه البخاري[٧٦] ومسلم[٧٧] وأبو داود[٧٨] والنسائي[٧٩]).

**واتە:** ئەبو (هريرة) (ڕەزای خوای لیٚ بیٚت) ئەیگێڕێتەوە لەپێغەمبەری خواوە (ﷺ) فەرموویەتی: دوور کەونەوە لە حەوت تاوانە لە ناو بەرەکان، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا ئەوانە چین ؟

فەرمووی: شەریك بۆ خوا پەیداکردن و سیحر کردن و کوشتنی نەفسێك، کە خوای گەورە حەرامی کردووە تەنها بەحەق نەبێت، وە خواردنی (سوو) ڕیبا و خواردنی ماڵی هەتیو، وە ڕاکردن و پشت هەڵکردن و ڕوخاندنی

(٧٦) ٥٥-كتاب الوصايا حديث (٢٧٦٦) و٨٦-كتاب الحدود حديث (٦٨٥٧).

(٧٧) ١-كتاب الإيمان٣٨- باب بيان الكبائر حديث(١٤٥).

(٧٨) ١٢-كتاب الوصايا ١٠- باب ما جاء في التشديد في أكل مال اليتيم حديث (٢٨٧٤).

(٧٩) (٢١٥/٦).

موسـڵمانان لـە كـاتی جەنگـدا لـە گـەڵ دوژمنـانی دینـدا و تاوانبـاركردنی ئافرەتانی داوێن پاكی موسڵمان بە داوێن پیسی و زیناكردن.

## گێڕەڕەوەی فەرموودە:

ئەبو (هريرة) لەفەرموودەی ژمارە (١١) دا باس لەژياننامەی كرا.

## وشەكان

**الاجتناب :** دووركەوتنەوە

**الموبقات :** بەهيلاك بەرەكان

**الشـرك :** لە فەرموودەی ژمارە شەش دا ڕاڤەكرا

**السـحر :** متە مت و بە سەرا خوێندنی ناشەرعی و گرێ (عزائم) و (رقـی) و (عقد) ئەوەش كاريگەری هەيە لە سەر دڵ و لاشە بۆيە نـەخۆش ئەكـەوێت و ئەكوژرێت

نێوان ژن و مێرد ئەكات ئەگەر ويستی خوای گەورەی لە سەر بێت.

الربا : لەزمانەوانيدا : واتا زيادە بەگشتی ئـەوترێت ، (ربا يربو ربواً اذا زاد) ، لەشەرعدا : زيادەيەك لەسەر ماڵ (رأس المال) لە لايەنێكـەوە كـە تايبەتـە و حەرامـە، وە ڕيبـا لـە جەهالەتـدا وا ناسـراو بـوو كـابرای خـاوەن قەرزەكـە بەقەرزارەكـەی ئـەوت: ئەگـەر قەرزەكـە كۆتـايی پێهـات يـان قەرزەكـە ئەگێڕيتەوە يان زيادەيەك ئەخەيتە سەری (تربی).

**اليتيـم :** لەمرۆڤدايە : ئەوەی كە باوكی لە ناو چووە، وە لە ئاژەڵدا ئـەوەی كە دايكی لە ناو چووە .

**والتولي يوم الزحف :** هەڵهاتن و ڕاكردن لە دوژمن لە كاتی شەڕكردندا.

**قذف المحصنات :** بوختان كردنی و زينا بە داوێن پاكانەوە .

**الغافلات :** ئەوانەی کەوا خراپە و زینا نەهاتۆتە فکریاندا بە هۆی پاکی دڵیانەوە ئەوانە بێئاگان لە تاوان

**واتای فەرموودەکە بە کورتی:**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئومەتەکەی وریا کردۆتەوە لە کەوتنە ناو تاوانی گەورەوە ئەویش بە هیلاك بەرە، وە هەر یەکێك لەم حەوت دانەیە خاوەنەکەی بە هیلاك ئەبات.

**یەکەمیان:** و گەورەترین شەڕ و ترسناکترینیان: ئەویش هاوبەش بڕیردان بۆ خوای گەورەن کەوا بە هیچ شێوەیەك لێ خۆشبوونی نییە و کردەوەی چاکەی لە گەڵدا وەرناگیردرێت ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ ﴾ (النساء:٤٨) **واتە:** بێگومان هەرگیز خوای گەورە لە دانانی هاوبەش بۆی نابوورێ و لە خوار شیرکەوە لە هەر گوناهێك دەبوورێ بۆ هەر کەسێك خۆی بیەوێت.

وە هەر کەسێك سەر بڕینێك یان نەزر یان کڕنوش یان سوجدە بۆ غەیری خوای گەورە بەرێت یان سوێند خواردن بە دروست کراوێك کە بە گەورەی ئەزانێت یان داوای پێداویستیەکان لە مردوو داوائەکات وەکو داواکردنی منداڵ لێی یان داوا و هاوار کردن (ناداه) یان داوای فریاکەوتن یان پشت پێ بەستن بکات لە کارێکیدا.

وە شیرك دووجۆرە شاراوە و ئاشکرا.

هەندێك لە شیرکی شاراوە: کردەوەیەك بکەیت کە ڕیای تێدا بێت یان واز لە کردەوەیەك بهێنیت لە بەر خاتری خەڵکی،

وە هەندێك لە شیركی ئاشكرا: ئەوەی كە ڕوو ئەدات لە سەر قەبری پێغەمبەران و پیاو چاكان بە هۆی نەزانی موسڵمانانەوە، هەروەها هاوشێوەی ئەو نەزانینانەی لە سوڕانەوە بەدەور قەبردا و بانگەوازی خاوەنەكانیان لە كاتی زەحمەتی و ناڕەحەتیدا، وە مانەوە لە دیاری و دەستگرتن پێوەی بۆ داوا كردنی بەرەكەت.

**دووەمیان :** سیحر ، وە لە سیحردا كۆكراوەتەوە (جمع) لە نێوان هاوبەش بڕیاردان و زیان گەیاندن بە خەڵكی

ئەوەی كەوا خەڵكی بە هەڵە تێگەیشتون و نەزانی لە توانای ساحیردا كە توانا و دەسەلاتی هەیە بە ئارەزووی خۆی تەسەروف ئەكات لە موڵكی خوای گەورەدا بە بێ مۆڵەت وەرگردن ﴿ وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ ﴾ (البقرة ١٠٢).

**واتە:** بە بڕیاری خوا نەبووبا ئینجا دووگەرانە توانایان نەبوو زیانێك بە هیچ كەسێ بگەیینن.

وە زانایان یەك دەنگن لە سەر حەرامێتی فێربوونی سیحر، هەروەها خەڵكیش فێركەیت و بیاندەیتێ، وە وتویانە: ئەگەر ئەو وتەیە یان ئەو كردارە بێ باوەڕی تێدابێت ئەوە بێ باوەڕە، وە (ئیمامی مالك) و (ئیمامی ئەحمەد و كۆمەڵێك لە صەحابە و تابعین وتویانە: سیحر كردن بێ باوەڕیە پێویستە ئەو كەسە بكوژرێت، وە هەندێكیان وتویانە: ئەو كەسە فاسقە و پێویستە لە ملی بدرێت و بكوژرێت، وە حوكم نادرێت بە سەریدا كە لە ئاینی ئیسلام دەربچێت كەوا مەزهەبی (ئیمامی شافعی) بۆچوونی وایە تەنها

گەر وتی یان کارێکی کرد لەو سیحرە ئەوکاتە بێ باوەڕ دەبێت وەکو چۆن یەکێك توانای گۆڕینی خەلقی خوای گەورەی هەیە یان لە یەك چوونی خـەلق (مضاهاة خلقـه) یـان وا گومـان دەبـات کـە زیـان و قـازانجی هەیـە بـە سیحرەکەی وەکو حاڵی ساحیرەکانە لە هەموو جێگا و کاتێکدا، وە ئـەمیری ئیمانداران (عومەری کوڕی خەتاب) (ڕەزای خوای لێ بێت) فـەرمانی دەکـرد بە کوشتنی ساحیرەکان، وە دایکی ئیمانداران (حه فصه) (ڕەزای خـوای لـێ بێت) (جاریه)یەکی هەبوو کە سـاحیرە بـوو کوشـتی، وە (جنـدب) ی کـوڕی عەبدوڵلاَ ساحیرێکی کوشت کـە لای (وەلیـدی کـوڕی عەقەبـە) یـاری ئـەکرد سەری پیاوێکی لە لاشەی کردەوە پاشان بانگی دەکـرد ئـەویش زینـدوو دە بووەوە.

**سـێیەمیان:** کوشـتنی نـەفس و دەرچـوونی ڕوح لـە جەسـتە و خـوێن ڕشتنی خاوێن: ئەوە بە ڕاستی تاوانێکـە تـرس ئەخاتـە نێـو خەڵکیـەوە، وە ئاسایشـیان ئەلـەرزێنێت، وە ئوممـەت پارچـە پارچـە ئـەکات و پەیوەنـدی برایەتی ئەپچڕێنێت، وە ڕق و کینە و دژایەتی بڵاو ئەبێتەوە لە ناو خەڵکیـدا ئەمە ئەبێ چ تاوانێکی ترسناك و مەترسیدار بێت خوای گەورە لەو بارەیەوە ئەفـــەرموێت:﴿ مَن قَتَلَ نَفۡسَۢا بِغَيۡرِ نَفۡسٍ أَوۡ فَسَادٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا ﴾ (المائدة: ٣٢).

**واتە:** جا لەبەر بێ فەڕی و خراپی ئەو کوشتنە نادروست و ناڕەوایە، وە بۆ ئەوە جارێکی تر کاری وا ڕوونەداتەوە لە سەر نەوەکانی (یعقوب)مـان

بڕیار دا كە هەركەسێك بە ناهەق مرۆڤێك بكوژێ یان بێ ئەوە كارێكی خراپ و گەندەڵی لە وڵاتدا كردبێ وەكو هەموو خەڵكی سەر زەویی كوشتبێ.

**چـــوارەمیان :** خــواردنی ســوو (ڕیبــا): ئــەویش كــۆت و زنجــیری مرۆڤایەتی(استغلال للإنسانية) و مژینی هەوڵ و تواناكەیـەتی، وە خـواردنی ماڵی بە ناڕەوایی بـەبێ ئـەوەی كـەس لـەو بـە خێوكەرانـە هەوڵبـدەن واتـە: هەوڵ و كۆشش بۆ ئەو ماڵ و حاڵانە، وە كاركردن بە ڕیبا دژایەتیە لـە گـەڵ خوای گەورە و پێغەمبەرەكەی لە دونیادا، وە ئـەوەش لەوانەیـە كـە ئـاگری دۆزەخ بۆ خۆیان مسۆگەر كەن، وە چۆن وا نابێت كـەوا بەخێوكـەرەكان لـە خەڵكی زیاتر دڵیان ڕەقە، وە دوورترین كەسن لە ڕەحمەت لە مرۆڤدا.

**پێنجەمین :** خـواردنی مـاڵی هـەتیوو: حـەقی هـەتیوو لـە سـەر خـەڵكی ئەوەیـە كـە بیـانگرن بـە خۆیانـەوە و هەسـتن بـە بـەخێوكردنێكی بـاش و ماڵەكانیان پەرە پێ بدەن و یارمەتیان بدەن تاوەكو بگەنە ئەو ئاستەی كـە خۆیان
توانایان هەیە و پێبگەن، بە دڵنیایەوە خوای گەورە لە قورئانەكەیدا ڕێگـری كردووە لە خواردنی ماڵی و
پەیمانی داوە بە وەی ئەو كـارە دەكـات بـە چـەندەها جـۆر لـە سـزای تونـد خــوای گــەورە ئەفــەرموێت:﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ أَمۡوَٰلَ ٱلۡيَتَٰمَىٰ ظُلۡمًا إِنَّمَا يَأۡكُلُونَ فِي بُطُونِهِمۡ نَارٗاۖ وَسَيَصۡلَوۡنَ سَعِيرٗا ﴿١٠﴾ ﴾ (النساء: ١٠).

**واته:** ئەو کەسانەی کە بە ستەم و ناهەق ماڵ و سامانی منداڵانی هەتیوو بێ باب دەخۆن بێ هۆ تەنها ئاگر دەکەنە سك و ورگیانەوە و بە زوویش دەخرێنە ناو ئاگرێکی زۆر گەرم و بە گڕی دۆزەخەوە.

وە ڕێگری دەکات لە نزیك بوونەوە لە ماڵی هەتیوو تەنها بە باشترین شێوە نەبێت، وە لەو باشترین شێوانە: کرداری پاك بۆی وە پەرە پێدانی ماڵی بە کڕین و فرۆشتن و ڕەفتار کردن تێیدا بە قازانج و خێری حەلاڵ

**شەشەمیان :** هەڵهاتن لە ڕۆژی خۆئامادەکردن بۆ دوژمن و ڕاکردن لە بەرامبەر دوژمن: ئەوەش لە ترستدایە و کاری وا ئەکات موسڵمانانی دڕکیان نەبێت و لاوازبن، وە تووشی زەلیلیان ئەکات و دینەکەیان لە ناو ئەبات بێ باوەڕان وایان لێ دێت کە سەرکەون بە سەر موسڵماناندا و دەست بگرن بە سەر ئافرەت و ماڵیاندا و خوێنیان بڕێژن، وە بۆ موسڵمان نییە بە هیچ شێوەیەك لەجەنگدا ڕابکات و هەڵبێت کە خۆی سەرکەوتوو بووە تێیدا یان بەکردنەوە (الفتح) و سەرکەوتن و دەست کەوتنی ماڵ (الغنيمة) یان بە ڕێگای شهادە لە ڕیگای خوای گەورەدا.

**حەوتەم :** بوختان کردن بەو ئافرەتە داوێن پاك و خاوێنانەی کە داوێنیان پاراستووە و بوختانیان بۆ بکەن کەوا زینایان کردووە و ئیشی خراپە ئەکەن: بە ڕاستی تاوانێکی گەورەیە کە بوختان بکەیت بە ئافرەتێکی شکۆدار کەوا خۆی پاراستوە و پاك و خاوێنە و دوورە لە گومان کە بە هیچ شێوازێك تاوان و داوێن پیسی نەهاتووە بە مێشکیدا

تۆش بوختانی زینای بۆ ئەکەیت و بە خراپە کار لە قەڵەمی ئەدەیت، بە دڵنیایەوە هەر کەسێك ئەم کارە بکات ئەوە پێویستی بە چوار شایەت

هەیە ئەگینا ئەو كەسە لای خوای گەورە بە درۆزن و خراپەكار ناوئەبرێت، وە شایەتی قبووڵ ناكرێت بە هیچ شێوەیەك، وە پێویستە كەوا حەد لە سەری ئەنجام بدرێت (هەشتا قامچی) ئەوە پاداشتەكەیەتی لە دونیا، وە پاداشتی لای خوای گەورە ئەوەیە كە خوای گەورە بۆی ئامادە كردووە بۆ ئەو بوختانە ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ٱلۡغَٰفِلَٰتِ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ لُعِنُواْ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴿٢٣﴾ يَوۡمَ تَشۡهَدُ عَلَيۡهِمۡ أَلۡسِنَتُهُمۡ وَأَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿٢٤﴾﴾(النور٢٣:-٢٤)

**واتە:** بێگومان ئەوانەی بوختان بە ژنانی داوێنپاكی و بێخەبەری بڕوادار دەكەن، لە دوا ڕۆژیشدا نەفرینیان لێ كراوە لە گەڵ ئەوەشدا سزایەكی گەورەشیان بۆ ئامادە كراوە، لەو ڕۆژەدا زمان و دەست و پێیان دەبێتە شایەت لە بەرامبەر ئەو كارانەی دەیان كرد.

بۆیە ئاگادار بە ئەی موسڵمان لەم تاوان بە هیلاك بەرانە، وە نەفست بۆ هیچ شتێكیان نەبەیت چونكە ڕق و سزای خوای گەورە پێویست ئەكەیت لە سەر خۆت لە گەڵ ڕق و كینەی خەڵكی و توڕەبوونیان، وە بزانە كە تاوانە گەورەكان زۆرن، وەكو چۆن عەبدوڵڵای كوڕی عەباس (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (نزیك ئەبێتەوە لەحەفتا) وە كتێبی زۆر چاپكراوە وەكو (الكبائر للذهبي) ئەویش چاپ كراوە، وە كتێبی (الزواجر عن اقتراف الكبائر لأبن حجر الهيتمي) .

بۆیە تاوانە گەورەكان بناسە و پاشان خۆتی لێ بپارێزە خوای گەورە لە تاوانە بچووكەكانت خۆش ئەبێت و ئەوانەی كە دێت بە سەر مرۆڤدا.

خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ إِن تَجْتَنِبُوا۟ كَبَآئِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُم مُّدْخَلًا كَرِيمًا ﴿٣١﴾ ﴾ (النساء: ٣١)

**واتە:** ئەگەر ئێوە لەو تاوانە گەورانە خۆ دووربگرن ئێمەش لە هەڵەو پەڵەتان دەبوورین و دەتانبەینە جێگایەکی بە قەدر و عیزەت و بەهەشتتان دەدەینێ.

## ئەو سوودانەی لەم فەرموودەیەدا وەردەگیرێت :

١- نەرم و نیانی پێغەمبەر (ﷺ) و بەزەیی بە ئومەتەکەیدا ئەویش ڕێگەییی باشە پیشانیان دەدات و ئەو ڕێگەیەش خراپە وریایان دەکاتەوە.

٢- پێویستی خۆپاراستن لەم تاوانە گەورانەی، کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگادارمانی کردۆتەوە، وە خۆپاراستن لەغەیری ئەو تاوانە گەورانەش کەوا قورئان وسوننەت باسی کردووە.

٣- گەورەترینی ئەم تاوانانە: هاوبەش پەیدا کردنە بۆ خودای گەورە، چونکە تاوانێکە کە لێ خۆشبونی نیە.

## فەرموودەی بیستەم

## ڕزگاربوونی ئوممەت لەگوێڕایەڵی پێغەمبەر (ﷺ) دایە و لەناوچوونیشیان لەسەرپێچیاندایە

نجاة الأمة في طاعة الرسول صلى الله عليه وسلم وهلاكها في مخالفته

عَنْ أَبِي مُوسَى الأشعري –رضي الله عنه– عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، قَالَ :

« إِنَّمَا مَثَلِي وَمَثَلُ مَا بَعَثَنِي اللَّهُ بِهِ ، كَمَثَلِ رَجُلٍ أَتَى قَوْمًا ، فَقَالَ : يَا قَوْمِ ، إِنِّي رَأَيْتُ الْجَيْشَ بِعَيْنَيَّ ، وَإِنِّي أَنَا النَّذِيرُ الْعُرْيَانُ ، فَالنَّجَاءَ فَأَطَاعَهُ طَائِفَةٌ مِنْ قَوْمِهِ ، فَأَدْلَجُوا ، فَانْطَلَقُوا عَلَى مَهَلِهِمْ ، فَنَجَوْا وَكَذَّبَتْ طَائِفَةٌ مِنْهُمْ ، فَأَصْبَحُوا مَكَانَهُمْ ، فَصَبَّحَهُمُ الْجَيْشُ ، فَأَهْلَكَهُمْ وَاجْتَاحَهُمْ فَذَلِكَ مَثَلُ مَنْ أَطَاعَنِي ، فَاتَّبَعَ مَا جِئْتُ بِهِ وَمَثَلُ مَنْ عَصَانِي وَكَذَّبَ بِمَا جِئْتُ بِهِ مِنَ الْحَقِّ» (رواه البخاري[٨٠] ومسلم[٨١] ).

**واتە:** ئەبو (موسا)ی ئەشعەری (ڕەزای خوای لێ بێت) دەیگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) فەرمویەتی: وێنەی من و وێنەی ئەوەی، كە خوای گەورە ناردوویەتی بۆم وەكو نموونەی پیاوێك وایە، دێت بە گەلەكەی خۆی دەڵێت: ئەی خەڵكینە من ئەو سوپایەم بینی بە چاوی خۆم، وە من وریاكەرەوەتانم لە دوژمن تكایە خۆتان ڕزگار كەن و هەڵبێن، تا هەندێك لە نەتەوەكەی بە گوێیان كرد و شەو هەڵهاتن و دەرچوون و ڕزگاریان بوو، وە

(٨٠)٩٦–كتاب الاعتصام حديث (٧٢٨٣).

(٨١) ٤٣–كتاب الفضائل حديث (١٦) ، (١٧٨٨/٤).

کۆمەڵێکیشیان بە قسەیان نەکرد تا بەرەبەیان سوپای دوژمن دایبەسەریاندا و بە هیلاك دا چوون و لە ناوبران، ئەمەش نموونەی ئەو کەسانەیە، کە ملکەچ و گوێڕایەڵ و شوێنکەوتەی ئەون، کە بۆم هێناون واتە: ئیسلام، وە وێنەی یاخی بوان و ئەو حەقەی، کە هێناومە بە درۆی دەزانن و شوێنی ناکەون.

**گێڕەڕەوەی فەرمووده:**

لە فەرمودەی ژمارە( ١٦) باس لە ژیاننامەی کرا.

**وشەکان:**

**مثلي** : سیفەت و حاڵی سەر سوڕمانیم

**النذير** : هەواڵێك کەوا شەڕ و خراپەی تێدایە

**العريان** : دژی پۆشتە ئەوەی کەوا هیچ لە بەریدا نیە

النذير العريان المثل بە : پیاوێك لە (خثعم) ئافرەتێکی خواست لە (زبيد) ، وە(بنو زبيد) ویستیان بچن بەسەر تایفەکەیدا و هێرش بکەنە سەریاندا پاشان ترسان کەوا هەواڵیان پێ بگات دوایی پاسەوانێکیان لە سەری دانا پاش ئەوەی کە جلەکەیان لە بەری داکەند لە دەرفەتێکدا لێی بێ ئاگا بوون و هەڵهات بۆ لای نەتەوەکەی و ئاگاداریانی کردەوە، وە ئەم شیعرەی پێیان وت:

أنا النذير العريان ينبذ ثوبه

إذا الصدق لم ينبذ لك ثوب كاذب

پاشان بوو بە نموونەیەك بۆ هەرشتێك کەوا مەترسیدار بێت لە ناکاودا، وە بۆ هەموو پیاوێك کەوا گومان لە قسەکانییدا نەبێت.

**النجاء :** هەڵهاتن

**ادلجوا :** ڕۆیشتن لە سەرەتای شەودا واتە: زوو یان ئەو شەوە گشتی ڕۆیشتن

**صبحهم :** بەیانی زوو دایان بەسەریاندا

**اجتاحهم :** بە هیلاك دا چوون و كەسیان لێ نەما، لە ناویان بردن.

**واتای فەرموودەكە بە گشتی :**

خوای گەورە پێغەمبەرەكەی (محمد) (ﷺ) نارد بە ڕێنموی و دینی حەق، وە موعجیزەی گەورەی هێنا: گەردوونی و شەرعی (الكونية والشرعية) هەروەها بەڵگەی ڕوون و ئاشكرا و بەڵگەی بەهێز و ڕاستگۆیە كەوا بەڵگەیەكی گەورەیە بۆ ڕاستگۆیی ئەوەی كەوا هێناوێتی، وە بە دڵنیایەوە نێردراوی خوای گەورەیە بە حەق، وە ئەو كەسە ئیمانی پێ ئەهێنێت و بە دوای ئەكەوێت و گوێڕایەڵی ئەكات ئەوەی خوای گەورە ویستی خۆشی و نیعمەتی هەیە بۆی، وە ڕزگاربوون لە توڕەی و زەبر و زەنگ و سزای.

وە خەڵكی فیز زل و ڕق هەڵگر بە درۆیان خستەوە و سەر پێچیان كرد، خەڵكانی خاوەن شكۆمەندی و دەسەلاَت و بەرژەوەند، ئەوانەی كە تووڕەی خوای گەورە دەوریانی گرتووە، وە فەوتان و سزای توند و وێران بوونێكی لە ناوبەر یان لە سەر خۆیان پێویست كرد ئەوەش پاداشتی بێ باوەڕی و فیز زلی و درۆكردنیان و یاخی بوونیانە و بە دواكەوتنی هەوا و ئارەزوو و گوێڕایەڵی نەكردنیان بۆ حەق، بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم نموونەیەی هێناوە بۆ حاڵی خۆی و حاڵی ئەوەی كە هێناوێتی لەحەقێكی ڕوون، و ڕاستگۆیەكی ئاشكرا، وە ئەوەی ئەخرێتە سەر (ما يترتب) ڕاستگۆیی و

گوێڕایەڵی و لە سەر بە درۆزانـین و سەرپێچـی کردنیـەوە، وە گوێڕایـەڵی نـە کردنی لە سەر حاڵی ئەو پیاوە ڕاستگۆ و دڵ پاکەی کـە بەڕاسـتی ئاگـاداری نەتەوەکەی ئەکردەوە و پابەند بوو لە سەر ڕزگار بوونیان لە مەترسیەکی لە ناکاودا کەوا لە پشت ئەو سوپا ستەمکارەوە خۆی حەشار ئـەدا، بۆیـە هـەر کەسێك بەڕاستی بزانێت و گوێڕایەڵی بکات و ئـەو هۆیانـەی بگرێتـە بـەر کـە ڕزگار کەرن لە خۆپاراستن لە مەترسی ئەو سوپایە ئەوە ڕزگاری ئەبێت، وە هەرکەسێك بە درۆی بخاتەوە و گوێڕایەڵی نەکات ئەو مەترسیدارە بە ئاسـان بزانێت ئەوە مەترسی دوژمن دا ئەبەزێت بە سەریدا و بە هیلاکی ئەبات و لـە ناوی ئـەبات بـە هـەمان شێوە چارەنوسـی ئـەم ئوممـەت و نەتەوەیـە کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ی بـۆنێردرا، بۆیـە هەرکەسـێك بەڕاسـتی بزانێـت و گوێڕایەڵی بکات ئەوکاتە دڵخۆش ئـەبێت لـە دونیـا و قیامـەت وە لای خـوای گەورە ڕێزدار و خاوەن پاداشت دەبێت، وە ڕزگاری بوو لە سزاکانی دونیـا و شـەرم و ئـابڕووی قیامـەت، وە هەرکەسـێك بـە درۆی بخاتـەوە و گوێڕایـەڵی نەکات و سەرپێچی ئەوە بکات کە پێغەمبەر (ﷺ) هێناویێتی وە سەری بـەرز ئەکاتەوە بە ڕێنموی ئەوەی کە هاتووە لە قورئـان و سـوننەت دا ئـەو کاتـە توشـی سـزا و توڕەبـونی خـوای گـەورە ئـەبێت، وە سـزا و دەرد و بـەلا دائەبەزێت بەسەریدا لە دونیا، وە سزای بەردەوامە لە قیامەتـدا ﴿ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَإِنَّ لَهُۥ نَارَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ﴿٢٣﴾ ﴾ (الجن :٢٣)

**واتە:** ئـەوەی لـە فـەرمانی خـوا و پێغەمبەرەكـەی سەرپێچـی بكـا بـە لادان لە تەوحید و شەریعەتیدا، جا بێگومان ئەوە ئاگری دۆزەخی بۆ ئامادە كراوە، بە هەتا هەتایی و هەمیشەیی تێیدا دەمێنێتەوە.

## ئەو سوودانەی لەم فەرموودەیەدا وەردەگیرێت :

١- ڕەوانبێژی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لـە باسـكردنی نموونـەی ڕاسـتگۆی زیندوو كەوا شتێكی گونجاو لـە قـاڵبێكی هەسـت پێكـراو و بەرچـاوە، نزیـك كردنەوەی وشەی دوور بەم شێوازە جوانە.

٢- سوور بوونی لە سەر هیدایەت و ڕێنموی خەڵكی.

٣- ڕاستگۆیی و ڕوونكردنەوەی ئەوەی كە هێناویەتی

٤- بەدەستهێنانی سەركەوتن و خۆشی بە ڕاستگۆی كردن و گوێڕایـەڵی و دواكەوتنی لە وەی كە هێناوێتی.

٥- پەیدابوونی وێرانكاری لە ناوچوون لە دونیـا و دواڕۆژدا بـە هـۆی بـە درۆخستنەوە و سەرپێچی كردن لە فەرمانەكانی.

## فەرموودەی بیست و یەك

## گرنگی خۆشەویستی خوا و خۆشەویستی پێغەمبەرەكەی (ﷺ)

أهمية حب الله وحب رسوله صلى الله عليه وسلم

عَنْ أَنَسٍ – رضي الله عنه – قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللهِ صلى الله عليه وسلم:

« ثَلاَثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ بِهِنَّ حَلاَوَةَ الإِيمَانِ : أَنْ يَكُونَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا ، وَأَنْ يُحِبَّ الْمَرْءَ لَا يُحِبُّهُ إِلَّا لِلَّهِ، وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَعُودَ فِي الْكُفْرِ كَمَا يَكْرَهُ أَنْ يُقْذَفَ فِي النَّارِ »

(رواه البخاري[٨٢] ومسلم[٨٣] والترمذي[٨٤] وابن ماجه[٨٥]).

**واته:** ئەنەس (ڕەزای خوای لێ بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەیگێڕێتەوە، كە فەرموویەتی: هەر كەسێك ئەم (سێ) شتەی تێدا بێت ئەوە تام و چێژی باوەڕی كردووە، پێویستە خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەكەی لە هەموو شتێك خۆشەویست تر بێت لای، كەسێكی خۆش ویست تەنها لە بەر ڕەزامەندی خوا بێت، وە پێی ناخۆش بێت واز لە ئیسلام بێنێت و بێ بڕوابێت، هەروەك چۆن پێی ناخۆش فڕێ بدرێتە ناو دۆزەخەوە.

---

(٨٢) ٢-كتاب الإيمان ٩- باب حلاوة الإيمان ، حديث (١٦).

(٨٣) كتاب الإيمان ١٥- باب خصال من اتصف بهن وجد حلاوة الإيمان ، حديث (٦٧)

(٨٤) ١٤-كتاب الإيمان،باب (١٠)، حديث (٢٦٢٤).

(٨٥) ٣٦-كتاب الفتن٢٣- باب الصبر على البلاء ، حديث (٤٠٣٣).

**گێڕەڕەوی فەرموودەكە :**

ئەنەسی كوڕی مالیك لە فەرموودەی ژمارە (٢٧١) دا باس لە ژیاننامەی كرا.

**وشەكان:**

**حــلاوة :** تام و خۆشی و شیرینی.

**الايمان :** بە ڕاست زانینی دڵ و وتەی زمان و كردەوەی ئەندام.

**یكـــره :** پێی ناخۆشە.

**الكفــر :** ئەسڵەكەی لە شاراوەوە هاتووە، وە مەبەست ئینكاری و دان پــێ نەدان و بە درۆخستنەوەیە.

**یقـذف :** فڕێ ئەدرێت

**واتـای فەرموودەكە بە گشتی:**

ئەم چوارشتە لە هەر كەسێك دا بێت ئـەوە تـام و چـێژی خۆشـی بـاوەڕ ئەچێژێت ئەویش نیشانەی خۆشەویستی ڕاستییە لە گەڵ خوای گەورەدا .

**یەكەم**: خۆشەویستی خوای گەورە

ئیمامی (ابن القیم) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەفەرموێت :

خوای گەورە كە دروست كراوەكانی دروسـت كـرد بـۆ پەرسـتنێكی گشـتی و خۆشەویسـتی و لــە گـەڵ ملكەچـی فەرمانـەكانی ، وە بنچـینەی عیبـادەت: خۆشەویستی خوای گەورەیە بەڵكو بە تاك دانـانی لـە خۆشەویسـتیدایە، وە پێویستە خۆشەویستییەكە هەمووی بۆ خوای گەورە بێـت هـیچ شـتێكت لـە گەڵیدا خۆش نەوێت بـەڵكو خۆشەویسـتی بـۆ ئـەو بێـت و لـە پێنـاوی ئـەودا بێت.

هەروەها پێغەمبەران و نێردراو و فریشتە و پیاوچاکانت خۆش بووێت، وە خۆشەویستیمان بۆیان تەواوی خۆشەویستیمانە بۆ خوای گەورە، نەك خۆشەویستی تر لە گەڵیدا بێت وەکو ئەوانە ی کەشتێك ئەکەن بە هاوشێوەی خوای گەورە و خۆشیان ئەوێت، وە ئەگەر خۆشەویستی لە پێناو ئەودا بێت ئەوە بە ڕاستی پەرستنە و نهێنیەتیە (سرها) وە بە دڵنیایەوە ئەکرێت بە دواکەوتنی فەرمانەکانی و خۆ دوور خستنەوە لە قەدەغە کراوەکانی، وە لە کاتی دواکەوتنی فەرمانەکانی و دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکانی ئەو کاتە ڕاستی پەرستن و خۆشەویستی دەرئەکەوێت، وە لە سەر ئەوە خوای گەورە شوێن کەوتوانی پێغەمبەرانی بە نیشانەیەك و شاهیدێك داناوە بۆ ئەوکەسەی پڕوپاگەندەی ئەکات (ادعاها)

خوای گەورە ئەفەرموێت:﴿ قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ ﴾ (آل عمران: ٣١)

**واتە** : ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ ئەگەر ئێوە خوای گەورەتان خۆش ئەوێت ئەوە بە دوای سوننەتەکانی بکەون ئەو کاتە خوای گەورە خۆشتانی ئەوێت.

**دووەم :** خۆشەویستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش سەر ئەنجام ئەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستی خوای گەورە و پابەندە پێوەی، وە هەرکەسێك خوای گەورەی خۆش بوێت ئەوە پێغەمبەرەکەی خۆش ویستوە، وە هەموو ئەو شتانەشی خۆش ویستوە کە خۆشی ئەوێت بەڵکو بەندە باوەڕی نییە تاوەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆشەویست تربێت لە

منـداڵ و بـاوك و دایـك و خـەڵكی بـە گشـتی وەكـو لـە فـەرموودەی تۆیەمـدا باسكراوە.

وە لە نیشانەكانی خۆشەویستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) :

خۆشەویسـتی ئـەوەی كـە لـە (وحي) دا هـاتووە لـە قورئـان و سـونەتدا، وە باوەڕیش بـە هـەموو ئـەو هەواڵانـەی كـە تێیـدا هـاتووە، وە شـوێن كـەوتنی ئـەوەی كـە تێیدایـە لــە فــەرمان و خۆپاراســتن لــە قەدەغــەكراوەكان و بانگەوازیكردن بـۆ بـاوەڕ بـە هـەموو شـێوەیەك، وە پێشخسـتنی گوێڕایـەڵی پێغەمبـەر (ﷺ) لـە سـەر گوێڕایـەڵی هـەموو دروسـت كراوەكـان بۆیـە هـەر كەسێك ئەم شتانەی تێدا بێت ئەوە بـە ڕاسـتی ئـەو كەسـە خـوای گـەورەی خۆش ئەوێت، وە ئەگەر وانەبێت ئەوە بانگەوازیەكەی بـۆ لای خـوای گـەورە بانگەوازیە بەبێ بەڵگە و سەنەد.

**سێیەم :** مرۆڤ یەكێكی خۆش بوێت تەنها لە بەر خاتری ئەو بێت نـە بـۆ كەسێك بێت و نە بۆ بەرژەوەندیەكی دونیای

و نە لە بەر پایە و دەسەڵات بێـت، بـەڵكو بـۆ خـوای گـەورە خۆشـی بوێـت، چونكە برایەتی لە ئیسلامدا باوەڕی بە بنچینەكانی ئیسلام هەیـە پابەنـدە و ڕێزی لێ ئەگرێت ئەگەر ئەم خۆشەویستیە چاكە بدۆزێتەوە ئەوە بەڵگەیە بۆ ڕاسـتگۆی باوەڕەكـەی، وە لـە ئەنجامـدا بێگـەردە و تـام و چـێژی بـاوەڕ ئەچێژێت.

**چوارەم :** ناخۆشیەكی زۆر بۆ بێ باوەڕی بە خوای گەورە ئەو كەسـە زۆر پێـی ناخۆشـە و زۆر ڕق و كینـەی لـێ ئەبێتـەوە هـەتاوەكو پێـی ناخۆشـە بگەڕێتەوە بۆی وەكو چۆن پێـی ناخۆشـە بكرێتـە نـاو ئـاگرەوە وە زۆر لـەو

باوەڕ دارانە خوای گەورە نەفسی خۆیانی بە قوربانی کرد وەکو چۆن خوای گەورە چیرۆکی (أصحاب الاخدود) ی بۆمان باس کردووە

ئەفـــــەرموێت: ﴿ قُتِلَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡأُخۡدُودِ ﴿٤﴾ ٱلنَّارِ ذَاتِ ٱلۡوَقُودِ ﴿٥﴾ إِذۡ هُمۡ عَلَيۡهَا قُعُودٞ ﴿٦﴾ وَهُمۡ عَلَىٰ مَا يَفۡعَلُونَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ شُهُودٞ ﴿٧﴾ وَمَا نَقَمُواْ مِنۡهُمۡ إِلَّآ أَن يُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَمِيدِ ﴿٨﴾ ﴾ (البروج :٤-٨) **واتــــە:** بـە کوشـت چـن خاوەنـانی لەغەمـەکانی ئـاگری بـە سـووتك، دەرەنجـام خـاوەن لەغەمـەکان ئەوانـەی بڕیاری ئەو لەغەمەیان دا نـەفرینکران، ئـەوە بـوو خـوای گـەورە تۆڵـەی لـێ سەندن، کاتێ دانیشتبوون لە سـەر لێـواری لەغمـەکان، کـەیفیان ئـەکرد بـە سـووتاندنی موسـڵمانەکان، وە ئـەوان لــە ســەر ئــەوەی دەیــانکرد بــە بڕوادارەکـان ئامـادەبوون، عـەیبیان لێنـەدۆزی بوونـەوە و هـیچ شـتێکیان پێنـاخۆش نـەبوو لێیـان، ئـەوە نـەبێت کـە باوەڕیـان هێنـابوو بـە خـوای دەسەڵاتداری سوپاسکراو.

بـە ڕاسـتی ئـەوە چـیرۆکێکی زۆر گەورەیـە لـە چـیرۆکەکانی بـاوەڕ، وە قوربانیـەکی پـیرۆزە لـە ڕێگـەی بـاوەڕدا لـە سـەر ئەوانـەی کـە بـاوەڕێکی ڕاسـتگۆیان هەیـە بـە خـوای گـەورە دەرس و ئامۆژگـاری و پەنـد و نمونـە وەربگرن.

## ئەو سوودانەی لەم فەرموودەیەدا وەردەگیرێت :

١- شیرینی باوەڕ: تامێكی دەرونییە ئەو كەسە ئەیچێژێت ئەگەر ئەو ڕەوشتانەی تێدابێت

٢- بەرز ترین ڕەوشتی ئیمانداران ئەوەیە كە بە ڕاستی خوای گەورەیان خۆش ئەوێت

٣- وە خوای گەورەش خۆشیانی ئەوێت و خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ ﴾ (المائدة: ٥٤)

**واتە:** خۆشتانی ئەوێت و ئەوانیش ئەویان خۆشدەوێت، وە ڕەتكردنەوەی ئەو بۆچوونەی كە ئینكاری خۆشەویستی ئەكەن بۆ خوای گەورە.

٤- وە پێویستە پەیوەندی مرۆڤ بە خەڵكی كەوا هەبێت لە سەر بنچینەیەكی ڕاست لە سەر خۆشەویستی خوای گەورە و دڵسۆزی لە پێناویدا.

٥- وە لە سوودەكانی ئەم خۆیەك لاككردنەوە و پاكێتییە، ئەوەیە كە شیرینی ئیمان بچێژێت.

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّٰهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

## نـــــــــــــاوەڕۆك

**بابـــەت** **لاپـــەڕە**

پێشەکی وەرگێڕ........................................ ٣
پێشەکی مامۆستا جمعه علی خورشید........................ ٦
پێشەکی نووسەر.......................................... ٨
کورتە باسێك لە ژیانی زانای پایە بەرز (شێخ ڕبیع)......... ١٠
فەرموودەی یەکەم: بەرنامە و ڕێبازی بانگەوازی کردن بۆ لای خوای گەورە...... ١٦
فەرموودەی دووەم: فەزڵی بیرو باوەڕی بە تاك دانانی خوای گەورە .......... ٢٣
فەرموودەی سێیەم: حەقی خوای گەورە لە سەر بەندەکانی ........... ٢٨
فەرموودەی چوارەم: حەرام بوونی بە پیرۆز زانینی دارو هاوشێوەکانی ........... ٣٢
فەرموودەی پێنجەمو شەشەم: ترسناکی پاڕانەوە لە غەیری خوای گەورە.........٣٧
فەرموودەی حەوتەمو هەشتەم: فەرمان کردن هەمووی بۆ خوایە بە تاكو تەنها.. ٤٤
فەرموودەی نۆیەم: ڕاست گۆیی باوەڕ............................ ٥٠
فەرموودەی دەیەم: دەست گرتن بە قورئانو سوننەت و خەلیفە ڕابەرەکانەوە..... ٥٤
فەرموودەی یازدەیەم: ڕەزامەندی خوا لە سێ شتەو یاخیبوونیشی لە سێ شتە.... ٦٠
فەرموودەی دوانزدەیەم: تێکۆشان لەگەڵ ئەوانەی کە لایانداوە لە ڕێگای پێغەمبەران .. ٦٨
فەرموودەی سیازدەیەم: دین ئامۆژگارییە............................ ٧٤
فەرموودەی چواردەیەم: خۆشەویست ترین کردەوە لای خوای گەورە............. ٧٩
فەرموودەی پازدەیەم: ئایا جیهاد لە پێناو خوای گەورەدا باشترین کردەوە نییە؟..٨٧

فەرموودەی شازدەیەم: شوێنەواری ئەو زانیاری و ڕێنمونیانەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ هێناوێتی لە جۆری خەڵكی........................................ ٩٣
فەرموودەی حەڤدەیەم: ڕاستگۆی و درۆكردن و ئە نجامەكانی ........ ١٠٠
فەرموودەی هەژدەیەم: نیشانەكانی دوو ڕوویی.......................... ١٠٦
فەرموودەی نۆزدەیەم: خۆپاراستن لە تاوانە بە هیلاك بەرەكان.............. ..... ١١٢
فەرموودەی بیستەم: ڕزگاربوونی ئوممەت لە گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ دایە..... ١٢١
فەرموودەی بیست و یەك: گرنگی خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەكەی ﷺ ........ ١٢٦
ناوەڕۆك.................................................................. ١٣٢

**لە بەرهەمی ماڵپەڕی ئاشتی/ كركوك**

www.ashtyk.com

**سەرنج:**

داواکارم لە موسڵمانان، هەر تێبینیەکیان هەیە دەربارەی ئەم نامیلکەیە، پەیوەندی بکەن بەم ناونیشانەی خوارەوە، بۆ ئەوەی ڕەچاوی بکەم و موسوڵمانان زیاتر سوودمەندبن خوای گەورە پاداشتی هەموان بداتەوە.

ئیمێڵ : yahya.setar@yahoo.com

## بانگەوازمان

١- گەڕانەوەیە بۆ قورئانی پیرۆز و سوننەتەكانی پێغەمبەر (صلي الله عليه وسلم) و تێگەیشتن و كاركردن پێیان بەو شێوەیەی كە سەلەفی صالّح لێیان تێگەیشتوون و لە ژیانیاندا ڕەنگی داوەتەوە.

٢- پاك كردنەوەی تەواوی ئەو لایەنانە كە پەیوەستن بە ژیانی موسڵمانان لەسەرجەم دیاردەكانی هاوبەشی (الشرك) و جۆرەكانی و ووریا كردنەوەیان لە ترسناكی بیدعە و تێكڕای ئەو بیرو بۆچوونە پوچانەی كە تێكەڵ بە بیرو هۆشیان بووە هەروەها پاڵاوتن و جیاكردنەوەی سوننەتەكانی پێغەمبەر (صلي الله عليه وسلم) لەو ڕیوایەتە (ضعيف) و هەڵ بەستراو (موضوع)ە بی بنەمایانەی كە ئایینی پاكی ئیسلامیان لەكەدار كردووە و بوونەتە پەرچ لەڕێی پێش كەوتنی موسڵمانان .

٣- پەروەردەكردنی موسڵمانانە لەسەر ئایینە ڕاستەقینەكەیان و بانگ كردنیانە بۆ كار پێكردنی و جوانكردن و ڕازاندنەوە (التحلي) یان بەتەواوی ئەو ڕەوشت و ئاكارە بەرزانەی كە ڕەزامەندی خوایان پێ بەدەست دێ و مایەی بەختەوەری و سەرفرازی دونیاو دوا ڕۆژن .

٤- زیندوو كردنەوەی بیرو هۆشی ڕەسەن و دروستی ئیسلامییە لە ژێر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا لەسەر ڕێ و شوێنی پێشینانی چاكی ئەم ئوممەتە ئیسلامییە لەگەڵ لابردن و بنەبڕ كردنی هەموو جۆرە دەمارگیرییەكی مەزهەبی و حزبی كە بوونەتە مایەی پارچە پارچە كردنی موسڵمانان و دوور خستنەوەیان لەیەكتری و كۆسپ و تەگەرەن لەڕێی ڕەنگ دانەوەی برایەتی ڕەسەنی ئیسلامی.

٥- دانانی چارەسەری ئیسلامیانە بۆ تەواوی ئەو گیرو گرفتە هاوچەرخانەی كە لە ئارادان وەهەوڵدانە بۆ دەستە بەركردنی ژیانێكی ئیسلامیانە لەسەر ڕێبازی ڕەسەنی پێغەمبەر (صلي الله عليه وسلم) و هاوەڵە بەڕێزەكانی .

| | |
|---|---|
| اسم الملف: | اخر مذكرة.docييييييييييييييي.doc |
| الدليل: | C:\Users\yahya\Documents |
| القالب: | C:\Users\yahya\AppData\Roaming\Microsoft\Templates\Normal.dotm |
| العنوان: | الصبربسم الله الرحمن الرحيم |
| الموضوع: | |
| الكاتب: | Abdulla |
| الكلمات الأساسية: | |
| تعليقات: | |
| تاريخ الإنشاء: | ٢٠١٢/٠٧/٠٢ ٠١:١٧:٠٠ م |
| رقم التغيير: | ٢ |
| الحفظ الأخير بتاريخ: | ٢٠١٢/٠٧/٠٢ ٠١:١٧:٠٠ م |
| الحفظ الأخير بقلم: | yahya |
| زمن التحرير الإجمالي: | ١ دقيقة |
| الطباعة الأخيرة: | ٢٠١٢/٠٧/٢٣ ٠٥:٥٢:٠٠ م |
| منذ آخر طباعة كاملة | |
| عدد الصفحات: | ١٣٥ |
| عدد الكلمات: | ٢٠,٦٥٧ (تقريباً) |
| عدد الأحرف: | ١١٧,٧٤٩ (تقريباً) |